# ئاراستەكانی كێشەی كورد لە توركیا



**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

سەبارەت بە كێشەی كورد لە توركیا، هەست دەكەم دوو گوتاری سیاسی جیاواز هەیە، یەكێكیان گوتاری سەرۆك كۆمارو ئەویتریان گوتارەكەی سەرۆك وەزیرانە، هەستیش دەكەم عەسكەرەكانی توركیا لە جیهانێكن و سیاسەتكار و میدیا و سەندیكاكانیش لە جیهانێكی دیكە، راستە لەم دواییەدا سەرۆك ئەركانی سوپای توركیا باشبوغ لە هەڵوێستی عەسكەرەكان دەرچوو، بەڵام هەر زوو لەلایەن سەرۆكایەتی ئەركانەوە قسەكانی راستكرانەوە، كە گوایە مەبەستی باشبوغ لەو قسانە بەو شێوەیە نەبوو كە میدیاكان بڵاویان كردەوە.

عەبدوڵڵا گوێلی سەرۆك كۆمار بەر لەوەی ئەو پۆستە وەرگرێ سەر بە پارتی عەدالەت و پەرەپێدان بوو، ئەو كات وەزیری دەرەوە بوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئۆردۆگان هەڵوێستێكی نەرمتربوو، واتە ئەم هەڵوێستەی گوێل شتێكی تازە نییە و ئەو كاتیش لە ململانێدا بوو لەگەڵ ئەردۆگان بۆ ئەوەی رێگە چارەیەك بۆ كێشەی كورد بدۆزێتەوە و پەیوەندییەكانی توركیا و هەرێمی كوردستانیش سروشتی بكرێن.

**بەر لە هەڵبژاردنی توركیا زۆر قسە لەسەر مافی كورد كرا، بەڵام هەر بە كۆتاهاتنی هەڵبژاردنەكە پشت لەو مافانە كرایەوە**

ئەوكات ئەردۆگانیش تا رادەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونەی گوێل بوو، بەڵام كە جەمیل چیچەك بوو بە جێگری پارتەكە ئیتر ئەو هەڵوێستەی گۆڕی، راستە چەندجار ئەوەی راگەیاندووە كە پێویستە ئەو كێشەیە بێتە چارەسەركردن، بەڵام قەت پابەندی ئەو قسانەی خۆی نەبووە.

لەوانەیە ئەو هەڵوێستەی ئەردۆگان بۆ بوونی جەمیل چیچەك بگەڕێتەوە لە ناو پارتەكەیدا، چیچەك خاوەن هێزێكی گەورەیە لە ناو ئەو پارتە و لەلایەن عەسكەرەكانیشەوە پاڵپشتی دەكرێ، هەروەها لەلایەن پارتە توندڕەوەكانەوە، بۆیە ئەردۆگان حیسابێكی وردی بۆ دەكات و بە هیچ شێوەیەكیش نایەوێ عاجزی بكات.

ئەوەی تێبینی دەكرێ مەودای تێفكرینی گوێل لە ئەردۆگان فراوانترە، من لەگەڵ قسەكەی دەنیز بایكالی سەرۆكی جەهەپە نیم كەدڵێ :(( داواكارییەك لە دەرەوە بۆ گوێل لە ئارادایە كە توركیا بكەوێتە هەوڵی چارەسەركردنی كێشەی كوردەوە، راستە ئەو قسەیە تا رادەیەك دروستە و توركیا لەو هەوڵەیدا دەیەوێ مەرجێكی یەكێتی ئەوروپا جێبەجێ بكات، بەڵام بە باوەڕی من چەند هۆكارێكی تر هەن كەوا لە گوێل دەكەن هەنگاوی وا بهاوێژێ، بەڵام مخابن دەسەڵاتەكەی وەك سەرۆك كۆمار سنووردارە و ناتوانێ بە تەنیا هەموو شتێك بكات.

گوێل بە قەناعەتەوە دەڵێ: پەیڕەوكردنی حەماسەت زۆرجار زیان بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەكانمانی گەیاندووە، ئێستا بەرژەوەندییەكی گەورەی ئابووریمان هەیە (مەبەستی گوێل هەرێمی كوردستانە). ئەو بەرژەوەندییەش تەنیا فرۆشتنی كەلوپەل نییە، بەڵكو سەرچاوەكانی وزە لەوێدایە، بۆیە پێویستە لە هیچ مەسەلەیەكدا حەماسەت پەیڕەو نەكرێت.

ئەوەی جێی دڵخۆشی منە، هەڵوێستی گوێل بوو بەرامبەر بە نانگهێشت كردنی ٥ پەرلەمانتاری كورد بۆ دادگا، لە ساڵی ١٩٨٢ وە ماددەی ٨٣ و ١٤ لە دەستووری توركیادا هەن، كەچی تا ئێستا هیچ پەرلەمانتارێك بانگهێشتی دادگا نەكراوە، بەڵام كاتێ مەسەلە دێتە سەر پەرلەمانتارانی كورد داوا دەكرێت دەستوور پەیڕەو بكرێت.

گوێلی سەرۆك كۆمار چەند رۆژ لەمەوبەر ئاماژەی بەوە كرد كە شتی باش سەبارەت بە كێشەی كورد روودەدات، بەڵام لە كێشەی كوردا لەم چەند رۆژە شتی خراپ روویدا، كە ئەویش بانگهێشت كردنی ٥ پەرلەمانتاری دەتەپە بوو بۆ دادگا.

سەرۆكی پەرلەمان سەبارەت بەو مەسەلەیە و لە لێدوانێكیدا ئەوەی راگەیاند كە بەپێی ئەو دوو ماددەیەی دەستوور ئەگەر ئەو ٥ پەرلەمانتارە بە ئارەزووی خۆیان نەڕۆنە دادگا، ئەوكات پۆلیس بە زۆر دەتوانێ بیانگرێت و بۆ دادگایان بنێرێت، بەداخەوە دیدی سەرۆك وەزیران هەر وەكو ئەو دیدەی سەرۆك پەرلەمان بوو.

گوێل سەبارەت بە كێشەی كورد هەڵوێستێكی روونی هەیە، بەڵام ئەو هەڵوێستەی زۆر ناخوات، چونكە ئەمە

هەڵوێستی سەرۆك كۆمارە و پۆستی سەرۆك كۆماریش بەپێی سیستەمی حوكم لە توركیا تەنفیزی نییە، توركیا وەكو ئۆتۆمبێلێكی بێ شوفێرە بەو دیوار و ئەو دیوارە دەكەوێت و كەسیش نازانێ بەرەو كوێ دەڕوات.

ئەم قسەیە هی من نییە، بەڵكو قسەی ڕۆژنامەنووسێكی توركە كە ناوی یاڵچیی دۆغانە، كە لە نووسینێكیدا دەڵێ: من لە توركیا تێناگەم، هەندێ شت ڕوودەدەن كە مرۆڤ پێیان پێدەكەنێ، بۆ نموونە سەرۆكی ژووری پارێزەرانی دیاربەكر لەبەر ئەوەی ڕۆژمێرێكی بە زمانی كوردی و توركی چاپكردبوو ڕووبەڕووی لێكۆڵینەوە و دادگا بووەوە، بڕیاری لێكۆڵینەوەكەش لەلایەن جەمیل چیچەك وەزیری ئێستای دادی توركیاوە دراوە، ئەو جەمیل چیچەكەی كە بە ئیمزای خۆی فەرمانی كردنەوەی تەلەفزیۆنێكی كوردی دابوو.

بەڕاستی ئەم هەڵوێستەی جەمیل چیچەك جێی سەرسوڕمانە، ئەگینا كردنەوەی تەلەفزیۆنێكی گەورەترە یان ڕۆژژمێرێك كە بەهەردوو زمانی توركی و كوردی چاپكرابێ..؟

ئایا كێشەی كورد لە توركیا بەمجۆرە چارەسەر دەكرێت؟ بەر لە هەڵبژاردنی توركیا زۆر قسە لەسەر مافی كورد كرا، بەڵام هەر بە كۆتاهاتنی هەڵبژاردنەكە پشت لەو مافانە كرایەوە.

لەم ڕۆژانەدا لە ئەنجوومەنی لۆردەكانی بەریتانیا كۆبوونەوەیەك گرێدرا لە ژێر ناونیشانی (دوای هەڵبژاردنی توركیا ئایا شانسێك بۆ چارەسەری كێشەی كورد هاتە ئاراوە؟).

لە كۆبوونەوەكەدا، كاتێ باسی پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ لە توركیا كرا، پارێزەر مارگرێت ئۆوین ئەندامی كۆمسیۆنی مافی مرۆڤ سەر بە ڕێكخراوی پارێزەرانی بەریتانیا گریاو گوتی: منیش دەمەوێت ببمە كورد و بە كوردی قسە بكەم و جامانە بكەمە ملی خۆم.. پرسیار ئەوەیە ئایا بەرپرسانی تورك گوێیان لەو قسەیەی مارگرێت بوو؟ باوەڕناكەم، چونكە ئەگەر گوێیان لێبایە(مەبەستم لێرە توندڕەوەكان نییە، بەڵكو ئەوانەی كە لەگەڵ كێشەی كوردا هاوسۆزن ئەوانیش دەگریان.

بەداخەوە هەركاتێ تروسكە هیوایەك دێتە ئاراوە بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد لە توركیا یەكسەر دارێك دەخرێتە ناو ویلی پایسكلەكە، مەبەستم لێرە قسەكانی سەرۆك ئەركانی توركیایە، كاتێ دانی بە بوونی چەند نەتەوەیەكی دیكە نا لە توركیا كە تورك نین، بەتایبەتی كورد، كە ئەمەیش بەڕای من وەك كودەتایەك بوو بەسەر ئەو هەڵوێستە فەرمییەی كە دان بە غەیری بوونی تورك نانێ، بەتایبەتی كە ئەم قسەیە لەلایەن بەرپرسی یەكەمی عەسكەرەكان كرابێ كە بەدرێژایی بوونی دەوڵەتی توركیای نوێ هەمیشە دژە هەڵوێستی هەبووە بەرامبەر بە هەر مافێكی كورد.

بەڵام بەداخەوە بەرامبەر ئەو كودەتایە، كودەتایەكی دیكە ئەنجامدرا كە یەكەمجار لەلایەن خودی باشبوغەوە بوو، كاتێ سەرۆكایەتی ئەركانە بەیاننامەی ڕوونكردنەوەی دەركرد بۆ ڕاڤەكردنی ئەو قسانەی باشبوغ و وا لێكدرایەوە كە مەبەستی ئەو گەلی تورك بوو، نەك گەلی توركیا، لە ڕوونكردنەوەكەدا وا ڕاگەیانرا كە باشبووغ دەربارەی پێناسەی توركیا قسەی نەكردووە، بەڵكو هەر كەسێك بەشداری لە دامەزراندنی توركیای كردبێ و تیایدا ژیابێ پێی دەگوترێ تورك نەك شتێكی تر، كودەتایی دووەم ئەو كاتە ئەنجامدرا كە ئاهەنگەكە كۆتایی پێ هات، هێزەكانی ئاسایش هەڵیانكوتایە سەر ئەندامانی دەتەپە و دەستگیریان كردن و ئەو دەستگیركردنەش پاش ڕووداوێكی دیكەی گرنگ هات كە ئەویش سەردانەكەی ئۆباما بوو بۆ توركیا، كە تیایدا داوای كردبوو مافی ڕۆشنبیری بدرێتە كورد و كێشەكەیان بێتە چارەسەركردن، ئەو دەستگیركردنانە چەند پرسیارێك دەوروژێنێ كە ئایا دەسەڵاتی توركیا (عەسكەری و مەدەنی) فیعلەن دەیانەوێ چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ كێشەی كورد؟

لە ساڵی ٢٠٠٥ هەلێك هاتە ئاراوە، ئەردۆگانیش بەڵێنی دا كە بەشێوەیەكی ئاشتیانە چارەسەری ئەو كێشەیە دەكات، بەڵام كارەكە لەو ڕادەیە وەستا، هەتا كردنەوەی تەلەفزیۆنێكی كوردی نەیتوانی باوەڕ بە دەتەپە بێنێ كە حكومەت نیازی چارەسەركردنی ئەو كێشەیەی هەیە، بەڕاستی شتێكی سەیرە كە توركیا بتوانێ لە سیاسەتی دەرەوەیدا سەركەتن وەدەست بێنێ، كەچی لە سیاسەتی ناوەوەیدا نەتوانی گیروگرفتە ناوخۆییەكانی چارەسەربكات لە سەروویانەوە كێشەی كورد.

ئەردۆگان نابێ ئەوە لە بیرخۆی بەرێت كە لەو كاتەی وازی لە سیاسەتی چاكسازی هێناوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ كێشە ناوخۆییەكانی توركیا زیادیان كردووە و جەماوەرییەكەی خۆی و پارتەكەشی لەدەستداوە.

بە كورتی كێشەی كورد كلیلی چارەسەری هەموو كێشەكانی توركیایە و تاكو ئەم كێشەیە چارەسەرنەكرێت هیچ كێشەیەكی توركیا چارەسەرنابێت.

من دەزانم كارەكە ئەستەمە، بەڵام لێرەدا گرنگ ئەوەیە كە سەركردەیەكی سیاسی خۆی بداتە پێش و ئەم مەسەلەیە چارەسەربكات، ئەوەش تەنیا بە سەرۆك كۆمار نایەتە چارەسەركردن، بەڵكو لەلایەن خودی سەرۆك وزیرانەوە كە پێگەیەكی تەنفیزی هەیە، بەمەرجێ سوپا و میدیاكانیش پشتگیری لێ بكەن، هەق نییە پاشەكشەی ئەردۆگان لە ناوچە كوردییەكاندا ببێتە هۆی ساردبوونەوەی لە چارەسەركردنی كێشەیەكی وادا و لە هەمووی گرنگتریش ئەوەیە كە ئەردۆگان توركیا نەكاتە لایەن لە هەر مانۆڕێكی ئەقلیمی دژ بە كورد، چونكە ئەمە زیانی لە قازانجی زیاترە.

**شتێكی سەیرە كە توركیا بتوانێ لە سیاسەتی دەرەوەیدا سەركەتن وەدەست بێنێ، كەچی لە سیاسەتی ناوەوەیدا نەتوانی گیروگرفتە ناوخۆییەكانی چارەسەربكات لە سەروویانەوە كێشەی كورد**




نێچیرڤان بارزانی بەدەنگی بەرز رایدەگەیەنێت، دەبێت کوردستانییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا حکومڕانی بکرێن، نەک بەپێی ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسییەکان و سیاسەتمەدارەکان

# سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری کلیلی پێـ

# هەر حکومەتێک ئامانجی سەروەری یاسا بێت بڕوای



کاتێك نێچیرڤان بارزانی تەلاری ئەنجوومەنی دادوەری لە پایتەختی کوردستان کردەوە و رایگەیاند لەمڕۆوە ئەنجوومەنی دادوەری ستوونی سێهەمی دەسەڵات دەبێت، هاوشانی حکومەت وپەرلەمان و دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دەبێت بۆ پیادەکردنی سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان لە هەردوو بواری گشتی و کەرتی تایبەت، ئەو گوتە بەناوبانگەی سەرکردەی رزگاریخوازی ئەمریکا و سەرۆکی دووەمی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای بیرهێنیانەوە کە زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش کردوویەتی ودەڵێت: ئەمریکا ئەو نەتەوەیە یاسا حکومرانی دەکات نەك پیاوە سیاسییەکان)، ئەم گوتەیەی جۆن ئادەمز کە لەماوەی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە سیاسەتمەدارانی ئەمریکاو جیهان دووبارەی دەکەنەوە، ئاماژەیە بۆ بە هێزی چەمکی



# ...ادەکردنی سەروەری یاسایە

# بە ئایندەی ئازادی نەتەوەکەیتی

حکومی قانوون، ئاماژەیە بۆ جوانی ئازادی و مافی موڵکایەتی تایبەتی و، کەسێتی تاك لەناو سەروەری یاسادا، بەڵام یاسایەك وەك نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی پێکرد: (هەوڵمانداوە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان زەمینەی لەبار بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەری بڕەخسێنین، ئەو پێوەرانەی لەپێناوی خزمەتی مافی مرۆڤایەتی و پاراستنی مافی تاك و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری داڕێژراوە، ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی ئەو پێوەرانە دەبین، دامەزراندنی سیستەمی دادوەری و دادگایەکی عادیلانە، ئەو جۆرە سیستەمە دەخوازێت، کە هیچ کەسێك بێ بڕیاری دادوەر و بوونی بەڵگەنامەی یاسایی لەم هەرێمە دەستگیر نەکرێت)، ئەم ئاماژەیەی نێچیرڤان بارزانی ئەوەمان پێدەڵێت، دەبێت یاسایەك سەروەر بێت، هاودژی لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ دروست نەکات، یاسایەك دەربڕی ئیرادەی تاکەکان بێت و پارێزگاری لە ئازادی و مافی موڵکایەتی بکات، واتە ئەرکی ڕێکخستەوەی کەرتی تایبەت و هەلی کار لە بەردەم هەر تاکێکدا بەپێی یاسا یەکسان دەکات، واتە کرێکار دەزانێت مافی خۆی بەپێی یاسا چییە و خاوەن کار دەزانێت بەپێی یاسا مافی خۆی چییە، ئەمانە هەمووی پێمان دەڵێن:

١- نێچیرڤان بارزانی بەدەنگی بەرز رایدەگەیەنێت، دەبێت کوردستانییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا حکومڕانی بکرێن، نەك بەپێی ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسییەکان و سیاسەتمەدارەکان.

٢- پێمان دەڵێت، یاسا چاودێری پرۆسەی دیموکراتی و هەڵبژاردنە و یاسا بێ لایەن و بێ نیازە لە هەر لایەنێکی سیاسیی، ئەو چەترەیە کە هاوڵاتیان بە ئازادی و بەئیرادەی خۆیان نوێنەری خۆیان دەستنیشان دەکەن و یاسا ڕێز لە ئیرادەی هاووڵاتیان دەگرێت، بۆیە دەبێت هەموومان ڕێز لە یاسا بگرین و ڕێز لەوانەش بگرین کە ئەرکی ڕاپەراندنی دادەوری و جێبەجێکردنی یاساکانیان پێ سپێردراوە.

٣- پێمان دەڵێت، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە گەشەپێدان و بونیادنانەوە گرنگترە، ئەمە مانای ئەوەیە چۆن جوانی ئازادی لە ناو سەروەریی یاسادا نەبێت دەرناکەوێت، جوانی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوەش، ئەو کاتە تاکەکان بە هی خۆیانی دەزانن و توانا شاراوەکانیان بۆ بونیادنانەوە دەتەقێتەوە کە تاکەکان هەست بکەن یاسایەك هەیە پارێزەری مافی هەموانە و ئەوەی لەم وڵاتە بژی لەبەردەم ئەو یاسایە یەکسان دەبێت.

٤- پێمان دەڵێت، ئێمە پشتگیری دەسەڵاتێك دەکەین، لە سەرمایەداری مشەخۆر و سیاسەتمەداری نابەرپرس بێ نیاز بێت، دەسەڵاتی سەربەخۆیی دادوەری لە سیاسەتمەدار و سەرمایەداران بێ نیازە و کار بۆ رازیکردنی هیچ کام لەو دوولایەنە

**ئێمە پشتگیری دەسەڵاتێک دەکەین، لە سەرمایەداری مشەخۆر و سیاسەتمەداری نابەرپرس بێ نیاز بێت، دەسەڵاتی سەربەخۆیی دادوەری لە سیاسەتمەدار و سەرمایەداران بێ نیازە و کار بۆ رازیکردنی هیچ کام لەو دوولایەنە ناکات**



**گرنگترین خاڵ که له وڵاتانی جیهانی سێهەم و تازەپێگەیشتوو، لەلایەن حکومەتەکانەوە وەک ئاستەنگ بۆ دروستکردن بۆ سیستەمی دادوەری دروستدەکرێت، ئەوەیە، ئەو حکومەتانە وەک حکومەتەکانی ئەمریکای لاتینی، بەشی زۆری حکومەتەکانی ئەفریقیا، پاکستان، چیک، تورکیا، روسیا، جورجیا، بیابانی رۆژئاوا، هەموویان بودجەیەکی کەم بۆ ئەم دەسەڵاتە گرنگە دیاری دەکەن**

ناکات، بۆیە دەبێت ئەو دەسەڵاتە وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ هەبێت و دەبێت هەمووشمان پشتگیری لێ بکەین.

٥- پێمان دەڵێت، لەبەرئەوەی بڕوامان بە ئازادی و دیموکراسی هەیە دەبێت راستگۆ بین بەرامبەر ئەو مەسەلانەی باسی دەکەین، ئەمەش واتە دەبێت بوێرانە رەخنە بگرین (بەڵام رەخنەی راستگۆیانە بۆ چارەسەرکردن و زیاتر چەسپاندنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەروەریی یاسا)، ئەمە پێمان دەڵێن بوێرانە ئەو خاڵانە دەستنیشان بکەین کە تائێستا ئاستەنگ وکەموکوڕین بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادەوەری، راستە بەرەو پێشەوە چوون لەبواری یاسا لە کوردستان بەدیهاتووە، بەڵام، دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە سیستەمی دادوەری و دادگاکانمان لە کاریگەری هێزە سیاسیە سەرەکیەکانمان بە دوور نین، شاردنەوەی راستیەکان کێشەکان چارەسەر ناکات، کەواتە سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەیەوێت کێشەکانی بەردەم سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەروەریی یاسا لە کوردستان چارەسەر بکات، بەڵام پێویستی بەهاوکاری جیددی هەموو هاووڵاتیان و دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لەسەروو هەموشیانەوە پێویستی بە میدیایە بۆ ئەوەی لەم پرۆسە گرنگە هاوکاری بکات، هەربۆیە لەم خاڵەدا ئامانجی هەموو کۆمەڵگە بەگشتی و میدیای ئازاد و بەرپرس و بوێرەکان لەگەڵ پەیامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکدەگرێتەوە و ئەرکێکی هاوبەش لە بازنەی پاراستنی ماف و ئازادیەکان دەخاتە سەرشانی هەموومان، ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو و جیهانی سێهەمدا، سەرۆکی حکومەت لە بازنەی میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تەواوی هاووڵاتیان کۆدەکاتەوە و پێکەوە لە پێناوی ئامانجی پیادەکردنی سەروەری یاسا لە دەوری ئامانجێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، کە ئەویش پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی یەکسانی هەمووانە لەبەردەم سەروەری یاسادا.

٦- سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئاماژەی بە خاڵێکی گرنگ کرد، کە زۆر لە پسپۆرانی یاسا سەبارەت بە ئامانجی حکومەت لەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لێی بەگومانن، ئەویش دابینکردنی بودجەی پێویستە بۆ دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئەوەی بە ڕێکوپێکی کارەکانیان بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبەرن، پرۆفیسۆر سۆزان ئەکیرمان ئوستادی یاسا و ئەندامی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێو دەوڵەتی و لە راپۆرتی ڕێکخراوی ناوبراودا لەسەر گەندەڵی لە سیستەمی داوەری، گرنگترین خاڵ کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و تازەپێگەیشتوو، لەلایەن حکومەتەکانەوە وەك ئاستەنگ دروستکردن بۆ سیستەمی دادوەری دروستدەکرێت، ئەوەیە، ئەو حکومەتانە وەك حکومەتەکانی ئەمریکای لاتینی، بەشی زۆری حکومەتەکانی ئەفریقیا، پاکستان، چیك، تورکیا، روسیا، جورجیا، بیابانی رۆژئاوا، هەموویان بودجەیەکی کەم بۆ ئەم دەسەڵاتە گرنگە دیاری دەکەن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەیە دادوەرەکان مووچەی باشیان نەبێت و پارەی پێویستیان لەبەردەستدا نەبێت، بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ ئەوەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی وەك ئەو دەوڵەتانە ئاماژەی پێکردبێت، بەبێ ئەوەی بانکی نێودەوڵەتی ئاگاداری کردبێتەوە، وەك ئەندەنوسیای ئاگادار کردەوە، لەگەڵ بڕیاردانی بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری لەدەسەڵاتی حکومەت، دابینکردنی بودجەی پێویستە، وەك بودجەی پەرلەمان و بودجەی حکومەت، بۆ ئەوەی وەك ئەوان دەسەڵاتەکانی خۆی هەڵبسوڕێنێت و سەرپەرشتی دادگاکان و جێبەجێکردنی یاساکان بکات، ئەکیرمان هەموو حکومەتەکان بە یەك چاو سەیر ناکات، بەڵکو ئاماژەش بە سەرۆك حکومەتەکانی هاوشێوەی نێچیرڤان بارزانی



دەكات و دەڵێت: (هەندێك سەركردەی نیشتمانی ئامانجیان بونیادنانەوەی وڵاتەكانیانە، ئامانجیان لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەروەریی یاسا ئەوەیە، كە بە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و پیادەكردنی سەروەریی یاسا، سەرنجی زیاتری وەبەرهێنی دەرەكی رابكێشن و سەرمایەدار و كۆمپانیا بیانیەكان دڵنیا بكەنەوە بۆ ئەوەی بێنە وڵاتەكەی و وڵاتەكەی بە زوویی ببوژێتەوە) ئەوەی خاتوو سوزان ئەكیرمان بەو چەند دێرە لە باسەكەیدا ئاماژەی پێكردووە، لە كەسێتی و رەفتاری نێچیرڤان بارزانیدا بە راشكاوی دەبینرێت، ئەكیرمان ئەم جۆرە سەركردانە وا پێناسە دەكات، كە سەروەری یاسا هیچ هاودژیەك لەگەڵ ئامانجی حكومەت و شەخسی سەرۆكی حكومەت دروست ناكات، سەرۆكی حكومەت لەوە ناسڵەمێتەوە سبەینێ لەبەردەم ئەو دەسەڵاتە و دادگاكانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكرێت، ئەم حاڵەتە پێماندەڵێت، ئەم خاڵە وردانەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادەوری و بڕوابوونی بەوەی پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێكردنی سەروەری یاسا بەهێز بێت، بۆ ئەوەی یاسا حكومڕانی كوردستانییەكان بكات، جیاوازە لەبیركردنەوەی هەموو سەركردە رۆژهەڵاتییەكان كە هەندێك لەو دەوڵەتانە وەك توركیا و پاكستان هەریەكەیان ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە هاوپەیمانی رۆژئاوان و یەكەمیان ئەندامی ناتۆیە و كاندیدی یەكێتی ئەورپایە ودووەمیشیان ئەندامی دەوڵەتانی كۆمۆنیوڵسە، بەڵام هەموومان كێشەی سیستەمی دادوەری توركیامان لەبەرچاوە، كە چۆن یاساكانی لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ هاودژی دروست دەكەن، هەندێك یاسای توركیاش هەتا ئێستا تابوون كە لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ رێكبخرێنەوە، هەروەها كێشەی دەركردنی دادوەرەكانی سیستەمی دادوەری پاكستانیشمان بینی، تەنانەت لە سیستەمی دادوەری ئیسرائیلیش دەیان یاسای هەیە دژی هاووڵاتیانی فەڵەستینی كە لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ یەكناگرێتەوە، مەغریب و تونسیش، كە ئەو دوو دەوڵەتەن ئەمریكا و رۆژئاوا، وەك دوو دەوڵەتی نموونەیی لە جیهانی عەرەبدا سەیری دەكەن، بەڵام چەندین یاسایان هەیە بنەماكانی مافی مرۆڤ پێشێل دەكات و ئامادەباشیش پیشان نادەن ئەو پێشێلكاریانە راست بكەنەوە، بەڵام ئەوەی لە گوتاری نیچیرڤان بارزانی وەك جیاوازیەك لە گوتاری سەركردەكانی رۆژهەڵات بەجیهانی عەرەبی و ئیسلامی و تەنانەت بەشێكی زۆری سەرۆك حكومەتەكانی رۆژهەڵاتی ئاسیا ئەوەیە، خۆی داوای ئەوە دەكات دەبێت سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ و پێوەرە نێودەوڵەتییەكان یەكبگرێتەوە، ئەم هەنگاوە تەواو لەگەڵ پێناسەی بیرمەندی جیهانی فردریك باتیسا بۆ یاسا یەكدەگرێتەوە كە دەڵێت: (ئەگەر وڵاتێك لەسەر بنەمای حوكمی قانوون دابمەزرێت، ئەوا پێڕەو كردنی یاسا، لە هزر و كرداریشدا باڵ بەسەر گەلەكەیدا دەكێشێت، ئەو حكومەتەش دەتوانێت، سادەترین و ساناترین سنووری ئابووری و موڵكایەتی و ئازادی و دادپەروەری بۆ هاووڵاتیانی دابین بكات) كەواتە كاتێك سەرۆكی حكومەتی كوردستان رایدەگەیەنێت دەبێت لەوڵاتە یاسا حوكم بكات و یاسا سەروەر بێت و كەس لە سەروو یاساوە نەبێت، واتە داوا دەكات پابەندبوون و رێزگرتنی یاسا و ئەوانەشی ئەو یاسایە هەڵدەسوڕێنن، ببێتە بەشێك لە هزر و رەفتاری هەر تاكێكی ئەم كوردستانە و تاكی كوردستانی ئازادی خۆی لە سەروەری یاسادا ببینێتەوە. ئەمە بەدەق هاومانای گوتەی ئەو بیرمەندەیە كاتێك نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: (پێویستە یاسا سەروەر بێت و هەموومان بە تەواوەتی پابەندی مادده دەستووری و دەقە یاساییەكان بین، نابێ هیچ كەسێك، خۆی لەسەرووی یاساو دەسەڵاتی دادوەری ببینێ لەم وڵاتەدا)

**سەروەری یاسا هیچ هاودژیەک لەگەڵ ئامانجی حکومەت و شەخسی سەرۆکی حکومەت دروست ناکات، سەرۆکی حکومەت لەوە ناسڵەمێتەوە سبەینێ لەبەردەم ئەو دەسەڵاتە و دادگاکانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت**

## سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە لەسەر بنەمای دادپەروەری

دەبێت راشکاوانە دان بەو راستیەدا بنێین، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بنەمای هەر کۆمەڵگەیەکـی ئازادە، ئازادیش بە مانـا یۆنانیەکـە بەکارناهێنین کە تەنها بریتـی بێت لـەوەی هاوولاتـی ئازادە لەبەرئـەوەی وڵاتەکەی لەژێردەسـتی داگیرکارێکـی بیانیـدا نییـە، ئەگەر بەم لۆژیکە پێناسـەی ئـازادی بکەین، کەواتە ئێسـتا هاووڵاتیانی کوبا لە ژێر دەسـەڵاتی فیدڵ کاسترۆ و هاووڵاتیانی فەنزیولا لەژێر دەسـەڵاتی هۆگۆ شافێز ئازادن، بەڵام هاووڵاتیانی کوبا لەسـەر ئازادی رادەبرین رووبەرووی توندترین سزا دەبنەوە، تـاك وەك خود بەندەی دەوڵەتەو مافی موڵکایەتیشی بە موڵکی دەوڵەت حساب دەکرێت، ئەمە پێمان دەڵێت، مافە سیاسیی و مەدەنیەکانی ئەو هاووڵاتیانە لەژێر مەترسی پێشێلکاریدان، یاساکان لە دەرەوەی ئیـرادەی تاك و بۆ بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیەت یان بەرژەوەندی شەخسـی کاسـترۆ و شـافێز دارێژراون، بۆیە ئەو یاسایەی لەو دوو وڵاتە جێبەجێ دەکرێن، پێناسـەی مرۆڤی ئازاد لە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە دەسـەنێتەوە، کەواتە ئازادی بەو مانایەی لە وڵاتانە بە کاردەهێنرێت، بێجگـە لـە گێڕانـەوەی کۆمەڵگە بۆ سـەرەتاکانی کۆمەڵگەی سروشـتی و پێشێلکردنی ئازادی رادەبڕین و زەوتکردنی مافی موڵکداریەتی تاك و پێشێلکردنی کەسێتی تاك، چاوەڕێی ئاکامێکی دیکەی لێ ناکرێت، لەم حاڵەتـەدا هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە، یان دەبێت، وەك هاووڵاتیانی کۆمارەکانی یەکێتی سـۆڤیەتی پێشان و دەوڵەتانـی ناوەڕاسـت و رۆژهەڵاتی ئەوروپا، چاوەڕێی هەلێك بکەن کە تێیدا رق وکینـەی پەنگخواردوویان بەجۆرێك بتەقێنـەوە، کە ببێتە شـەڕی هەمووان لەگەڵ دەوڵەت، یان دەبێت ملکەچی ئەو سـەرکوتکاریە بن کە دەوڵەت بەسەریاندا پیادەی دەکات.

ئەم حاڵەتانە لای بیرمەندان و پسپۆرانی یاسا رەچاوکرا و مەترسی ئەم هەڕەشەیە لەبەرچاوگیراوە بۆیە سنوور بۆ دارشتنی یاساکان دابنێن و لە دارشتنی یاساکاندا پێڕەوکردن یان لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پێـوەرە نێودەوڵەتیەکان کراون بە مەرجی پێشوەختە بۆ رێزگرتنی یاسـاکان، هەربۆیـە ئەگەر یاسـایەك رەچاوی بنەماکانـی مافەکانی مرۆڤ و پێـوەرە نێودەوڵەتیەکانی تێدا نەکرابێت، ئـەوا بیرمەندان رێزگرتنی ئەو یاسـایە بـە پێویسـت نازانـن و بەدەنگی بەرز مرۆڤایەتی لێ هۆشیار دەکەنەوە، ئەو یاسایانە شایستەی ئەوە نین رێزیان لێ بگرێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەو یاسایانە دەربڕی ئیرادەی سەپێنراوی دیکتاتۆرەکانە و رێزگرتن لەو یاسایانە دەبێتـە رێزگرتن لە ئیرادەی دیکتاتۆر و دەسـەڵاتێك کە لەسەروو ئیرادەی گەلەوە خـۆی سەپاندووە.دەسـەڵاتی دادوەریش دەبێتە پاشـکۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و سـەربەخۆیی نییە، هەتا پارێزگاری لەسەربەخۆیەکەی بکرێت.



کەواتە لەم راسـتەوە ئێمە باسـی ئەو دەسـەڵاتە سـەربەخۆیەی سیسـتەمی دادەوری دەکەین، کـە سـەرۆکی حکومەتی کوردسـتان بە بنەماکانی مافـی مرۆڤ و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانـەوە گرێیدەداتـەوە، ئەمەش واتە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، دەسەڵاتی هەرە سـەرەکی دەبێتە جێبەجێکردنی ئەو یاسـایانەی کە موڵکایەتی و کەسـێتی خودی تاك و ئازادیەکانمان بۆ دەپارێزێت و رێکیاندەخات، ئەمانەش پێکەوە بنەمای ئـەو کۆمەڵگە ئـازادەن کە تـاك مافەکانـی لەبەرامبەر ئەرکەکانی هاوسـەنگن و هەمـوو لەبەردەمی یاسادا یەکسانن، ئەم یەکسـانیە بە تەنها بۆ مافە سیاسـییەکان نین، بەڵکو تەواوی مافە مەدەنیەکانیش دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی مافەکانی مـرۆڤ لە جاڕنامەی گەردوونـی مافەکانـی مرۆڤدا، هەموو مافە سیاسـی و مەدەنییەکان دەگرێتـەوە، هەتا رێـزی مافە مەدەنی و سیاسـییەکان پێکەوە گـرێ نەدەینەوە ناتوانین بڵێین لە کۆمەڵگەیەکدا ئازادی هەیە، لە کۆمەڵگەیەکیشدا مافە مەدەنی و سیاسـییەکان، بەیاسا پارێزراو بن، ئەوا لـەو کۆمەڵگایەدا، ئەرکی سەرشـانی هەرتاکێك دەبێت، رێز لە سـەروەریی یاسا و هەڵسوڕێنەرانی دەسـەڵاتی دادوەری بگرێت، بۆئـەوەی لەوەش تێبگەین چۆن رێز لە یاساکان بگرین، ئاماژە بەم خاڵانە دەکەین:

١- سەربەخۆیی دادوەری گەرەنتییە، بۆ

دەبێت راشکاوانە دان بەو راستیەدا بنێین، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بنەمای هەر کۆمەڵگەیەکی ئازادە



ئەوەی دادوەر بە پێی ئەو یاسایەی کاری پێدەکات هەموو توانای خۆی بخاتەگەڕ لەسەر بنەمای راستیەکانی کێشەیەکی دیاریکراو بڕیار بدات، بەبێ ئەوەی کاریگەری هیچ لایەنێکی بەسەرەوە بێت.

٢- دەبێت ناوەڕۆکی یاساکان بۆ هەموو لایەك ئاشکرابن.

٣- دەبێت مانای یاساکان ئاڵۆز نەبن و بە ئاسانی لێی تێبگەین.

٤- دەبێت لەسەر هەمووان بەیەکسانی جێبەجێ بکرێت.

٥- نابێت لەپێش هەر لایەك حکومەت دەست لە کاروباری دادگاکان وەربدات، بۆئەوەی زەمینە خۆش نەبێت لایەنە سیاسییەکانیش دەستێوەردان بکەن.

## سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە قۆناخی راگوزاری و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا

زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە دوای شەڕ یان رووخانی دیکتاتۆریەتەوە بەرەو دیموکراتی و وەرچەرخان لەسیستەمی ئابوری دەوڵەتەوە بەرەو ئابووری ئازاد هەنگاو هەڵدەگرن، بۆ ئەوەی بتوانن بونیادی سیستەمێکی سەقامگیر بنێن، بۆ سەرکەوتن لەم دوو وەرچەرخانە گرنگە، هێندەی پێویستیان بە پیادەکردنی سەروەری یاسا هەیە، هێندە پێویستیان بە هاریکاری نێودەوڵەتی نییە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی بیرۆکراسیەتی گەیاندنی هاریکاریە نێودەوڵەتییەکان و نەبوونی سەروەری یاسا لەو وڵاتە بۆ بەگەڕخستنی ئەو هاریکاریانە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ گەندەڵییەك کە سەراپای کۆمەڵگە دەگرێتەوە، بێگومان ئەم حاڵەتە لە کوردستان بە تایبەتی لەو باردۆخانەی کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، ماوەیەك دەسەڵاتی دادوەری و سەروەری یاسای رووبەڕووی دابەشبوون و ئیفلیجبوون کردەوە، بینیمان چۆن هاریکاریە نێودەوڵەتییەکان بەگشتی و بیرۆکراسیەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەتایبەتی لە چوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦ی نێودەوڵەتی، چۆن بوونە سەرەتای دروستبوونی گەندەڵی لە کوردستاندا، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکە و ریشە هەڵکێشانی دیاردەی گەندەڵی، ئەوا پێویست دەبێت، لەسەرەتاوە لەو خاڵەوە دەست پێبکەین، کە خۆی دووچاری گەندەڵی بووە، مەبەستیش لە گەندەڵی دەسەڵاتی دادوەریش، ئەوە نیە، کە ئەم دەسەڵاتە راستەوخۆ لە گەندەڵیەوە تێوە گلاوە، بەڵکو جێبەجێ نەکردنی یاساکان و دەستێوەردانی لایەنە سیاسیەکان، ئەم دامەزراوەیان رووبەڕووی گەندەڵی کردۆتەوە، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە هاووڵاتیان لێی هۆشیاربن ئەوەیە، کە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و پیادەکردنی سەروەری یاسا لەسەر راسپاردەی دەرکی دەرەنجامێکی باش نادات بەدەستەوە، زۆر دەوڵەت لەژێر گوشاری نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی ناچارکراون بەم ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرن، بەڵام لەبەرئەوەی خودی بەرپرسانی حکومەتی ئەو وڵات، بەرژەوەندییان لەگەڵ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و پیادەکردنی سەروەری یاسا یەکناگرێتەوە، دەبینین ئاکامێکی باش بەدەست ناهێنێت، بۆیە گرنگە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و پیادەکردنی سەروەری یاسا ئامانجی حکومەت بێت، سەروەریی یاسا لەگەڵ بەرنامەی حکومەت هاودژی دروست نەکات، بەڵام لەمەشدا پێویستە بەو راستیە هۆشیاربین، بڕیاردان بۆ ئەم پرسە گرنگە گۆچانێکی سحری نییە لەگەڵ راگەیاندنیدا هەموو کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵکو پێویستی بەو راستگۆیی و بوێرییە هەیە کە سەرۆکی حکومەتی کوردستان راشکاوانە ئاماژەی پێدەکات، دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین، کە سیستەمی دادوەری ئێمە کەموکورتی تێدایە و دەبێت بوێرانە ئەو ئاستەنگ وکەموکوڕیانە دەستنیشان بکەین، کە هەتا ئێستا رێگرن بۆ سەربەخۆیی ئەم دامەزراوە گرنگەی کە ستوونی سێهەمی دەسەڵات هاوشان لەگەڵ پەرلەمان وحکومەت پێکدەهێنێت، بەئاراستەیەك کاردەکات، کە هەوڵ بۆ رازیکردنی سیاسەتمەدار و گروپەکانی بەرژەوەندی و سەرمایەدار و وەبەرهێنەکان ناکات، بەڵکو لەبەردەمی یاسا یەکسانیان دەکات، ئەوەی پێشتر بە جیاوازی و تەفزیلکردن بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە سەپاندویانە، ئەم دەسەڵاتە سەربەخۆیە بە یاسا یەکسانیان دەکاتەوە.

**سەربەخۆیی دادوەری گەرەنتییە، بۆ ئەوەی دادوەر بە پێی ئەو یاسایەی کاری پێدەکات هەموو توانای خۆی بخاتەگەڕ لەسەر بنەمای راستیەکانی کێشەیەکی دیاریکراو بڕیار بدات، بەبێ ئەوەی کاریگەری هیچ لایەنێکی بەسەرەوە بێت**

فردریک مایەر بۆ گوڵانک

# سەروەریی یاسا هۆکارێکە بۆ هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و بونیادنانەوەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو

**حکومڕانێتی زانست و هونەرە و بە دڵنیاییەوە هەندێ شت هەیە دەکرێت فێری بین، بۆ نموونە ئێمە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئەو دەرسە فێربووین، کە پێویستمان بە بوونی متمانە و سەرکردایەتی هەیە**

*** هەموو ســەرکردەیك ناتوانێت خاوەنی شـێوازێکی باشــی حکومڕانێتی بێت، ئایا چۆن دەتوانیــن حکومڕانێتی باش بەدەســتبهێنین، ئایا دەکرێــت بڵێین بە چەشنی هونەری سیاسەت حکومڕانیش پێویستی بەتوانا هەیە؟**

- ئــەوە پرســیارێکی گەورەیە، دەکرێت بڵێین حکومڕانێتی زانســت و هونەرە و بە دڵنیاییەوە هەندێ شــت هەیە دەکرێت فێری بیــن، بۆ نموونە ئێمــە لە وڵاتە یەکگرتوەکانــی ئەمەریکا ئەو دەرســە فێربووین، کە پێویستمان بە بوونی متمانە و سەرکردایەتی هەیە. ئەگەرچی هەندێ لایەنی دیکە پتر پەیوەستن بە کەسایەتی سەکردەکەوە.

*** ئایا خەسڵەتەکانی حکومڕانێتی باش چین؟**

- خەسڵەتەکان زۆرن، بەڵام ئەوەی دەکرێت ئامــاژەی پێبکەین، ئەوەیە کە گوێ بۆ داواکاری و داخــوازی خەڵك بگرێت و ڕێز لــە بەرژەوەندیەکانیان بگرێت، واتە حکومەتێکی دیموکرات بێت و لە ئاستی بەرپرسارێتیدا بێت، هەروەها کاروبارەکان لەسەر بنەمای زانیاری و بەرچاوڕوونی بەڕێوەببات، بە تایبەتی لە سەر ئاستی سیاســەتی دەرەوە، بە هەمان شێوە دەبێت ئەو کەسە بە ئەزمون و شارەزایانە کاری تێدابکەن کە توانای شیکردنەوی سروشتی کێشــەکانیان هەبێت و بیرکردنەوەیەکی ڕوونیان هەبێت لە بارەی ئەو دەرئەنجام و ئاکامانەی لێیان دەکەوێتەوە.

*** ئایا دەتوانین بڵێین ئاسایش و ئارامی پێویستن بۆ ئەوەی حکومەت سەرکەوتوو بێت و دەست بەگەشەپێدان بکات، ئێوە لەم ڕووەوە ڕاتان چییە، ئایا بوونی ئاسایش و ئارامی تا چەند پێوست و گرنگن بۆ گەشەپێدان؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، لە ڕاستیدا



**پرۆفیسۆر فریدریك مایەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی هارڤارد وتۆژەرە لەئامۆژگای ستانفۆرد بۆ سیاسەتی گشتی، پسپۆر و تایبەتمەندە لەکاروباری حکومەت و حکومڕانی و سەروەری یاسا و هەروەها یەکێکە لە شرۆڤەگەرە دیارەکانی ئەمریکا بۆ بەدواچوونی بنەماکانی حکومڕانی باش، کاریگەری سەروەری یاسا لەسەر بەرەوپێشوە چوونی کۆمەڵگە، پرۆفیسۆر مایەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

جۆرێك لە کارلێکردن هەیە لە نێوان توانای حکومــەت و واقیعی کۆمەڵگەکەدا، بۆ نموونە بوونی ســەقامگیری و جێگیری یارمەتــی حکومــەت دەدات بۆ ئەوەی باشتر کارەکان ئەدابکات، لە هەمان کاتدا بوونی حکومەتێکی بە توانا دەبێتەهۆی باشترکردنی دۆخی ئاسایش.

*** ئایا تا چەند وڵاتە تازەگەشەکردوەکانی ڕۆژهەڵات سامانی نیشتمانی بە پاساوی پاراســتنی ئاسایش ئیســتیغلال دەکەن تاوەکو ببنە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری؟**

- لە ڕاســتیدا ئەو وڵاتانــەی خاوەنی سەرچاوەی سروشتی گەورەن، دووچاری دژواری بوونەتــەوە لــە دامەزراندنــی حکومەتێکی دیموکراسی، لەبەر ئەوەی هەمیشــە مەیلی ئەوەیان هەبووە کە ئەو ســەرچاوانە لەلایەن کەمینەیەکەوە یان نوخبەیەکەوە بۆ بەرژەوەندیە شەخســی و تایبەتییــەکان بەکاربهێنرێــن، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش دۆخەکە ئاڵۆزدەکات.

*** ئایــا ئەو میکانیزمانــە چین کە بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی ئەم حاڵەتە پێویستە بگیرێنەبەر؟**

- ئومێدم دەکرد چارەســەرێکی سیحری هەبووایە بۆ ئەم کێشەیە، ئەوەی دەتوانم بیلێــم ئەوەیە هۆشــیاری و فشــاری هاووڵاتیــان و ڕای گشــتی دەتوانێت لــەم ڕووەوە ڕۆڵ ببینێــت، ئەگەرچی بە هەنگاوی بچووك و بە پرۆســەیەکی لەســەرخۆش بێت، بۆ ئەوەی کولتووری بنیاتنانی حکومەتێکی کراوە و بەرپرسیار بنیات بنێن.

*** زۆرجــار وڵاتانی جیهانی ســێ و وڵاتە تازەگەشــەکردوەکان، پێویستیان بە هــاوکاری دەوڵەتە کۆمەکبەخشــەکانە، هەروەها بە قــەرزی درێژخایەنی بانقە نێودەوڵەتیەکان، بەڵام زۆرجار ئەم وڵات و بانقانــە مەرج قورســیان هەیە بۆ ئەو یارمەتــی و قەرزانەی بــەم وڵاتانەیان دەبەخشــن، ڕاوبۆچونی ئێــوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- هەرچەنــدە زۆرجار ئــەم یارمەتی و هــاوکاری و قەرازانە پێویســتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا هاوشــانن بە هەندێ دژواری، یەکەمیــان ئەوەیە هەروەك ئێوە ئاماژەتــان پێکرد، مەرجی قورســیان لەگەڵدایــە، دووەمیــان ئەوەیە زۆرجار دەبنەهۆی لاوازکردنی هەوڵە ناوخۆییەکان و لە ناوبردنی بەرژەوەندیە مەحەلیەکان،

چونکە لەگەڵ هەلومەرجی ناوخۆی ئەو وڵاتانەدا ناگونجێن. کە پێموایە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت، ئەم کۆمەکانە ببنەهۆی پتر چەسپاندنی دامەزراوە ناوخۆییەکان، نەك لەناوبردن و جێگرتنەوەیان.

*** زۆرجار وڵاتانی دوای شەڕ تەنها لە رووی ئابوورییەوە دواکەوتوو نین، بەڵکو توانایەکی لاوازیشیان هەیە لەوەی بتوانن بە پێشکەوتنەکانی سەردەم بگەنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین وەبەرهێنانی دەرەکی رابکێشینە ئەم وڵاتانەوە بۆ ئەوەی لە رووی ئابورییەوە گەشەبکەن؟**

- ئەمە پرسیارێکی گەورە و ئاڵۆزە، دەکرێت حکومەت هەلومەرجە بنەڕەتیەکانی راکێشانی وەبەرهێنان و کێشکردنی سەرمایەگوزاری دەرەکی برەخسێنێت، وەك سەپاندنی سەروەری یاسا، زەمانەتکردنی جێبەجێبوونی گرێبەستەکان، یاخود سەلامەتی گرێبەستەکان، هەروەها دامەزراندنی سیستمێکی بانکی بەهێز، لەگەڵ هێنانەدی ئارامی و ئاسایشدا.

* لە قۆناخی گەشەپێداندا، حکومەت لە پێگەیەکدا نییە، پێداویستیەکانی خەڵك دابین بکات، سەروەری یاسا نەچەسپاوە، پارتە سیاسییەکان بە پرۆسە سیاسیەکە ئاشنا نین، واتە ڕێگریەکی زۆر لەبەردەم حکومەتدا هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن دەتوانین حکومەت بە سەرکەوتوو کارەکانی خۆی بەرێوەببات؟

- دووبارە ئەمە پرسیارێکی قورسە و خوزگەم دەخواست وەڵامێکی ئاسان هەبووایە بۆ ئەم پرسیارە. ئەوەی دەکرێت ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە کە ئەمە پێویستی بە کاتە، پێویست بەوە دەکات کار بۆ بنیاتنانی متمانە بکەین لە نێوان حکومەت و خەڵکدا، هەروەها دەبێت دەست بە پرۆسەی بەهێزکردن و پەرەپێدانی توانای حکومەت بکەین، لە ڕێی سەقامگیرکردنی باروردۆخەکەوە.

*** ئێمە وەك وڵاتێك کە بە قۆناخی گەشەکردندا دەڕوین، ئایا دەکرێت سوود لە ئەزمونە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی دیکە وەربگرین، وەك یابان، کۆریا و سەنگافورە، ئایا دەبێت لە کوێوە دەست پێبکەین؟**

- بەجەختکردنەوە لەسەر وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەستنیشانکردنی ئەو بوارانەی ناوخۆیی کە ئەگەری گەشەکردنیان لێدەکرێت، نەك تەنها پشت بەستن بە یارمەتیە دەرەکیەکان، کە پێدەچێت ئەمە لایەنێکی جیاوازی ئەزموونی یابان، تایوان و کۆریا بێت، کە ئەم وڵاتانە سیاسەتێکیان گرتەبەر کە جەختی لەسەر وەبەرهێنانی ناوخۆی دەکردەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ڕاستە لە کوردستاندا دۆخێکی سیاسی ئاڵۆز هەیە و تەحەدداکان زۆرن، بەڵام چارەسەریش مەحاڵ نییە، بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتی ڤێتنام بڕوانین کە بیست ساڵ لە شەڕدا بوو، بەڵام توانیویەتی لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا پەرەسەندنێك لە بواری ئابووریدا بهێنێتەدی و من هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**ئەو وڵاتانەی خاوەنی سەرچاوەی سروشتی گەورەن، دووچاری دژواری بوونەتەوە لە دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی، لەبەر ئەوەی هەمیشە مەیلی ئەوەیان هەبووە کە ئەو سەرچاوانە لەلایەن کەمینەیەکەوە یان نوخبەیەکەوە بۆ بەرژەوەندیە شەخسی و تایبەتیەکان بەکاربهێنرێن**



**جاكۆب لیڤی بۆ گوڵان:**

# نەهێشتنی گەندەڵی دەكرێت وەک پێوەرێک بۆ حکومڕانێتی باش دابنرێت، بەڵام من ئەوەش زیاد دەکەم دەبێت حکومەت کارا بێت لە پاراستنی یاسا و نیزامدا



**پرۆفیسۆر جاكۆب لیڤی ئوستادی فەلسەفەی سیاسەت و یاسای دەستووریە لە زانكۆی مككگیل لە كەنەدا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەبواری حكومەت و حكومڕانی و یاسا و دەسەڵاتی دادوەری، بۆ قسەكردن لەسەر ڕۆڵی یاسا لەكۆمەڵگە و بایەخی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر لیڤی كردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** كاتێك باسی حكومەتی دیموكراتی دەكەین، ڕاستەوخۆ باسی حكومڕانێتی باش دەكەین، ئەمە لەكاتێكدا مەرج نییە حكومڕانێتی باش دیموكراسی بێت، بەڵام لەگەڵ بوونی دیموكراسیدا ئاماژە بە حكومڕانێتی باش دەكرێت، ئایا پێوەرەكانی حكومڕانێتی باش چین؟**

- بوونی سەروەری یاسایە، دەبێت حكومەت هەڵبستێت بە جێبەجێكردنی یاساكان، كە دەبێت یاساكانیش ڕوون بن، شەفاف بن، گشتگیر بن و قابیلی جێبەجێكردن بن، هەروەها دەبێت ئەم یاسایانە بەسەر هەمووواندا جێبەجێ بكرێت، لەنێویاندا ئەندامانی خودی حكومەتەكە خۆی، ئەمەش بە مانای لە ناوبردنی گەندەڵی، یاخود سنورداركردنی گەندەڵی دێت، بە مانای دادگایەكی عادیلانە هتد دێت. لەڕاستیدا زۆر جەخت لەسەر كەمكردنەوە و نەهێشتنی گەندەڵی دەكرێتەوە وەك پێوەرێك بۆ حكومڕانێتی باش، بەڵام من ئەوەش زیاد دەكەم كە دەبێت حكومەت كارا بێت لە پاراستن و دابینكردنی یاسا و نیزامدا.

دەبێت حكومەت هەڵبستێت بە جێبەجێكردنی یاساكان، كە دەبێت یاساكانیش ڕوون بن، شەفاف بن، گشتگیر بن و قابیلی جێبەجێكردن بن، هەروەها دەبێت ئەم یاسایانە بەسەر هەمووواندا جێبەجێ بكرێت

*** دیموكراسی لەوە گەورترە لەسازدانی هەڵبژاردندا كورتی بكەینەوە، بۆ نموونە دەكرێت حكومەتێكی هەڵبژێردراو نەتوانێت ماف و ئازادیەكان بپارێزێت، لە ڕاستیدا بۆ پاراستنی ماف و ئازادیەكان و مافی موڵكدارێتی پێویستمان بە سەروەری یاسا هەیە، چۆن دەكرێت حوكمی یاسا بچەسپێنین؟**

- دەبێت سیستمێكی دادوەری سەربەخۆ هەبێت، واتە ناكرێت دادوەرەكان لە بەردەم لایەنە سیاسیەكاندا بەرپرسیاربن، ئەمەش ئەوە لە خۆدەگرێت كە ئەگەر كەسێك ناكۆكیەكی یاسایی هەبوو، ئەوا دەبێت لە دادگایەكی عادیلانەدا ناكۆكیەكەی بۆ یەكلابكرێتەوە. واتە نابێت دەسەڵاتی جێبەجێكردن دەستێوەردان بكات و یاساكان لە بەرژەوەندی لایەنێكی دیاری كراوە بگۆڕێت، یاخود نابێت دەسەڵاتی جێبەجیب□كردن لە كاتی یەكلاكردنەوەی ناكۆكیەكەدا یاساكان بگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ئەوە هەیە سیستمی دادوەریش لە گەندەڵیەوە تێوەبگلێت، ئەگەرچی سەربەخۆش بێت، بۆی هەیە دادوەرەكان بەرتیل وەربگرن. لە ڕاستیدا ئێمە دوای دەیان ساڵی لە لێكۆڵینەوە ناتوانین بڵێین تەنها شێوازێك هەیە بۆ كەمكردنەوە و كۆنترۆڵكردنی گەندەڵی.

*** لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكاندا، هێشتا سەورەری یاسا نەچەسپاوە، ئێمەش دەزانین چەسپاندنی سەروەری یاسا پێویستی بە بوونی هۆشیاری و سەركردەی دیموكراسی هەیە، ئایا میكانیزمەكانی بەدەستهێنانی ئەم دوو مەسەلەیە چین؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە موبالەغە بكرێت لە پێویستی و گرنگی سەركردەی بەهێزدا، چونكە زۆرجار ئەو سەركردانەی بنكەیەكی جەماوەری بەهێزیان هەیە ڕەنگە ئەو تێڕوانینەیان لادروست بێت كە حوكمی یاسا بە سەر خۆیان و دەوروبەرەكایاندا جێبەجێ نابێت. لەلایەكی دیكەوە ئەو تێڕوانینەش لەجێی خۆیدا نییە كە پێی وایە چەسپاندن و جێگیركردنی سەروەری یاسا پێویستی بە كۆمەڵگەیەكی دەوڵەمەند هەیە، بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گەشەكردنی مێژوی سەروەری یاسا، ئەوا سەرەتا لە بەریتانیای سەدەی حەڤدەدا گەشەی كرد، كە بە بەراورد بە وڵاتی توركیا، یان بەرازیلی ئێستا زۆر هەژارتربوو، لەبەر ئەوە ناكرێت بڵێین سەرەتا پرۆسەی گەشەپێدان تەواو دەكەین و دواتر سەروەری یاسا دەچەسپێنین، چونكە زۆرجار بوونی سەروەری یاسا پێشمەرجی گەشەكردنە. هەمان شت بۆ دیموكراسیش ڕاستە، چونكە سەركردەیەكی دیموكراتی بەهێز ناتوانێت سەروەری یاسا بهێنێتەدی، بەڵكو تاوەكو سیستمی هەڵبژاردنەكەش باشتربێت، تاوەكو جۆری دیموكراسیەكە باشتر بێت، ئەوا دەكرێت ئەو كەلتورە زیاتر بچەسپێت كە دادوەرەكان باشتر یاساكان جێبەجێ دەكەن، كارمەندەكان بێلایەن دەبن لە ئاست پارتە سیاسیەكاندا و سوپا و سەربازانیش لە سەربازگەكانیاندا دەمێننەوە ئەگەر هاتوو دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان جێی ڕەزامەندی ئەوان نەبوو.

*** دیموکراسی هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ئابوورییەوە پێویستی بە سەروەری یاسا هەیە، بەڵام سەروەری یاساش دەسەڵاتی کەرتی گشتی، یان حکومەت سنووردار دەکات و دەسەڵاتی کەرتی گشتی فراوان دەکات، ڕاوبۆچونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- من پێموانیە پەیوەندی سەروەری یاسا و کەرتی گشتی و تایبەتی ئەوەندە ئاسان بێت، بۆ نموونە تەنانەت ئەو وڵاتانەی کە حکومەت ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕێکخستن و بەڕێوبردنی ئابووریدا هەیە، وەك دەوڵەتی سوید کە زیاتر لە هەر دەوڵەتێکی دیکەی وڵاتە گەشەکردووەکان ڕۆڵی هەیە لەبواری ئابووریدا، ئەوا سەروەری یاسا هەیە، دادوەرەکان سەربەخۆن، گرێبەستەکان جێبەجێ دەکرێن، هیچ کەسێك بێ دادگایکردن ناچێتە زیندانەوە و هەمووکەس دەزانێت یاسا و ڕێساکان چین. واتە مەرج نیە حکومەتەکە بچوکبکەیتەوە بۆ ئەوەی سەروەری یاسات هەبێت، ئەگەرچی لەو وڵاتانەی حکومەت ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕێکخستنی ئابووریدا هەیە، ئەوا بەرپرسەکان پتر دەرفەتیان بۆ هەڵدەکەوێت بۆ ئەوەی گەندەڵی بکەن و خۆیان لە جێبەجێکردنی یاساکان لابدەن. بەڵام دەکرێت سەروەری یاسا بەوە پێناسە بکەین کە هێزەکانی و پۆلیس و بەرپرسەکان نەتوانن میزاجی خۆیان بخەنە جێی یاسا و ڕێساکان.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ڕەخساندنی ئازادی بۆ سیستمی دادوەری ڕۆڵی هەیە لە بەرەنگاربونەوە و کەمکردنەوەی گەندەڵیدا، ئایا دەکرێت ببێتەهۆی نەهێشتن و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی؟**

- ڕیشەکێشکردن پێوەرێکی بەرزە و ڕەنگە هیچ کۆمەڵگەیەك نەبێت بۆ یەکجاری و بە تەواوەتی گەندەڵی ڕیشەکێش کردبێت، بەڵام دەکرێت ئێمە چاکسازی ئەنجام بدەین، کە بۆی هەیە ببێتەهۆی قوڵکردنەوەی سەروەری یاسا و ببێتەهۆی زیادکردنی متمانە بە سیستمی دادوەری و ئەو کاتە ڕەنگە خەڵکێك زیاتر سڵبکەنەوە لە خۆدزینەوە و شکاندنی یاساکان.

*** ئایا دەکرێت بەهۆی دابینکردنی ئازادی بۆ سیستمی دادوەری لیبراڵیزم دێتەئاراوە و ئەو کاتە دەتوانین هەنگاو بەرەو دیموکراسی لیبراڵی بنێین؟**

- من دەڵێم ئەمە پێشمەرجە، بەڵام هەموو مەسەلەکە نییە، چونکە هەروەك چۆن هیچ کۆمەڵگەیەك بێ گەندەڵی نییە، هیچ کۆمەڵگەیەکیش نیە ئاستێکی دیاریکراوی سەروەری یاسای تێدانەبێت، واتە مەسەلەکە پەیوەستە بە پەرەپێدان و چاکسازی کردنەوە، بەڵام تەنانەت دوای ئەوەش کە چاکسازیمان ئەنجامداوە و سەروەری یاسامان چەسپاند، هێشتا مەسەلەی لیبراڵی و دیموکراسی دەمێنێتەوە، بۆ نموونە وڵاتی سەنگافورە ئاستێکی زۆر نزمی گەندەڵی تێدایە، سیستمێکی بێلایەن و پێشبینیکراوی هەیە، بەڵام ئازادیەکی بەرتەسکی ڕادەربڕینی تێدایە، هەڵبژاردنەکان زۆر ئازاد نین، ڕاستە لە سایەی سەروەری یاسادا بژیت باشترە ئەگەر دیموکراسی و لیبراڵیش نەبێت، لەوەی نە سەروەری یاسا هەبێت و نە دیموکراسی و لیبراڵی. مەبەستم ئەوەیە دوای سەروەری یاسا دەکرێت باس لەوە بکرێت دەبێت تێکۆشان بۆ دیموکراسی و لیبراڵی بکەین.

*** تا چەند سەروەری یاسا یارمەتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و چالاك بوونی دامەزراوە حکومیەکان دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر هەژاری و بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر؟**

- من پێموایە لە زۆرێك لە شوێنەکانی جیهاندا، ڕاستە لە شەووڕۆژێکدا موعجیزە دروست ناکات، بەڵام پێشمەرجێکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی درێژخایەن، پەرەپێدانی درێژخایەن لە بواری ئازادی و بەرەوپێشچووندا و دەستورێکی دیموکراسی بەهێز لە مەودای دووردا. کە پێم وایە دەبێت ئەولەویەت بدرێت بە پاراستنی سەروەری یاسا و سەربەخۆی سیستمی دادوەری و کەمکردنەوەی گەندەڵی.



**پێموانیە پەیوەندی سەروەری یاسا و کەرتی گشتی و تایبەتی ئەوەندە ئاسان بێت، بۆ نموونە تەنانەت ئەو وڵاتانەی کە حکومەت ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕێکخستن و بەڕێوبردنی ئابووریدا هەیە، وەک دەوڵەتی سوید**




## بەدیهێنانی ئامانجەکان لە پاراستنی پرانسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە دەست پێدەکات

## ئەگەر قەوارەیەک رەنگدانەوەی پرانسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان نەبێت

# ئیرادەی تاکی کورد و کوردستانی بۆ ئازادی چۆن پیشانی جیهان بدەین

**مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنییە، لە دەرەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی مێژوویەکی دیکە نییە شایستەی مرۆڤ بێت و، مرۆڤی وەک مرۆڤ پێناسە کردبێت**

مێژووی مرۆڤایەتی، لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، کە ئەقڵی مرۆڤ بەو رادەیە پێشکەوت کۆمەڵگەی سروشتی سەرەتایی بەجێبهێڵێت و هەنگاو بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی و دروستبوونی دەوڵەت هەڵبگرێت، کەواتە مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنییە، لە دەرەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی مێژوویەکی دیکە نییە شایستەی مرۆڤ بێت و، مرۆڤی وەك مرۆڤ پێناسە کردبێت، مێژویەك نییە پەیوەندی نێوان تاك و خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەت پێکەوە گرێبداتەوە، کەواتە وەك دەسپێك بۆ ناو ئەم باسە ئاڵۆزە دەوڵەت سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەی مەدەنی جیاواز لە کۆمەڵگەی سروشتی دەست پێدەکات، بەڵام هەموو دەوڵەتێك نەیتوانیوە دوا ئامانجی مرۆڤەکان بێت، نەیتوانیوە پەیوەندییە هەستیارەکانی نێوان تاك و خێزان و کۆمەڵگە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا کۆبکاتەوە و دەربڕی ئازادی و ئیرادەی تاك بێت وەك بچوکترین یەکەی خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەت، بۆیە کاتێك لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتدا، پرانسیپی رێزگرتنی ماف و ئازادی تاك پێشێلدەکرێت، ئەوا کۆی تاکی ئیهانەکراو دەبێتە دەوڵەت، بۆیە ئەو دەوڵەتە بێجگە لە دەسەڵاتێکی سەرکوتکار و داپلۆسێنەر بۆ تاکەکان و دەبێتە دەسەڵاتێك کە ئیرادەی تاکەکان زەوت دەکات، ناسنامەی مرۆڤ لە تاکەکان دەسەنێتەوە، ناسنامەی کۆیلەیەتی دەسەڵاتی سەرکوتکاریان بەسەردا دابەش دەکات.

کەواتە وەك دەستپێکی مێژووی مرۆڤایەتی،




دەوڵەت سەرەتایە بۆ وەرچەرخان لە کۆمەڵگەی سروشتییەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام هەر ئەو مێژووە پێمان دەڵێت، هەموو دەوڵەتێك نەیتوانیوە، لەو وەرچەرخانە سەرکەوتوو بێت، هەربۆیە پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤەکان لە ناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی کە پێویستە وەك چوارچێوەیەك بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو وەرچەرخانەی تیا رووبدات، بەردەوام گەڕان بووە بە دوای کەموکوڕییەکان و لەگەڵ چارەسەرکردنی هەر کێشە و کەموکورتییەکدا، کێشەو کەموکورتی تازە سەریهەڵداوە، بۆیە هەوڵەکان لەسەدەی هەژدەو نۆزدە گەیشتنە ئەو ئاستەی پێویستە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤەکان وەك زمان وخاك و مێژووی گرووپێکی دیاریکراو وەك نەتەوە پێناسە بکات، لەسەر بنەمای نەتەوە بیر لە دروستکردنی دەوڵەت بکرێتەوە، بۆیە لەگەڵ مێژووی سەردەمی رۆشنگەری و رێنیسانسی ئەورووپا، مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییش دەست پێدەکات، ئەم مێژووە پێمان دەڵێت، دەوڵەتی نەتەوەیی بەرهەمی ئەو سەردەمەیە کە دابڕانێك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دروست دەکات و مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست وەك سەدە تاریکەکان تۆمار دەکات، مێژووی رێنیساس ( هەستانەوە یان ژیانەوە) وەك مێژوویەکی رووناك بۆ مرۆڤایەتی پێناسە دەکات، کەواتە دەکرێت بڵێین رێنیساس دابڕانێکی دیکە، مرۆڤ لە ملکەچبوون بۆ ئیرادەی دەسەڵاتێکی دەرەکی کە دەسەڵاتی کەنیسە و پێش کەنیسەش دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکانە لە پابەندبوونی مرۆڤ بە ئەقڵ و پێشکەوتنی ئەقڵ و بەردەوامبوونە لەسەر پێشکەوتنی ئەقڵ، هەتا پێشکەوتنی ئەقڵ دەگاتە ئەو ئاستەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی خاوەن دەستووری مەدەنی و لە رێگەی دامەزراوەکانییەوە ئەرك و ماف یەکسان بکات و ئازادی مرۆڤایەتی لە ناو ئەو دەوڵەتەدا بەرجەستە دەکات، لەم حاڵەتەدا راستە مێژووی پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤ دەگاتە لووتکە و کۆتایی،بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لەم قۆناخەدا مرۆڤ تەواوی پێگەیشتنی ئەقڵی خۆی لەو دامەزراوانە بەرجەستە دەکات کە ئازادی تیا بەرجستە دەبێت، واتە ئامانجی یەکەمی کە گەیشتنی مرۆڤە بە ئازادی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە بەدیدێن، کە دامەزراوەکانی دەوڵەت پێکدەهێنن، بۆیە دەوڵەت دەبێتە کەسێتی مەعنەوی تێکڕای تاکەکان و وەك کەس (شەخس) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەو کەسێتییەش دەبێتە رەنگدانەوەی کۆی کەسێتی تاکەکان، بۆیە ئەگەر فەرەنسی زمانەکان خاوەنی دەوڵەت نەبن واتە ئەو کەسانەی بە فەرەنسی قسە دەکەن خاوەنی کەسێتی نین، ئەگەر ئینگلیزەکان خاوەنی دەوڵەت نەبن،واتە ئەو کەسانەی بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن خاوەنی کەسێتی نین، کەواتە کە کەس ( شەخس) خاوەنی کەسێتی نەبوو، واتە کەسێتی یاسایشی نییە، بۆیە هیچ نەتەوەیەك بەبێ دەوڵەت لە ناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیشدا خاوەنی کەسێتی یاسایی نییە،وەك ئێستای نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان، کە بەکردەیی سەلماندوویەتی زۆر لە نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەر و ناوچەکە شایستە ترە بۆ ئەوەی ئەندامی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بێت و وەك کەسایەتییەکی سەربەخۆ لە جیهاندا دانی پێدابنرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنی دەوڵەتی خۆمان نین، لە باشترین حاڵەتدا کە ئێمە زۆر دڵمان پێی خۆشە، وەك بەشە ئارامەکەی عێراق، یان عێراقەکەی دیکە، The other Iraq، پیشانی جیهانمان دەدەن،ئەم گرفتە لەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو دەسەڵاتانەی دەوڵەتیان پێ دروستکراوە لەسەدەی ١٩ و٢٠ دەسەڵاتێك نەبوون، بە ئامانجی ئازادی و پیشاندانی کەسایەتی نەتەوەکان دەوڵەتیان دانەمەزراندووە، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەی ئێستا هەن بەرهەمی دابەشکردنی غەنیمەی شەڕن، واتە خاك و نەتەوە دەسکەوت بووە، دەوڵەتانی ئیمپریالیزمی دەسکەوتەکانیان بەشکردووە، هەر بۆیە هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەسەر ئەو بنەمایە دروستکراون،دەوڵەتی شەرعی نین، دەبێت ئەو بنەمایەی ئەو دەوڵەتانەی لەسەر دروستکراوە هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەم هەڵوەشانەوەیە لە ئەورووپای رۆژهەڵات و ناوەڕاست، دوای مێژوویەکی خوێناوی سەرکەوتوو بوو، بەڵام هێشتا ئەم قۆناخە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێنەکردووە، کە هەر دەبێت دەستپێبکات، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی یان دەبێت مرۆڤایەتی ( نەك تەنها کورد) دەستبەرداری دوا ئامانج بێت کە ئازادییە، یان دەبێت ئەو هۆکارانە لابەرێت کە ئاستەنگن لەبەردەم ئازادی، کە ئێستا بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ناوی دەبەن.

ئەم خاڵە گرنگەیە، کەدەبێت ئێمە وەك کورد و کوردستانی لەسەری رابوەستین و خۆمان لە مرۆڤایەتی جیانەکەینەوە، بەو ئاستە موناقەشەی بارودۆخی خۆمان بکەین، کە دەسنیشانی ئەو قۆناخە مێژوویە بکەین پیایدا تێدەپەڕین، ئەمەش واتە ئەگەر هەموو مێژووی فەلسەفەی سیاسی کە بەرهەمی سەرجەم مرۆڤایەتییە( نەك وەك هەندێك بۆ ئامانجی سیاسی بە مێژووی رۆژئاوای ناودەبەن) شەن و کەو بکەین، هەموو رەخنە و شرۆڤەکان بۆ دەوڵەتی باش بخوێنینەوە، دەبینین ئەم مێژووە راستییەکمان فێر دەکات، کە بیری سیاسی بۆ ماناکانی ئازادی و،

**دەوڵەتی نەتەوەیی بەرهەمی ئەو سەردەمەیە کە دابڕانێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دروست دەکات و مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست وەک سەدە تاریکەکان تۆمار دەکات، مێژووی رێنیساس (هەستانەوە یان ژیانەوە) وەک مێژوویەکی رووناک بۆ مرۆڤایەتی پێناسە دەکات**

لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە دەست پێدەکات، هەموو ئەو دەسکاریانەشی لە ناو تێکڕای یاسا و دەستووورە جیهانییەکاندا بەمەبەستی پاراستنی مافی نەتەوەی کەمینە کراون، تەنها یەک ئامانجیان لە پشتەوەیە، بۆ ئەوەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان داوای دەوڵەتی سەربەخۆ نەکەن و جیانەبنەوە، لە پێناوی ئەوەی ئاسایشی نەتەوە سەردەستەکان نەکەوێتە مەترسییەوە.. کەواتە مێژووی بیری سیاسیش لە ناو دەوڵەتەوە دەست پێدەکات، هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بیری سیاسی دەبێت، بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دەوڵەتە شارەکانی یۆنان و کۆمارەکەی ئەفلاتوون، ئەمەش ئەو راستییەمان پێدەڵێت، فیکری سیاسی بێ بوونی دەوڵەت بوونی نییە، ئەمەش ئەو راستییەمان پیشان دەدات، هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی دەوڵەت مانای نەتەوەی هەبووە و نەتەوە مانای دەوڵەت بووە، بۆیە شەڕەکانیش شەڕی نێوان نەتەوەکان بووە، هانز مۆرگنتاو کە یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی بیری سیاسی و لە جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەلمانیاوە چوو بۆ ئەمەریکا، لەوێ کتێبە بە ناوبانگەکەی بە ناوشیانی ( سیاسەتی نێوان نەتەوەکان لە پێناوی ئاشتی و دەسەڵاتدا) نووسی، رێکخراوێکی جیهانی بە ناوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، نەک دەوڵەتە یەکگرتووەکان، ئەم ناونانە لە کاتێکدا بووە، دەوڵەت مانای نەتەوە بووە، نەتەوەش مانای دەوڵەت بووە، ئەو نەتەوانە دەبنە ئەندام کە خاوەنی دەوڵەتن، ئەمەش یەک مانای هەیە ئەوەی دەوڵەتی نەبێت نەتەوەش نییە( بە دانپێدانانی سیاسی ) .

### پابەندبوونمان بە پرانسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان لە ئامانجی کۆتایی نزیکمان دەکاتەوە

ورووژاندنی ئەم باسە لەم کاتەی کە هەرێمی کوردستان بە قۆناخی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا تێدەپەڕێت، ئامانج لێی بۆ ئەوە نییە، بە خوێنەری خۆمان بڵێین، ئێمە پابەندین بە پرانسیپە نیشتمانییەکان و بەرامبەرەکەمان پێوەی پابەندنین، یان وەک شێوازێک بۆ پروپاگەندەکردنی هەڵبژاردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە قسە بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەم پرسە بەو جۆرە دەبینین، ئەگەر هەر لایەنێک خۆی لەو پرانسیپە نشتیمانی و نەتەوەییانە دابماڵێت و وەک پیرۆزییەک لە بەرچاویان نەگرێت، ئەوا بیەوێت یان نەیەوێت، پێی خۆش بێت یان پێی خۆش نەبێت، تەمەنی وەک قەوارەیەکی سیاسی لەم کۆمەڵگەیە درێژ نابێت، بەدەستی خۆی چاڵ بۆ خۆی هەڵدەکەنێت، ئەم خاڵە زۆر گرنگە لەم قۆناخە هەموومان لەبیرمان بێت، بۆئەوەی یەکتری بەوە تۆمەتبار نەکەین، لەلایەن پارێزەری پرانسیپەکانە و ئەو لایە تێکدەری ئەو پرانسیپانەیە، کەواتە پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کەواتە مەبەست لە پابەندبوون چییە؟ بۆئەوی بەشێوەیەکی زانستی ئەم وشەیە راڤە بکەین، دەڵێین،پابەندبوونمان نەک پابەندبوون، شێوازێکە کە هەموومان وەک کۆ دەگرێتەوە، واتە داوایەکە ئاراستەی هەموو دەکرێت، نەک تەنها لایەنێک یان گرووپێک. بۆیە پابەندبوون بە مانای ستایشکردن یان موزایەدەی سیاسی بەکار ناهێنین، بەڵکو بەمانای خۆسنووردارکردن..واتە دانانی سنوورێک بۆ ئەو ئامانجانەی کە دەمانەوێت، لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەرنامەی خۆمانی پێبخەینە بەردەم دەنگدەرەکانمان، پرسیاری دیکە لێرەدا دەبێتە ئەوە، ئایا ئەگەر ئەمە بکەینە سنوور یان سانسۆر ئایا ئازادی هەڵبژاردن چ مانایەکی دەمێنێت؟ لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێین پابەندبوونمان بە پرانسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، واتە پابەندبوونمانە بە ماناکانی ئازادی، لەبەر ئەوەی بێ بوونی پرانسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان تاکی کورد و کوردستانی و کەسێتی کورد و کوردستانی بوونی نییە، کە وەک کەس (شەخس) بوونمان نەبوو، ئازادی بۆ کێ دابین بکەین، ئەمە دەمانگێڕێتەوە، بۆ ئەو خاڵە گرنگەی جیاوازی ئازادی لە کۆمەڵگەی مەدەنی و سروشتیدا بکەین، پرسیار ئەوەیە جیاوازی ئازادی لە کۆمەڵگەی مەدەنی و سروشتیدا چییە؟ بێگومان سادەترین وەڵام ئەوەیە لە کۆمەڵگەی سروشتی ئازادی بێ سانسۆر و سنووورە و لە کۆمەڵگەی مەدەنی ئازادییەکان سنووردار و سانسۆر کراون( سانسۆر و سنووردار بەمانا فەلسەفییەکەی)، بۆیە دەبینین لە کۆمەڵگەی سروشتیدا بەرهەمی ئازادی بریتییە لە ( شەڕی هەمووان دژی هەمووان، برا بۆ برای خۆی دەبێتە گورگ، سەقامگیری دەبێتە ئاژاوە، کێ لە هەمووان بەهێزترە، لە هەمووان باڵادەسترە)، بەڵام لە کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمی ئازادی بریتییە( لە پێکەوەژیانی هەمووان لە گەڵ هەمووان، برایەتی و هاوکاری تاکەکان، کێ لە هەمووان ئاقڵترە لەهەمووان باڵادەسترە) دەکرێت ئازادی بە یۆرانیۆم بەراوردی بکەین، هەر بۆنموونە بری ئەو یۆرانیۆمەی کە دەکرێتە ناو بۆمبێکی ئەتۆمی شارێکی وەک نیۆیۆرکی پێ کاولدەکرێت، بە هەمان ئەو برە ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە بە کار بهێنرێت بۆ ماوەی ٦ مانگ نیوەرۆ روناک دەکاتەوە.

کەواتە جیاوازی ئێمەش لە ئاماژەکردنمان بۆ پابەندبوونەمان بە پرانسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان، بەو ئامانجەیە کە ململانێیەکان لە ناو پرانسیپە نیشتمانییەکان رووناکی بەرهەم بهێنێت، هەموومان پێکەوە بکاتە برا نەک گورگ بۆیەکتری،دەبێت بڕوامان بەوەبێت، هەموومان لە ناو ئەم وڵاتە لە پێناوی هەڵسوراندنی دامەزراوەکانی ئەم وڵاتە ململانێ بکەین، کەواتە ململانێکانمان ئەگەر لەم چوارچێوەیە پیادەبکەین، خودی ململانێکانمان دەبێتە،هۆکارێکی گەورەتر لە پابەندبوون و دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ پاراستنی پرانسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، ئەو کاتە هەوڵدەدەین دروشمە حزبیەکانمان هاودژی لەگەڵ پرانسیپە نەتەوەییەکان هاودژی دروست ناکات.

### دامەزراوەکان پارێزەری پرانسیپە نشتمانییەکانن ئەوان ناگۆڕێن کەسەکان دەگۆڕێن

لە پێشەوەی ئەم راپۆرتە باسی ئەوەمان کرد،



**ئەگەر هەر لایەنێک خۆی لەو پرانسیپە نشتیمانی و نەتەوەییانە دابماڵێت و وەک پیرۆزییەک لە بەرچاویان نەگرێت، ئەوا بیەوێت یان نەیەوێت، پێی خۆش بێت یان پێی خۆش نەبێت، تەمەنی وەک قەوارەیەکی سیاسی لەم کۆمەڵگەیە درێژ نابێت**

مەبەستمان لە دەوڵەت کە ببێتە دەربڕی ئازادی تاك، ئەو دەوڵەتەیە کە خاوەنی دەستوورێکی مەدەنییە و بە سیستەمی دامەزراوەی بەڕێوە دەچێت، بۆیە دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت، کە سەرەکی ترینیان بریتییە لە هەر سێ دەسەڵاتی ( پەرلەمان، حکومەت،دادوەری ) ئەمانە نەگۆڕەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکراتین، ئەوانەی دەگۆڕێن ئەو کەسانەن کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو متمانەی هەڵسووراندنی ئەو دامەزراوانەیان پێدراوە،تێکەڵکردنی نەگۆڕەکان و گۆڕاوەکان، یەکێکە لە گرفتە گەورەکانی ئێمەی کورد، هەر بۆنموونە، پرسیار ئەوەیە، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەفتەی رابردوو. لە کردنەوەی تەلاری ئەنجوومەنی دادوەری رایگەیاند ئیتر دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان سەربەخۆ دەبێت و بەشێك نابێت لە حکومەت، ئێمە هەموومان دەبێت ئەم هەنگاوە وەك نەگۆڕێکی دیکەی پرانسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان سەیر بکەین، لەبەر ئەوەی بە گۆڕینی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوونی کەسێکی دیکە بەسەرۆکی حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری تێکەڵی حکومەت ناکرێتەوە، یان بڕیاری گۆڕینی ئابووری دەوڵەت بۆ ئابووری بازاڕ، ئەمە دەبێتە بنەمایەك کوردستانی لەسەر بونیاد دەنرێتەوە، نەگۆڕێکی دیکەی سیستەمی سیاسی ئێمەیە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت گۆڕانکاری بکەین، دەبێت پێشوەختە دان بەو راستییە بنێین، کە ئابووری بازاڕ لە ئابووری دەوڵەت گرنگترە، بەڵام ئابووری بازاڕەکە دەبێت چالاکتر بێت، کەواتە جیاکردنەوەی نەگۆڕەکانی ئەم سیستمە سیاسییە .،پابەندبوونی ئەخلاقی هەر تاکێك و هەر گروپ و لایەنێك و هەر رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە، ئێمە هەموومان بێ جیاوازی سوود لەوە وەرناگرین، نەگۆڕەکان تیکەڵاوی گۆڕاوەکانی ناو سستەمی سیاسی کوردستان بکەین، لەبەر ئەوەی سیستەمە سیاسییەکە ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیمانە( لەگەڵ ئەوەی نەگەیشتۆتە قۆناخی کۆتایی )، بەڵام لەم ئەزموونە زیاترمان نییە، ئەمەش نەك تەنها لەو بەشەی کوردستان کە لکێنراوە بە عێراقەوە، بەڵکو بۆ نەتەوەی کورد لەم تەجروبەیە زیاتر نییە، ئەم ئەزموونەش لەگەڵ ئەوەی بەدیوە ئیجابییەکەیدا، ئیرادەی کوردی بۆ داکۆکیکرن یەکخستووە، بەدیوەکەی دیکەشدا ئیرادەی دوژمنانیشی بۆ پەکخستنی ئەم ئەزموونە یەکخستووە، ئەم واقیعە فەرزی دەکات لەسەرمان هەمووومان پارێزەری ئەزموونەکەمان بین و لە ناو ئەزموونەکەشدا هەمووومان ململانێ لەسەر ئەوە بکەین، کام لایەن لەوانی دیکە باشتر تواناکانی گەل بۆ بەگەڕخستنی باشتری دامەزراوەکان هەڵدەسورێنێت،ئەم حاڵەتەش وامان لێدەکات ئامانجەکانمان پۆلێن بکەین و رەهەندی کورت و دوورمەودا لێکجیابکەینەوە، ئەمەش پێش هەموو لایەك لەگەڵ ئەم راپۆرتە پێکەوە گرێدەدەینەوە، واتە راستە ئەم راپۆرتە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، بەبێ بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی تاکی نەتەوە نابێتە خاوەن ئەو کەسایەتییەی لە دەوڵەتدا رەنگدەداتەوە و لەگەڵ تاکی نەتەوەیەکی دیکە یەکسان نابێت کە خاوەنی ناسنامەی دەوڵەتە، ئەمە نابێت بەو مانایە تەفسیر بکرێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتمان نییە، کەواتە ئەم قەوارە سیاسییەی ئێستا هەمانە بایەخی نییە، بەڵکو دەبێت، زیاتر پابەندبین بە نەگۆڕەکانی سیستەمە سیاسییەکە، کە بەرداوەمی داوە بەگەشەکردنی توانای تاکانی کوردستان و کاتێك لەسەر ئاستی جیهان ئاماژە بۆ بەرەوپێشەوە چوونی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، واتە توانای تاکی کوردستان شایستەی ئەوەیە خاوەنی کەسایەتی خۆی بێت، هەربۆنموونە تایوان تاساڵی ١٩٧١ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە، بەڵام بەرژەوەندی نێو دەوڵەتی و شکستی ئەمەریکا لە ڤێتنام و رێکخستنەوەی هاوسەنگی نێوان بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، وایکرد، سەربەخۆیی وەك دەوڵەت لە تایوان وەربگرێتەوە، چین ببێتە ئەندامی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و یەکێك لە پێنج ئەندامە هەمیشەیەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە، تایوان دوای لێوەرگرتنەوەی مافی دەوڵەت، دەستبەرداری ئەم مافە گرنگەی خۆی بووبێت، یان وازی لە پرانسیپە نەگۆڕە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی خۆی هێنابێت، بەپێچەوانەوە لە دوای ساڵی ١٩٧١ەوە تائێستا تایوان بەو ئاراستەیە هەوڵی داوە شەرعییەتی دەوڵەتی تایوان وەك شەرعییەتی دەوڵەتی ئەمری واقیع بەسەر جیهاندا فەرزبکاتەوە و لە ناو کۆبوونەوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، نەگۆڕە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی پیشانی جیهان بداتەوە، بە هەموو جیهان دەڵێت گەلی تایوان شایستەی ئەوەیە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت، لەبەر ئەوەی تایوان بۆتە دەوڵەتی ئەمری واقیع و جیهان رێز لە کەسایەتی ئەم دەوڵەتە دەگرێت، راستە لەسەر ئاستی سیاسی ئاستەنگی گەورە بۆ ئەم داوایەی تایوان تا ئێستا بەردەوامە، بەڵام لەسەر ئاستی ئابووری ئێستا تایوان هاوشانی چین ئەندامی رێکخراوی بازرگانی جیهانییە(WTO ) ئەو رێکخراوەی کە بن لادن زۆر لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە گرنگتری دەزانێت، هەردوو تەلارەکی لە ١١ی سیپتەمبەر لەگەڵ زەوی تەختکرد، بەڵام بەلای نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا نەچوو، ئەم ئەزموونەی تایوان فێرمان دەکات، تەنها رێگە بۆ خۆناساندنەوە بە جیهان ودانپیدانانی سیاسی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆیی ئەندام لە un، لە کۆی ئیرادەی ئەو تاکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ناسنامە بۆ قەوارە سیاسییەکە دروست دەکات، پێش دانپێدانانی سیاسی پێویست بە دانپێدانانی ئابوورییە، هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە پرانسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەو پرانسیپانە هەر چییەك بکەین، ناسنامەی کەسێتی لە تاکەکان وەك تاکی کورد و کوردستانی وەردەگرینەوە.



**ئەم ئەزموونەی تایوان فێرمان دەکات، تەنها رێگە بۆ خۆناساندنەوە بە جیهان ودانپیدانانی سیاسی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆیی ئەندام لە un، لە کۆی ئیرادەی ئەو تاکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ناسنامە بۆ قەوارە سیاسییەکە دروست دەکات، پێش دانپێدانانی سیاسی پێویست بە دانپێدانانی ئابوورییە، هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە پرانسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەو پرانسیپانە هەر چییەک بکەین، ناسنامەی کەسێتی لە تاکەکان وەک تاکی کورد و کوردستانی وەردەگرینەوە**



کریشان کۆمار بۆ گوڵان:

# نەتەوەیەک خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبێت بەردەوام لەژێر هەڕەشەدایە

**پرۆفیسۆر کریشان کۆمار ئوستادی سیسۆلۆژییە لە زانکۆی ڤێرجینیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەمێژووی سۆسیۆلۆژی و سیسیۆلۆژیای سیاسیی و هەروەها تۆژەرە لەسەر چەمکی تیۆری پراکتیکی دەوڵەت، بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی دەوڵەت و بایەخی دەوڵەت لە بونیادی نەتەوەدا پەیوەندیمان کرد بە پرۆفیسۆر کریشیان وبەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بنەماکانی دەوڵەت چین؟ بۆچی دەوڵەت زۆرکات دەبێتە مورادیفی نەتەوەش؟**

- بنەمای دەوڵەت نەتەوەیی ئەوەیە کە دەبێت هەموو دەوڵەتێك لەسەر بنەمای نەتەوە بنیات بنرێت و هەر دەوڵەتێك بەمشێوەیە نەبێت ئەوا شەرعی نییە، ئەمە لە سەدەی هەژدەدا و لە شۆرشی فەرەنسیدا باسی لێوەکراوە، بۆ نموونە ئەو دەوڵەتانەی پاشایەتی بوون، یان ئیمبراتۆری بوون، وەك دەوڵەتێکی شەرعی لێیان نەدەڕوانرا، ئەگەر بناخەیەکی نەتەوەییان نەبووایە. واتە خەڵك بوونە بنەمایەك بۆ پێناسەی دەوڵەت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چۆن پێناسەی نەتەوە دەکرێت، یاخود نەتەوە چییە، چونکە کاتێك دەڵێین دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەین، نەتەوە چییە، ئایا تەنها لە ڕووی ئیتنییەوە پێناسەی نەتەوە دەکەین، یاخود لە ڕووی مەدەنیشەوە، کە مەبەستمان لە مەدەنی ئەوەیە لە سەر بنەمای هاوڵاتیبوون بێت، بە چەشنی ئەوەی لە ئەمەریکادا بەدی دەکەین. بەڵام ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئیتنی دیاری بکەین، ئەوا لە کوردستاندا کوردەکان هەن کە خاوەنی کولتوور و مێژووی خۆیانن، دەکرێت ئەمانە ببنە بنەمایەك بۆ دەوڵەتی کوردی، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە من باوەڕم وایە هەوڵدەدرێت پێناسەی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای مەدەنی بکرێت، لەبەرئەوەی گروپی ئیتنی و ئاینی جیاواز لە عێراقدا بوونیان هەیە. ئەگەرچی ئەم حاڵەتە لە نێوان بەریتانیا و ئیرلەندادشا هەبوو، بەڵام باس لە نەتەوەی بەریتانی دەکرا. کەواتە چەمکی دەوڵەتی نەتەوەی ئەوە لە خۆدەگرێت کە تەنها سەرچاوەی شەرعیەت دامەزراندنی دەوڵەتە لە سەر بنەمای ئیتنی. یەکێك لە وەڵامەکان بۆ بەشی دوەمی پرسیارەکەت ئەوەیە کە کۆمەڵناس گیلمەر دەیخاتەڕوو کە پێی وایە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە مۆدێرنە بە پیشەسازیبووەکان سەرکەوتوبن، دەبێت خاوەنی کەلتورێکی هاوبەش، تێگەیشتنێکی هاوبەش و سیستمێکی پەروەردەی هاوبەش بن. واتە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، لێرەدا مەبەستم لە مۆدێرنە «کۆمەڵگە پیشەسازیەکانە» دەوڵەتی نەتەوەی ئەم سەرچاوەیە دابین دەکات، مەبەستم لە کەلتورێکی هاوبەشە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو کە گەشەکردنی ئابووری پیشەسازی پێویست بە ناسیونالیزم بکات.

*** ئایا بێ بوونی دەوڵەت، نەتەوە بوونی دەبێت، مەبەست ئەوەیە ئایا نەتەوە دەبێتە خاوەنی کەسێتی خۆی؟**

- ئەوە پرسیارێکە زۆر باشە، ئایا بێ بوونی دەوڵەت نەتەوە هەیە، بەڵێ بە دڵنیاییەوە، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە سکۆتلەندیەکان بکەین کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین، هەروەها بە دانیشتوانی هەرێمی کیوبیکی کەنەدا، بە هەمان شێوە دەتوانین ئاماژە بە هەرێمی باسك و کەتەلۆنیا بکەین کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین و نەتەوەیەکی مێژووین، بە دڵنیاییەوە دەکرێت لەم ڕووەوە باس لە کوردەکان بکرێت، کە هێشتا سەربەخۆییان بەدەستنەهێناوە و دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریان نییە، ئەگەرچی ئاستێکی بەرچاوی ئۆتۆنۆمی سیاسیان هەیە و تا ڕاددەیەکی زۆر کۆنترۆڵی کاروبارەکانی خۆیان دەکەن، بەڵام هەروەك پێشتر گوتم نەگەیشتۆتە ڕادەی سەربەخۆی تەواو و دەوڵەتی خاوەن سەروەری. بەڵام ئەوەی دەکرێت ئیشارەتی بۆ بکرێت، ئەوەیە نائاسودەیی و ناجیگیریەك هەیە لەناو ئەم نەتەوانەدا، بۆ نموونە هەمیشە سکۆتلەندیەکان لەوە دەکۆڵنەوە ئایا دەبێت سەربەخۆیی ڕابگەیەنن و لە بەریتانیا جیاببنەوە، هەروەها هەرێمی کیبوبیکیش بە هەمان شێوە، چونکە ئەو هەستە لە ئارادایە کە بوونی دەوڵەت وەك سەقفێکی سیاسی دەتوانێت ئەم نەتەوانە بپارێزێت، ئەگەرچی دروستکردنی دەوڵەتیش بەرپرسیارێتی تێدایە، وەك دروستکردنی سوپا و سیستمی باج و بەرگری و هتد، کە ڕەنگە زۆرجار فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی ڕێگاچارەیەکی باشتر بێت.

*** کەباسی ئەڵمانیا دەکەین، بسمارك ئەو سەرکردەیەیە دەبێتە ناسنامەی ئەڵمانیا، هەروەها دیگۆلیش بۆ فەرەنسا بە هەمان شێوە. ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ڕاستە فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیرکرابوو، بەڵام من نازانم بە دیاری کراوی ڕزگارکردنی فەرەنسا چ مانایەکی هەبوو، من پێموایە پرسیارەکەی ئێوە پتر پەیوەستە بەوەی ئایا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لە مەودای دووردا دەمێنێتەوە، ئایا لەلایەن هێزەکانی دیکەوە تێکناشکێنرێت. ڕاستە نەتەوە بێ بوونی دەوڵەت هەمیشە لەبەردەم ئەگەری داگیرکردندایە، بەڵام ئێمە لە ڕۆژگارێکدایین کە زیاتر بەرەو جیهانی بوون دەڕوات و پێکەوەگرێدەدرێت و ڕەنگە بەدیلی دیکە هەبێت بۆ

**کاتێک دەڵێین دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەین، نەتەوە چییە، ئایا تەنها لە ڕووی ئیتنییەوە پێناسەی نەتەوە دەکەین، یاخود لە ڕووی مەدەنیشەوە، کە مەبەستمان لە مەدەنی ئەوەیە لە سەر بنەمای هاوڵاتیبوون بێت، بە چەشنی ئەوەی لە ئەمەریکادا بەدی دەکەین**

پاراستن و زەمانەتکردنی ئەم نەتەوانە، بۆ نموونە دەکرێت هەرێمی کەتەلۆنیا ببێتە هەرێمێك لە یەکێتی ئەوروپا و ئەو کاتە ئەم یەکێتیە ئەرکی پاراستنی بگرێتە ئەستۆ. مەبەستم ئەوەیە مەرج نییە بوونی دەوڵەتی خاوەن سەروەری و سەربەخۆی سیاسی ببنە زامنکاری پاراستنی نەتەوەیەك، بە تایبەتی هەندێ لە دەوڵەتەکان دەوڵەتگەلێکی بچوکن، وەك مۆلدۆڤا و کۆسۆڤۆ، کە زۆرجار هێزە گەورەکان زاڵ دەبن بەسەریاندا و ڕێگە بە خۆیان دەدەن دەستێوەردانیان تێدابکەن. ئەمانە تەنها بیروباوەڕێکە دەیخەمەڕوو، چونکە منیش پێموایە هەموو نەتەوەیەك مافی سەربەخۆیی سیاسی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و ڕزگاربوونی نیشتمانی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە ئەمانە بنەهۆی زامنکردنی ئاسایش و پاراستنی ئەم نەتەوانە. واتە شێوە ڕێکخستنی سیاسی بەدیل هەیە لەم ڕۆژگارەدا و دەکرێت پەنایان بۆ ببەین و کاریان پێبکەین.

*** ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەی گرێبدەینەوە بە مافە تاکەکەسیەکانەوە، ئایا تا چ رادەیەك دەوڵەتی نەتەوەیی ڕەنگدانەوە ئازادی تاکە کەسیەکانی دەبێت؟**

- دەکرێت ڕەنگدانەوەی ئازادیە تاکەکەسییەکان بێت، ئەگەر دەوڵەتێکی دیموکراسی بێت و نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵك بکات، ئەگەرچی وەك چەرچڵیش دەڵێت دیموکراسی باشترین سیستم نییە، بەڵام لە تێکڕایی سیستمەکانی دیکە باشترە کە تاقیکراونەتەوە، واتە تاوەکو ئێستا دیموکراسی باشتر دەتوانێت دەربڕی ئیرادەی گشتی و خواستی هاووڵاتییان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار دەوڵەتە نەتەوەییەکە خۆی دەبێتە سەرچاوەی سەرکوتکردنی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان، هەرئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە چەند دەزگا و دادگایەکی دروست بن کە باڵاترن لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان و هاوڵاتیان دەتوانن پەنایان بۆ ببەن، بۆ نموونە لە یەکێتی ئەوروپادا کە زۆرجار ئافرەتان داوای خۆیان پێشکەش بەم دادگا و دامەزراوە سەروو نەتەوەییانە دەکەن لە دژی دەوڵەتەکانی خۆیان لەبەرئەوەی مافی یەکسانیان پێنەدراوە، مەبەستم ئەوەیە دەکرێت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی ببێتە سەرچاوەی پێشێلکردنی ئەم مافانە و من پێموایە ئێمە گەیشتوینەتە سەردەمێك کە دەتوانین باسی هاووڵاتی نێونەتەوەیی بکەین، ئەگەرچی ئەمە لە هەموو شوێنێکی جیهانیشدا ڕوونادات. من دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە دەکرێت دەوڵەتی نەتەوەیی ڕزگارکەربێت، هەروەها دەکرێت سەرکوتکاریش بێت، ڕاستە تاوەکو دەوڵەتەکە زیاتر دیموکراتی بێت کەمتر ئەگەری سەرکوتکاری لێدەکرێت، بەڵام زۆرجار ئەم دەوڵەتە نەتەوەییانە سەلماندویانە کە جێی متمانە نین لە پاراستنی ماف و ئازادیە تاکەکەسیەکاندا، هەر ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە دامەزراوەگەلێك هەبن لە سەرووی ئەم دەوڵەتانەوە کە پەنایان بۆ ببردرێت، وەك نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکێتی ئەوروپا، یاخود دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

*** لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سنوورەکان بە پیرۆز سەیر دەکرێن و ماف بە کوردەکان و فەڵەستینیەکان نادرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دروست بکەن، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ڕەنگە ئەمە پەیوەست بێت بە پیادەکردنی سیاسەتی هێزەوە، بۆ نموونە ئەگەر کیشوەری ئەفریقیا لەبەرچاوبگرین، ئەوا دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆی ئەم وڵاتانە لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردودا شەڕ و پشێوی و ئاژاوەی ناوخۆی ڕوویاندا، بەڵام ئەوەی جێی سەروسوڕمانە بیر لە گۆڕینی سنورەکان نەکرایە، دەکرێت هەمان شت دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵێین، کە زۆربەی سنوورەکان لەسەر نەخشە و لە لایەن هێزە گەورەکانی ئەو سەردەمەوە کێشراون، بێ ئەوەی پێکهاتەی ئێتنی و نەتەوەیی ناوچەکە لەبەرچاوبگیرێت، بەڵام لەم سەردەمەشدا هێزە گەورەکانن ڕێگری لە دەستکاریکردن و گۆڕینی ئەم سنوورانە دەگرن، بە بیانو پاساوی ئەوەی ئەمە دەبێتەهۆی ناسەقامگیرکردنی دۆخی ناوچەکەوە، هەر ئەمەش هۆکاری دودڵی و نیگەرانیانە. ڕاستە ئەم هێزانە نەیانتوانی ڕێگری لە هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی یوگسلافیا بگرن، بەڵام لەو شوێنانەی کۆنترۆڵیان هەیە ڕێگە بە دووبارە دارشتنەوەی سنوورەکان نادەن و ئەمەش پەیوەندی بە سیاسەتی هێزەوە هەیە. واتە لێرەدا مەسەلەکە پەیوەست نیە بەوەی ئایا گۆڕینی سنورەکان چەند ڕەوایە و چەند ناڕەوایە، یاخود ئایا ئەمە دادپەروەری یان نا، بەڵکو پەیوەستە بە سیاسەتی هێزەوە.

*** ئێمە دەزانین کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن و هیچ کێشەکیان لەگەڵ دیموکراسی و ڕۆژئاوادا نییە، ئایا چۆن دەکرێت پشت بە کوردەکان ببەسترێت بۆ ئەوەی مافی دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان پێ ڕەوا ببینرێت؟**

- لە ڕاستیدا دۆخی سیاسی عێراق ئەوەندە ئاڵۆزە کە ڕەنگە من دوا کەس بم بمەوێت حوکم لەسەر ئەوە بدەم ئایا گونجاو و شەرعییە کوردەکان جارێ جیابوونەوە و سەربەخۆی لە عێراق بدەن یان نا، ڕاستە زۆرجار کەسانی دیکە ئەوەیان خستۆتەڕوو کە دەبێت کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت،.

*** باس لەوەدەکرێت بەجیهانی بوون کۆتایی بە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی هێناوە، ئەمەش بە مانای کۆتایی هێنان دێت بە ئومێدی نەتەوەیی ئێمە، چۆن ئێمە پێناسەی بەجیهانی بوون بکەین لەکاتێکدا خەونی ئێمە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەناودەبات؟**

- من پێموانیە بە جیهانی بوون کۆتایی بە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی بهێنێت، چونکە هێشتا دەوڵەت مومارەسەی زۆرێك لە چالاکیەکان دەکات و بەهێزترین گەمەکەرە لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی، ڕەنگە بەجیهانی بوون ژینگە و هەلومەرجی دەوڵەتی نەتەوەیی گۆڕیبێت نەك کۆتایی پێهێنابێت. لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە بە جیهانی بوون دروستبوون و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاسانتر کردبێت، زۆر کەس ئەم باوەڕیان هەیە، واتە لە بری ئەوەی داخوازی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خامۆش کردبێت، پتر گەشاندویەتیەوە، بەتایبەتی نەتەوە بچووکەکان، لەبەرئەوەی دەتوانن پارێزگاری دامەزراوە بە جیهانی بووەکان بەدەست بهێنن، لەبەر ئەوە من پێموانیە بە هیچ شێوەیەك جیهانی بوون بە مانای کۆتایی هێنان بێت بە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئەمە زۆرجار هەڵەیەکە و خەڵکی باوەڕی پێدەکات.

**دروستکردنی دەوڵەتیش بەرپرسیارێتی تێدایە، وەك دروستکردنی سوپا و سیستمی باج و بەرگری و هتد، کە ڕەنگە زۆرجار فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی ڕێگاچارەیەکی باشتر بێت**



ئیریک گریمەر بۆ گوڵان:

# دەبێت کورد دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێت، چونکە خاوەنی زمان و ناسنامە و کولتووری سیاسی خۆیانن

**پرۆفیسۆر ئیرك گریمەر سۆلم ئوستادی مێژووە لەزانکۆی ویسلیان پسپۆر وتایبەتمەندە لەسەر مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا، واتە مێژووی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەدەی ١٨و ١٩، سەبارەت بەسەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی و کاریگەری ئەم دەوڵەتە لەسەر گەلانی ئەوروپا، پرۆفیسۆر گریمەر بەمجۆرە بۆ گوڵان رای خۆی خستەڕوو.**

*** بە پێی تێڕوانینی ئێوە ئایا فەلسەفەی دەوڵەتی نەتەوەیی چییە؟ هەروەها بۆچی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا لە ئەوروپادا بو بە مۆدێل؟**

- لە ڕاستیدا ئەو پێناسەیەی کە نزیکە لە تێڕوانینی منەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بریتییە لە بوونی زمانی هاوبەش، کولتووری هاوبەش و مێژووی هاوبەش، کە زۆرجار ئەم مێژووە دووبارە کەشف دەکرێتەوە، یاخود دادەڕێژرێتەوە. هۆکاری بڵاوبونەوەی دەوڵەتی نەتەوەی لە کۆتای سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گۆڕانکاریەکان لە ئەوروپادا، بە تایبەتی فەڕەنسا و ئەڵمانیا بە ڕەوتێکی زۆر خێرا ڕوویاندا، بە تایبەتی ڕەوتی گەشەکردنی پیشەسازی و گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی و گەورەبوونی شارەکان کە بونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیە کۆنەکان کە زۆربەیان پەیوەندی خێڵەکیی بوون، واتە داڕشتنی قەوارە و چوارچێوەیەك دیکە پێویست بوو بۆ ئەوەی ئەم گەشەکردن و گۆڕانانە لە خۆبگرێت کە ئەم قەوارەیەش دەوڵەتی نەتەوەی بوو. ئەمەش پرۆسەیەکی بەردەوام بوو، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا تێکڕای نەتەوەکان دەوڵەتی خۆیان دروست نەکرد، بۆ نموونە تا ئەم دواییە دەوڵەتانی وەك ئیستۆنیا و لاتیڤیا و چیك بوونیان نەبوو، واتە ئەمە پرۆسەیەکی بەردەوامە.

**ئەو پێناسەیەی کە نزیکە لە تێڕوانینی منەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بریتیە لە بوونی زمانی هاوبەش، کولتووری هاوبەش و مێژووی هاوبەش، کە زۆرجار ئەم مێژووە دووبارە کەشف دەکرێتەوە، یاخود دادەڕێژرێتەوە**

*** ئایا نەبوونی دەوڵەت بە مانای نەبوونی نەتەوە دێت، یاخود ئایا تا چ ڕاددەیەك بوونی دەوڵەت بوونی نەتەوەیەك دەسەلمێنێت؟**

- هەمیشە بوونی نەتەوە بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە خۆناگرێت، بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە براتونەکان بکەین لە فەڕەنسا کە نەتەوەیەکن خاوەنی زمان و مێژوو و کولتووری هاوبەشی خۆیانن بەڵام خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیان نین، لە هەمان کاتدا دەکرێت باس لە کوردەکان بکەین کە هەستێکی بەهێزی نەتەوەییان هەیە و خاوەنی زمان و کولتووری خۆیانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی نین، دەکرێت هۆکارەکە بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە ئەو دەوڵەتانەی ئەم نەتەوانە لەچوارچێوەیدا دەژین بەرژەوەندی ناکۆك و جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە پێشبینی ناکرێت فەڕەنسا ڕێگە بە سەربەخۆیی براتونەکان بدات.

*** پرسیارێکی دیکە پەیوەستە بە مێژووەوە، بۆ نموونە ئەگەر بسمارك دەوڵەتی ئەڵمانی دروست نەکردایە، ئایا ئەڵمانیای ئێستا خاوەنی ئەوەدەبوو کە هەیەتی، یاخود ئەگەر دیگوڵ فەڕەنسای ڕزگار نەکردایە ئایا نەتەوەی فەڕەنسا لە ناو نەدەچوو؟**

- دەکرێت بڵێین نەتەوەی فەڕەنسا هەر دەبوو، بەڵام بێ بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، ڕاستە ئەڵمانیا فەڕەنسای داگیرکرد و لەدەرئەنجامدا دوو دەوڵەت و دوو قەوارەی سیاسی لە فەڕەنسا دروست بوو کە یەکێکان داگیرکرابوو. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئامانجەکانی بسمارکەوە، من پێموایە مەرج نییە ئامانجەکانی بسمارك دروستکردن و پێکهێنانی ئەڵمانیای مەزن بووبێت لە ڕێی یەکگرتنی ئەو دەوڵەتە ئەڵمانیانەی لەو کاتەدا لە ئارادابوون، بەڵکو زیاتر مەبەستی نەهێشتنی کاریگەری و دەستڕۆیشتویی نەمسا بوو، هەروەها ئەو ئیمبراتۆریەتەی دروستکرا تێکڕایی دەوڵەتە ئەڵمانیەکانی لەخۆنەدەگرت، بۆ نموونە ئەو بەشەی نەمسای لەخۆنەگرت کە بە ئەڵمانیا قسەیان دەکرد، واتە دەکرێت بڵێیت دەوڵەتێکی نەتەوەیی بوو، بەڵام دەوڵەتێکی نەتەوەیی تەواو نا، لەبەرئەوەی تێکڕایی ئەڵمانیەکانی لەخۆنەدەگرت، هەروەها ئەم دەوڵەتە لەڕێی شەڕەوە دروست بوو، شەڕ لەگەڵ نەمسا و لەگەڵ فەڕەنسادا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نەتەوانەی خوازیاری پێکهێنانی قەوارەیەکی نەتەوەیین، دەکرێت پەنا بۆ دروستکردنی دەوڵەت ببەن، کە من ئومێدەوارم کوردەکان بتوانن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دروست بکەن، چونکە مێژوویەکی پڕ لە کارەساتیان هەبووە. من پێموایە دەبێت کوردەکان قەوارەیەکیان هەبێت، بەڵام ئایا لەسایەی چ هەلومەرجێکدا، ئایا دەبێت چ میکانیزمێك بگیرێتەبەر، بۆ نموونە ئایا لە ڕێی ئۆتۆنۆمییەوە دەبێت لەچوارچێوەی ئەم دەوڵەتانەدا، ئایا لە ڕێی پێدانی دەسەڵاتەوە دەبێت، یاخود لە ڕێی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، چونکە ئەوەی دۆخەکەی ئاڵۆزکردووە، بوونی کوردەکانە لە وڵاتانی عێراق، تورکیا، سوریا و ئێراندا.

*** ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی گرێبدەینەوە بە مافە تاکەکەسییەکانەوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك دەوڵەتی نەتەوەیی ڕەنگدانەوە ئازادی تاکەکەسییەکانی دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا لە تیوری دیموکراسیەتی لیبراڵیدا باس لەوەدەکرێت کە تاکەکەسەکان ئازادانە هەڵدەستن بە هەڵبژاردن و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆرجار کەمینەکان لە ئارادان کە ڕەنگە بەرژەوەندیی جیاوازیان هەبێت و مافەکانیان پەراوێز و پێشێل دەکرێت، کاتێك

ئیرادەی زۆرینە دەسەپێنرێت. کە لەم کاتەدا کێشەکە ئەوەیە چۆن مافی ئەم کەمینانە بپارێزین.

*** یەکێکی دیکە لە مەسەلەکان لە جیهانی مودێرندا بریتییە لە دەستکاریکردنی سنوورەکان، بۆ نموونە ئەمە لە ئەورووپای رۆژهەڵات و ناوەڕاستدا روویدا، هەروەها دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت نزیکەی ١٥ دەوڵەت سەریانهەڵدا و دروستبوون، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سنوورەکان بە پیرۆز سەیر دەکرێن و ماف بە کوردەکان و فەلەستینیەکان نادرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دروست بکەن، راوبۆچونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- راستە لەم مەسەلەیەدا نیفاق و ئیزدیواجیەت هەیە، راستە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنووری دەستکردن و بەرهەمی سیاسەتی ئیمپریالیین و هیچ پەیوەندیان بە گەشەکردنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە نییە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە گۆڕینی و دەستکاریکردنی سنوورەکان دەبێتە پێشینەیەك، سابقەیەك بۆ ئەوەی گروپە نەتەوەییەکانی دیکەش داوای گۆڕانکاری و گۆڕینی سنورەکان بکەن. هەروەها زۆرجار بەهۆی ناکۆکی لەبارەی سنوورەکانەوە توندوتیژی و راگواستنی دانیشتوان روودەدات، هەروەك ئەوەی لە نێوان هیندستان و پاکستاندا روویدا، یاخود ئەوەی لە دوای ساڵی ١٩٤٥ لە نێوان ئەڵمانیا و پۆڵەندا روویدا کە راگواستنی ١٢ ملیۆن کەس لە پۆڵەنداوە بۆ ئەڵمانیا مردنی ٢ ملیۆن کەسی لێکەوتەوە، واتە کێشەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم سنورانە بگۆڕین بێ ئەوەی خەڵك ببنە قوربانی و بێ ئەوەی توندوتیژی لێبکەوێتەوە.

*** ئێمە وەك کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتین و هیچ کێشەکیان لەگەڵ دیموکراسی و رۆژئاوادا نیە، ئایا چۆن دەکرێت پشت بە کوردەکان ببەسترێت بێ ئەوەی مافی دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان پێ رەوا ببینرێت؟**

- ئەمە بارودۆخێکی پڕ لە کارەساتە، من تیروانینم وایە دەبێت کوردەکان دەوڵەتی نەتەوەی خۆیان هەبێت، چونکە خاوەنی زمان و کەلتوری و ناسنامەی سیاسی خۆیانن و زۆر خۆشحاڵ دەبم دەوڵەتی کوردستانی ببینم، بە هەمان شێوە بۆ فەلەستینیەکانیش لەبەر ئەوەی ئەوانیش رۆژگارێکی دوردودرێژە دەناڵێنن، ئەمەش ناعەدالەتیەکی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام راستیەك هەیە دەبێت ئاماژەی پێبکەین کە زۆرجار دەوڵەتە نەتەوەییەکان نەتەوەکانی دیکە سەرکوت دەکەن، بۆ نموونە ئیمبراتۆریەتی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧١ زمان و کەلتور و ئاینی پۆڵەندیەکانی سەرکوت دەکرد، هەروەها شۆرشی فەرەنسا بە شێوەیەکی سیستماتیکی هەڵدەستا بە خەفەکردن و سەرکوتکردنی زمان و کەلتور و ناسنامەی گروپەکانی دیکە، وەك براتونەکان و هتد، بە هەمان شێوەی کوردەکانیش لە سەردەستی سەددام و حوسێن هەمان رەفتاریان بەرامبەر کرا، یاخود ئەوەی ئێستا لە تورکیادا روبەڕوی دەبنەوە.

*** باس لەوەدەکرێت بەجیهانی بوون کۆتایی بە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی هێناوە، ئەمەش بە مانای کۆتاییهێنان دێت بەئومێدی نەتەوەی ئێمە، چۆن ئێمە پێناسەی بەجیهانی بوون بکەین لە کاتێکدا خەونی ئێمە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەناودەبات؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕانیم کە بە جیهانی بوون پێویستی یان توانای دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەناوبردووە، ئەگەرچی بازرگانی و ئاڵوگۆڕەکان بوونەتەهۆی دروستبوونی کولتوورێکی جیهانی، یاخود ئەگەرچی زۆرکەس پێیان وایە بوونی یەکێتی ئەورووپا بە مانای زاڵ بوون دێت بەسەر دەوڵەتی نەتەوەییدا، بەڵام هێشتا دەوڵەتەکان رۆڵ و ئەرکی بنەڕەتیان هەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەمە بیرۆکەیەکە موبالەغەی تێداکراوە و زۆرجار چەواشەکاریشە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- کوردەکان مێژویەکی پڕ لە کارەساتیان هەیە و من هاوسۆزم لەگەڵیاندا و ئومێد دەکەم چارەسەرێکی ئاسان هەبوایە بۆ ئەم کێشە ئاڵۆزانە، ئەوەی من لە لێکۆڵینەوەکانماندا پێی گەیشتوم ئەوەیە پرۆسەکانی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوشان بووە بە توندوتیژی، لەبەر ئەوە من هیوادارم و هانتان دەدەم کە لەم رووەوە بە حەزەرەوە هەوڵ بدەن و بە وریاییەوە هەنگاو بنێن.



**هەمیشە بوونی نەتەوە بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە خۆناگرێت، بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە براتونەکان بکەین لە فەرەنسا کە نەتەوەیەکن خاوەنی زمان و مێژوو و کولتووری هاوبەشی خۆیان بەڵام خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیان نین**

# رەخنەی ئەقڵانی کۆمەڵگەی کراوە بەرهەمدەهێنێ

# یاسا فەرمانڕەوایە و حکومەت پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت ڕێکدەخات

کاتێك باسی کۆمەڵگەی کراوە دەکەین، واتە باسی ئەوە دەکەین هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە پێشکەوتنە، واتە دان بەوەدا دەنێین بە ڕێگایەکی راستدا هەنگاو هەڵدەگرین، بەڵام ئەو ڕێگەیە هەنگاوی دیکەشی ماوە و هەتا مرۆڤ لە پێشکەوتن بەردەوام بێت بڕینی ئەو ڕێگەیەش بەردەوام دەبێت، ئەم تێڕوانینە فێرمان دەکات بە دیدێکی رەخنەیی سەیری هەموو ژیانی خۆمان بکەین، بۆیە لە کۆمەڵگەی کراوەدا هەموو مەسەلەیەك شایستەی رەخنە و توێژینەوەی رەخنەییە، بەڵام بنەمای رەخنەکانمان رۆشنبیرییەکی کراوەیە و پابەند نییە بە مەزهەب یان ئایدۆلۆژیەتێکی سیاسیی دیاریکراوەوە، ئەمەیە دەبێتە دەستپێکی ئەو باسە گرنگەی کە ئایدۆلۆژیەت چەند خۆی ماندوو بکات و چەند چەمکەکانی بەزەبری هێز لە کۆمەڵگەدا بسەپێنرێت، بێجگە لە دۆزەخ و کۆمەڵگەیەکی داخراو شتێکی دیکە دروست ناکات.

کۆمەڵگەی کراوە دەسەڵات لە حکومەت وەردەگرێتەوە و تەسلیمی یاسای دەکات، بۆیە کاتێك یاسا دەبێتە پادشا و فەرمانراوە و هیچ کەسێك لەسەرووی یاساوە نابێت، ئەوا ئاساییە جاڕی کۆمەڵگەی کراوە بدرێت، واتە هەنگاو بۆ کۆمەڵگەیەك هەڵدەگرین، هیچ شتێك تابوو نییە و هیچ شتێك بەو ئاستە پیرۆز نیە کە رەوتی مێژوو پیرۆزیکردووە نەك ئەقڵ، واتە ناکرێت تێگەیشتمان بۆ راستی لە چوارچێوەی ئەو تەفسیر و تەئویلانە رووبەڕووی دەرگا داخراوەکان بێتەوە، کە بەدرێژایی مێژوو بۆ دەقێکی پیرۆز کراوە، راستە دەقەکە پیرۆزە بەڵام نابێت ئەقڵی مرۆڤ بەو ئاستە داخراو بێت، واز لە ئەقڵی خۆی بێنێت و تەسلیمی تەفسیرە مێژووییەکان بێت، بۆیە مافی هەر تاکێکە توێژینەوەی رەخنەیی لەسەر تەفسیر و تەئویلی مرۆڤەکان بکات و خوێندنەوەیەکی تازە بەرهەم بهێنێتەوە، کە ئەم خوێندنەوە تازەیەش راستی تێدایە، نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بڵێین هەقیقەتی تەواوە و یەقینی بەدەستهێناوە، کەواتە لەبەرئەوەی گەیشتن بە یەقین بەپێی هەموو تەفسیرە ئاسمانی و زەمینیەکان، پێویستە بەبەردەوامی پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤ و بەرداوەمی پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤیش کۆتایی نایەت، بۆیە هەوڵەکانیش بۆ گەیشتن بەیەقین کۆتایی نایەت، بۆئەوەی ئەم بۆچوونە بە هەڵە تەفسیر نەکرێت، دەکرێت نموونەی گالیلۆ لەگەڵ ئەقڵی کەنیسە (نەك ئینجیل) بەراورد بکەین، کاتێك گالیلۆ رایگەیاند زەوی بەدەوری خۆی و بەدەوری خۆریشدا دەسوڕێتەوە، کەنیسە پێیوابوو گالیلۆ یەقینێکی پێچەوانەی یەقینی کەنیسەی بەرهەمهێناوە بۆیە بڕیاری ئەوەیاندا یان دەبێت گالیلۆ پەشیمان بێتەوە یان دەبێت لەسێدارە بدرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا نە گالیلۆ یەقینی بەدەستهێنابوو، نە دژی کەنیسەش بوو، بەڵکو قسەکەی گالیلۆ بەرەنجامی کۆمەڵێك تاقیکردنەوەبوو، کە هێشتا ئەقڵی پیاوانی کەنیسە نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی ئەو راستیانەیان پێ هەزم بکرێت، بۆیە بە قسەکەی گالیلۆ راستە دەسەڵاتی کەنیسە کۆتایی هات، کریستیان وەك ئایین بەرزتر هەڵکشا، لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو کاتێك ئامسترۆنگ لەسەر مانگ دابەزی زۆر لە پیاوانی ئێمەش کە ئەم راستیەیان نەدەسەلماند و بەکوفر لە قەڵەمیاندەدا، بەڵام پاش ئەوەی بەدیدی ئەمڕۆ (ئەو رۆژەی کە چوونە سەرمانگ) جارێکی دیکە قورئان خوێندرایەوە، بینیمان چوونە سەر مانگ نەك هەر کوفر نییە، بەڵکو یەکێکە لە موعجیزەکانی دیکەی قورئان و مرۆڤ هاندەدات بۆ ئەوەی زیاتر بچێتە ناو بۆشایی گەردوونەوە. کەواتە مەبەستمان لە رەخنە یان توێژینەوەی رەخنەیی ئەوەیە چیدیکە مرۆڤ ملکەچی ئەو ئەقڵیەتانە نەبێت، کە پڕۆپاگەندەی ئەوە دەکەن هەقیقەتی تەواو لای ئەوانە و مادام گەیشتوونە هەقیقەت بە هەر ڕێگەیەك بێت دەبێت ئەو هەقیقەتە بسەپێنرێت، بە ناوی هەقیقەتەوە دۆزەخ دروست بکرێت.

## کۆمەڵگەی داخراو لە کێڵگەی بە مینچێنراو دەچێت

لەکۆمەڵگەی داخراودا ناتوانیت ئازادانە هەنگاو هەڵبگرێت یان بیربکەیتەوە، لەبەرئەوەی لە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێکدا مەترسی ئەوەت هەیە، لەناکاو مینێکت بە ناوی تابوویەکەوە پێدا بتەقێتەوە. بوونی ئەم هەموو تابوویانە واتلێدەکات لە هەرشوێنێك رەمزی رێکخراوی هەڵگرتنەوەی مین (MAG) هەبێت نەتوانیت بچێتە ئەو ناوچەیە، ئەمە واتە ئەگەر لەو ناوچەیە گەوهەریش هەبێت تۆ ناتوانی بچیتە ناویەوە لەبەر ئەوەی لەهەر ساتێکدا مەترسیی ئەوەت هەیە گیانت بکەوێتە مەترسیەوە، کۆمەڵگەی داخراویش کە تێیدا ئایدۆلۆژیەتێکی سیاسیی لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا دەبێتە رەمزی (MAG) و کەس ناتوانێت لەو کۆمەڵگەیە بە ئازادی بیربکاتەوە یان رەخنە ئاراستەی هیچ شتێك بکات، بۆیە لە نێوان کۆمەڵگەی کراوە و کۆمەڵگەی داخراودا، کۆمەڵگەیەکی دیکە نییە، یان ئەوەتا دەبێت بڕیار بدەین کۆمەڵگەی ئێمە کراوە بێت و بێجگە لە یاسا هیچ شتێکی دیکە سانسۆر نەبێت، یان ئەوەتا دەبێت تەسلیمی سانسۆرەکان بین واز لە بیرکردنەوەی ئەقڵانی و توێژینەوەی رەخنەیی بهێنین، لێرەدا بە چەند خاڵێك سیماکانی کۆمەڵگەی کراوە و داخراو بەراورد دەکەین:

١- لە کۆمەڵگەی کراوەدا یاسا فەرمانڕاوەیە و حکومەت بەپێی رای گشتی پێوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە رێکدەخات، هەربۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگایە رۆشنبیری کراوە باڵادەستە بێجگە لەیاسا کە ئیرادەی دەخاتە سەروو هەر ئیرادەیەکی دیکەوە، هیچ سانسۆرێکی دیکە لەسەر ئازادی سیاسیی و مەدەنی و فکرییەکان نییە، بەڵام لە کۆمەڵگەی داخراودا هەموو ئازادیە سیاسیی و مەدەنی و فیکریەکان لە ژێر سانسۆردان، چەمکی ئایدۆلۆژیەت و دابونەریتی کۆن باڵادەستە و هەموو ئەم چەمکانە سانسۆرن لەسەر ئازادیەکان و یاسا هیچ رۆڵێکی نییە، یان یاسا خراوەتە خزمەتی چەسپاندنی زیاتری ئەم سانسۆرانە.

٢- لە کۆمەڵگەی کراوەدا حکومەت بەهێزی خۆی لە راستگۆیی و کرانەوە و شەفافیەتدا دەبینێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەی داخراودا، حکومەت خۆی لە چەسپاندن و پتەوکردنی سانسۆرەکاندا دەبینێتەوە، هەر بۆیە ئەو سانسۆرە بە هەقیقەتی دەزانێت بە زەبری هێز و تۆقاندن جێبەجێی دەکات و ئەوەشی لەو سانسۆرانە لابدات بە توندترین شێوە سزای دەدات.

ئەم دوو خاڵە، دوو خاڵی گرنگن بۆ جیاوازی




لە کۆمەڵگەی کراوەدا یاسا فەرمانڕاوەیە و حکومەت بەپێی رای گشتی پێوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە ڕێکدەخات

نێوان كۆمه‌ڵگه‌ی كراوه‌ و كۆمه‌ڵگه‌ی داخراو، كه‌ ده‌كرێت به‌ ساده‌تریش هه‌ردوو خاڵه‌كه‌ چڕ بكه‌ینه‌وه‌ له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی كراوه‌دا ئه‌قڵه‌كان ئازادن بۆیه‌ ره‌خنه‌ ده‌گرن، به‌ڵام له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی داخراودا ئه‌قڵه‌كان دیلكراون بۆیه‌ رێگه‌یان پێنادرێت ره‌خنه‌ بگرن.

## ئاڵته‌رناتیڤی كۆمه‌ڵگه‌ی كراوه‌ ده‌وڵه‌تی سه‌ركوتكارییه‌

ئه‌گه‌ر تۆتالیتاره‌كان ئایدۆلۆژیه‌تیشیان جیاواز بێت، به‌ڵام حوكمڕانیه‌كانیان هاوشێوه‌ن و هه‌موویان كۆمه‌ڵگه‌ی داخراو به‌رهه‌مده‌هێنن، بۆیه‌ ئه‌گه‌ر به‌راورد له‌نێوان حوكمڕانی كۆریای باكوور و ئیماره‌تی تاڵیبان له‌ ئه‌فغانستان بكه‌ین، ده‌بینین ئه‌وه‌ی له‌ سه‌رده‌می حوكمی تاڵیباندا به‌ بیانووی جۆراوجۆر خرابوونه‌ لیستی تابووه‌كانه‌وه‌، به‌ هه‌مان شێوه‌ له‌ كۆریای باكووریش كۆمه‌ڵێك مه‌سه‌له‌ی دیكه‌ به‌ بیانووی جۆراوجۆر خراونه‌ته‌ لیستی تابووه‌كانه‌وه‌، حكومی تاڵیبان به‌ كاری تیرۆریستی هه‌ڕه‌شه‌ی له‌ ئاشتی و ئاسایشی جیهانی ده‌كرد، ده‌بینین حكومڕانی ئێستای كۆریای باكور به‌ رێگه‌ی بڵاوكردنه‌وه‌ی چه‌كی ئه‌تۆمی هه‌ڕه‌شه‌ له‌ ئاشتی و ئاسایشی جیهان ده‌كات، حكومه‌تی كۆریای باكور به‌و شێوه‌یه‌ سه‌یری ئاینده‌ده‌كات ئه‌گه‌ر ئه‌م سیسته‌مه‌ی ئێستا كۆریای باكوور به‌ڕێوه‌ ده‌بات گۆڕانی به‌سه‌ردا بێت، ئه‌وا جیهان كۆتایی دێت، بۆیه‌ كاتێك هه‌ڕه‌شه‌ی گۆڕانی لێده‌كرێت، ئه‌ویش هه‌ڕه‌شه‌ی كۆتایی جیهان ده‌كات، حكومه‌تی تاڵیبانیش هه‌ر به‌و شێوه‌یه‌ بیری ده‌كرده‌وه‌ كاتێك كۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تی داوای لێده‌كرد واز له‌ كاری تیرۆریستی بهێنێت، ئه‌و وای لێكده‌دایه‌وه‌ كه‌ وازهێنان له‌ تیرۆر واته‌ وازهێنان له‌ هه‌قیقه‌ت، واته‌ واز هێنان له‌و سیسته‌مه‌ی ئه‌و بڕوای پێیه‌تی و واته‌ كۆتایی جیهان، بۆیه‌ هه‌وڵیده‌داته‌ ترس و تۆقاندن بخاته‌ سه‌رانسه‌ری جیهانه‌وه‌، له‌م روانگه‌یه‌وه‌ ده‌كرێ بپرسین كاتێك دیموكراسی یان بنه‌ماكاكانی ده‌وڵه‌تی مه‌ده‌نی بكرێنه‌ هه‌قیقه‌ت و وه‌ك ئایدۆلۆژیه‌ت سه‌یر بكرێت، ئایا هه‌مان هاودژی كۆریای باكوور و تاڵیبان دروست ده‌كات؟ له‌وه‌ڵامدا ده‌ڵێین، جۆرج ده‌بلیو بوش-ی سه‌رۆكی پێشووی ئه‌مریكا له‌ شه‌ڕی دژه‌ تیرۆردا خۆی رووبه‌ڕووی هه‌مان حاڵه‌تی هاودژی كرده‌وه‌، ئه‌م هاودژیه‌ش له‌و خاڵه‌وه‌ ده‌ستی پێكرد كاتێك له‌ دوای ١١ی سێپته‌مبه‌ر رایگه‌یاند (ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ ئێمه‌ نه‌بێت دوژمنمانه‌) ئه‌مه‌ش واته‌ ئه‌وه‌ی نه‌یه‌ته‌ سه‌نگه‌ری منه‌وه‌ هه‌قیقه‌تی لا نییه‌، بۆیه‌ به‌م سیاسه‌ته‌ نه‌ك هه‌ر نه‌یتوانی سه‌ركه‌وتن به‌ده‌ستبهێنیت، به‌ڵكو گه‌وره‌ترین دوو سه‌ركه‌وتن، كه‌ بریتی بوون له‌ رووخانی رژێمی تاڵیبان و رژێمی سه‌دام حوسێن، كردیه‌ قوربانی ئه‌و سیاسه‌ته‌ هه‌ڵه‌ی له‌ ماوه‌ی ٢ پۆستی سه‌رۆكایه‌تی پیاده‌ی كرد، هه‌روه‌ها له‌سه‌رده‌می بوش-دا، بۆ یه‌كه‌مجار ئه‌مریكا هاوپه‌یمانییه‌كی گه‌وره‌ی له‌ده‌ستدا و ته‌نانه‌ت بۆ بڕیاردان له‌سه‌ر شه‌ڕی ئازادكردنی عێراق چوونه‌ دوورگه‌ی كه‌ناری بۆ ئه‌وه‌ی له‌ چاوی كامێرا و خۆپیشانده‌ران به‌دووربن، كه‌واته‌ بوش خاڵه‌ به‌هێزه‌كانی دیموكراتی و ده‌وڵه‌تی مه‌ده‌نی ده‌ستووری له‌ناو ئایدۆلۆژیه‌كدا ته‌وزیفكرد، بۆ ئه‌وه‌ی درێژه‌ به‌شه‌ڕێك بدات كه‌ خۆی وه‌ك هه‌قیقه‌ت سه‌یری ده‌كرد. به‌ڵام جیاوازی نێوان ئه‌مریكا و كۆریای باكور و ئیماره‌تی تاڵیبان له‌و خاڵه‌ گرنگه‌دایه‌ كه‌ كۆتایی سیاسه‌تی سه‌رۆك بوش وه‌ك كۆتایی ئه‌مریكا سه‌یر ناكرێت و به‌ هاتنی ئۆباما زۆر بنه‌مای سه‌ره‌كی ئه‌م سیاسه‌ته‌ ده‌سكاری كرا، به‌ڵام گرفته‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ له‌ رژێمه‌ تۆتالیتاریه‌كاندا، هیچ هێزێك نییه‌ بتوانێت ئه‌و بنه‌ما هه‌ڵانه‌ راستبكاته‌وه‌.

## تاچه‌ند ئێمه‌ ده‌توانین خۆمان وه‌ك كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی كراوه‌ پێناسه‌ بكه‌ین

ئێمه‌ ته‌نها له‌و خاڵه‌وه‌ ده‌توانین خۆمان وه‌ك كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی كراوه‌ و شه‌فاف پێناسه‌ بكه‌ین، كه‌ ئاماده‌باشیمان تیدا بێت دان به‌ چه‌ند خاڵدا بنێین:

١- دان به‌وه‌دا بنێین كۆمه‌ڵێك ده‌سكه‌وت له‌سه‌رئاستی ئازادی له‌ بواری ئازادی سیاسیی و مه‌ده‌نی هاتوونه‌ته‌ دی و پێویسته‌ رێز له‌م ده‌ستكه‌وتانه‌ بگیرێت.

٢- ده‌بێت دان به‌وه‌شدا بنێین ئه‌م ده‌سكه‌وتانه‌ بێ كه‌موكورتی نیین و ده‌بێت راشكاوانه‌ و راستگۆیانه‌ ره‌خنه‌یان لێ بگرێت و نابێت ره‌خنه‌كانیش، به‌ چاوی گومانه‌وه‌ سه‌یر بكرێت، به‌ڵكو ده‌بێت وه‌ك گه‌ڕان به‌دوای كه‌موكورتییه‌كان و هه‌وڵدان بۆ چاره‌سه‌ركردنیان هه‌ڵبه‌سه‌نگێنرێن و ته‌قدیری ئه‌و هه‌وڵانه‌ بكرێت.

٣- هه‌ندێك لایه‌نی كۆمه‌ڵایه‌تی ئێمه‌ شایسته‌ی ئه‌وه‌ن ره‌خنه‌ی زیاتری لێ بگیرێت، هه‌وڵدراوه‌ زه‌مینه‌ی ئه‌وه‌ بڕه‌خسێت، كه‌ دابونه‌ریته‌كانمان ملكه‌چی ره‌خنه‌ی ئه‌قڵانی بن، ده‌بێت دان به‌و هه‌وڵانه‌ بنێین، به‌ڵام ده‌بێت ئه‌وه‌ش باس بكه‌ین هێشتا ئه‌و هه‌وڵانه‌ به‌س نیین و ده‌بێت ره‌خنه‌ی زیاتری لێ بگرێت، به‌تایبه‌تی له‌ بواری تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی باری كه‌سێتی و هه‌وڵدان بۆ یه‌كسانی ئافره‌ت و سه‌لماندنی مافه‌كانیان وه‌ك ئه‌وه‌ی ئافره‌ت به‌ شایسته‌ی خۆی ده‌زانێت، نه‌ك پیاو له‌ پیاوه‌تی خۆیه‌وه‌ پێیان ببه‌خشێت.

٤- ده‌بێت دان به‌وه‌دا بنێین، تاڕاده‌یه‌ك حكومه‌ت توانیویه‌تی په‌یوه‌ندی نێوان هاووڵاتیان و كیانی سیاسیی هه‌رێمی كوردستان رێكبخات، به‌ڵام ئه‌م رێكخستن و به‌ڕێوه‌بردنه‌ بێ كه‌موكورتی نییه‌. به‌تایبه‌تی له‌بواری به‌شداری ئافره‌ت له‌كاری سیاسیی و به‌شداری له‌ كابینه‌كانی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان و په‌رله‌ماندا، ئه‌م حاڵه‌ته‌ ده‌بێت به‌ توندی ره‌خنه‌ی لێ بگیرێت، له‌به‌رئه‌وه‌ی له‌ حكومه‌ته‌كه‌ی نێچیرڤان بارزانیدا، ئاستی به‌شداری ئافره‌ت وه‌ك پێویست نییه‌، هه‌روه‌ها سه‌باره‌ت به‌ گه‌نجان و لاوانیش هه‌نگاوی باش هه‌ڵگیراوه‌و ده‌بێت لاوان خۆیان دان به‌م راستیه‌ بنێن، به‌ڵام ده‌بێت بواری زیاتر به‌ گه‌نجان و لاوان بدرێت بۆ ئه‌وه‌ی زیاتر ره‌خنه‌ بگرن و بیری نوێ بهێننه‌ ناو په‌رله‌مان و حكومه‌ته‌وه‌ و ئه‌مه‌ش به‌وه‌ ده‌بێت، ده‌رگاكه‌ زیاتر واڵا بكرێت بۆ جێكردنه‌وه‌یان له‌ناو په‌رله‌مان و دامه‌زراوه‌كانی حكومه‌تدا.

٥- له‌سه‌ر ئاستی گۆڕینی ئابووری ده‌وڵه‌ت بۆ ئابووری بازاڕ هه‌نگاوی باش هه‌ڵگیراوه‌، هه‌ستده‌كرێت، سیمای ئابووری بازاڕ له‌كوردستاندا بوونی هه‌یه‌، به‌ڵام ده‌بێت ره‌خنه‌ش له‌م بواره‌ بگرین، كه‌ ئه‌م وه‌رچه‌رخانه‌ به‌ ته‌واوه‌تی نییه‌ و له‌ به‌شێكیدا قۆرخكردنی ئابووری له‌ ده‌سه‌ڵاتی ده‌وڵه‌ته‌وه‌ گواستۆته‌وه‌ بۆ كۆمه‌ڵێك كه‌سی دیكه‌ كه‌ له‌یه‌ك كاتدا، هه‌م به‌شداره‌ له‌ بڕیاری سیاسیی وه‌ك سیاسه‌تمه‌دار و هه‌میش ده‌ستی له‌ بازاڕ وه‌رداوه‌ وه‌ك بازرگان، بۆیه‌ لاری له‌سه‌ر ئه‌وه‌ نییه‌، سیاسه‌تمه‌دارێك بازرگانی بكات، به‌ڵكو ره‌خنه‌كه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه‌، ده‌سه‌ڵاته‌ سیاسیه‌كه‌ی بۆ قۆرخكردنی بازاڕ به‌كاربهێنێت.

٦- له‌بواری سه‌روه‌ری یاسا كه‌ ئه‌مه‌ دوایین قۆناخه‌ جاڕی كۆمه‌ڵگه‌ی كراوه‌ی تێدا ده‌درێت، ده‌بێت زۆر به‌بایه‌خه‌وه‌ هه‌وڵه‌كانی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان بۆ جیاكردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ری له‌حكومه‌ت و ناساندنی وه‌ك ده‌سه‌ڵاتێكی سه‌ربه‌خۆ بگرین، به‌ڵام ته‌نها جیاكردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ری نابێته‌ هۆكاری پیاده‌كردنی سه‌روه‌ری یاسا و یه‌كسانبوونی هه‌مووان له‌به‌رده‌می یاسادا، به‌ڵكو ده‌بێت ئه‌و ره‌خنانه‌ به‌جیددی هه‌ڵوه‌سته‌یان له‌سه‌ر بكرێت، كه‌ سه‌رۆكی حكومه‌ت له‌م بواره‌ گرنگه‌ ئاماژه‌ی پێكردو، له‌سه‌ر هه‌مووشیانه‌وه‌ رێگرتن له‌سه‌ر كاریگه‌ری هێزه‌ سیاسیه‌كان له‌سه‌ر بڕیاری دادگاكان، راسته‌ ئه‌م خاڵه‌ خاڵێكی گه‌وهه‌ریه‌ و ده‌بێت هه‌موومان بۆ لابردنی ئه‌م ئاسته‌نگه‌ پشتگیری له‌ هه‌وڵه‌كانی سه‌رۆكی حكومه‌ت بكه‌ین، به‌ڵام ره‌خنه‌كان لێره‌دا كۆتاییان پێنایه‌ت، ته‌نها به‌ كاریگه‌ری هێزه‌ سیاسیه‌كان به‌ شێوه‌یه‌كی رووكاری چاره‌سه‌ر نابن، به‌ڵكو پێویسته‌ هه‌نگاوی زیاتر هه‌ڵبگرین، به‌ جۆرێك كه‌ هه‌یكه‌لی سیسته‌می دادوه‌ری له‌ جێبه‌جێكردنی یاساكاندا، هه‌وڵی رازیكردنی سیاسه‌تمه‌داران و خاوه‌ن كۆمپانیاكان نه‌دات، له‌م وڵاته‌ یاسا سه‌رمایه‌ هه‌ڵبسوڕێنێت و ململانێی بازاڕ رێكبخات، نه‌ك مه‌زاجی ئه‌م به‌رپرس یان سیاسه‌تمه‌داری بازرگان.


له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی داخراودا، حكومه‌ت خۆی له‌ چه‌سپاندن و پته‌وكردنی سانسۆره‌كاندا ده‌بینێته‌وه‌



تۆتالیتاره‌كان ئایدۆلۆژیه‌تیشیان جیاواز بێت، به‌ڵام حوكمڕانیه‌كانیان هاوشێوه‌ن و هه‌موویان كۆمه‌ڵگه‌ی داخراو به‌رهه‌مده‌هێنن

باربارا ویجنرت بۆ گوڵان:

# سەروەری یاسا تا دوا ڕادده گرنگە، لەبەرئەوەی ئەو سیاسەتە دەسەپێنێت کە ڕێگە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە خۆش دەکات



**خاتوو باربارا ویجنرت ئوستادی سیسیۆلۆژیە لەزانکۆی بافلۆ و یەکێکە لەو تۆژەرە کۆمەڵایەتیانەی کە چەندین دیراسەتی مەیدانی لە سروشتی کۆمەڵگاکان کردووە و لەنزیکەوە لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە داخراوەکان ئاگادارە، بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر باربارا کردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن.**

**هیچ کۆمەڵگەیەک میسالی نییە، کامڵ و بێ کەم و کورتی نییە، هەموو کۆمەڵگەیەک بە پرۆسەی بەرەوپێشچوون و گەشەکردندا تێدەپەڕێت، هەر ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە دەبێت تێکڕایی تواناکانی تاکەکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەم پرۆسەیە بخرێتەگەڕ**

*** ئایا مانای کۆمەڵگەی کراوە و داخراو چییە و ئایا دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە چین؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت سەرەتا ئەوە دەستنیشان بکەین کە لە چ ڕوویەکەوە باس لە کۆمەڵگەی کراوە دەکەین، لە ڕووی کرانەوەی ئەم کۆمەڵگەیە بە ڕووی زانیاریدا، یاخود لە ڕووی کرانەوەی کۆمەڵگەکە لە ڕووی ئاینیەوە یان سیاسیەوە. بەو پێیە دەبێت لەو ڕوانگەیەوە حوکم لەسەر کرانەوە یان داخرانی کۆمەڵگەیەك بدەین کە تا چ ڕاددەیەك سیاسەت و بڕیار و ڕێساکانی حکومەتەکە ئازادی دەستەبەردەکەن و ڕێگە بە بەرەوپێشچوونی ئابووری و سیاسی و کولتووری دەدەن، تا چ ڕاددەیەك ئازادی بۆ گروپە ئیتنی و ئاینینەکان دابین دەکات.

*** کۆمەڵگە بێ بوونی ململانێ بەرەوپێش ناچێت، واتە ئەگەر ململانێی تێدا نەبوو بەرەوپێشچوونیش ڕوونادات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چ جۆرە ململانێیەك سەردەکێشێت بۆ بەرەوپێشچوون؟**

- بەدڵنیاییەوە هەموو کۆمەڵگەیەك خوازیاری بەرەوپێشچوونە، بۆ نموونە هەموو کۆمەڵگەیەك هەوڵ و کۆشش دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەران هاووڵاتیەکانی، ئەوەش دەوەستێتەسەر ئەوەی چ ڕێگا و شێوازێك بە گونجاو دەزانن بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، ئایا بە ئاوێتەبوون و تێکەڵبوون لەگەڵ ئابووری جیهانیدا، یاخود میکانیزم و شێوازێکی دیکە دەگرنەبەر.

*** دەبێت ئازادی لە چوارچێوەی سەروەری یاسادا بێت، بۆ ئەوەی هەمو تاکەکەسێك هەست بە ئازادی بکات و توانای داهێنانی هەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك سەروەری یاسا هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکە؟**

- سەروەری یاسا تا دوا ڕادده گرنگە، لەبەرئەوەی سەروەری یاسا ئەو سیاسەتە دەسەپێنێت کە ڕێگە بۆ بەرەوپێشچوون خۆش دەکات، سەروەری یاسا ئەوە دیاری دەکات کە تا چ ڕاددەیەك بوار بۆ دەستپێشخەری شەخسی لە ئارادایە و بە چ ئاراستەیەکدا ئەو دەستپێشخەریانە بخرێنەگەڕ. هەروەها بەهۆی ڕەخساندنی ماف و دەرفەتی یەکسانەوە هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی زەمینەی بەشداری کردنی تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگەکە لە پرۆسەی بەرەوپێشچووندا خۆش دەکات. واتە بوار بۆ گەشەپێدان، پەرەپێدان و خستنەگەڕی توانا و کەفائەتی ئەندامانی کۆمەڵگەکە دەڕەخسێنێت. لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵ و کۆششی جیددی بدرێت بۆ چەسپاندن، جێگیرکردنی سەروەری یاسا، بۆ پاراستنی و باڵادەستکردنی سەروەری یاسا.

*** هیچ کۆمەڵگەیەك میسالی نییە، هەموو کۆمەڵگەیەك کەموکورتی و ناتەواوی خۆی هەیە، کە دەبێت حکومەت هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشە و کەموکورتیانەی کۆمەڵگە چین؟**

- بەدڵنیاییەوە هیچ کۆمەڵگەیەك میسالی نییە، کامڵ و بێ کەم و کورتی نییە، هەموو کۆمەڵگەیەك بە پرۆسەی بەرەوپێشچوون و گەشەکردندا تێدەپەڕێت، هەر ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە دەبێت تێکڕایی تواناکانی تاکەکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەم پرۆسەیە بخرێتەگەڕ. گرنگ ئەوەیە دەنگی هاوڵاتیان، بیروبۆچونی هاوڵاتیان لەبەرچاوبگیرێت و داواکاری و داخوازیەکانیان ڕەچاو بکرێت، بەو پێیە ڕێگە بە بەشداربوونی هاوڵاتیان بدرێت لە بەرەوپێشبردن و پێشخستنی سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەتدا، یان بە دەربڕێنێکی دیکە حکومەت ئامادەی هێنانەدی گۆڕانکاری بێت لە سیاسەت و بەرنامەکانیدا بۆ وەڵامدانەوەی خواست و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان و هێنانەدی داواکاریەکانیاندا. من پێم وایە ئەمە ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر باشترکردنی هاوکاری نێوان حکومەت و هاوڵاتیان، بەو پێیە دەبێتەهۆی باشترکردنی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ئابووری، سیاسی و تەنانەت کەلتوری کۆمەڵگەکەشدا.

*** لە کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا، کەموکوڕییەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا زەق دەکرێنەوە، بۆ نموونە زۆرێك لە پارتە**

**سیاسیەکان بەرنامەی سیاسی خۆیان لەسەر ئەو کەموکورِیانە بنیات دەنێن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تەنها بۆ بەدەستهێنانی دەنگە، یاخود بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و کەموکورِیانەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەو کەموکورِیانە لە کاتی خۆیاندا چارەسەربکرێن، ئێمە باسی سەروەری یاسامان کرد و پێمانوایە کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا پێویستە یاساکانیش گۆرِانکاریان بەسەردا بێت. راستە لە چوارچێوەی سەروەری یاسادا دەبێت هەندێ یاسا و رێسا بە نەگۆری بمێنێتەوە، وەك رەچاوکردنی راستگۆی، بەڵام دەبێت هەندێ یاسا و رێسای دیاری کراو بە پێی گۆران و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکە بگۆردرێت.

*** ئێمە دەزانین هۆشیاری گشتی هۆکارێکی گرنگە بۆ هاوکاری نێوان هاووڵاتیان و حکومەت، ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی بەشداری هاووڵاتیان لە کاروبارەکانی حکومەتدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت چ میکانیزمێك، یاخود چ بەرنامەیەك بگیرێتەبەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاووڵاتیان؟**

- هۆشیاری گشتی هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان هەوڵ بدەن زانیاری پێویست لە بارەی چۆنیەتی بەرێوبردنی کاروبارەکان لەلایەن حکومەتەوە بەدەستبهێنن، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی و کارلێکی نێوان هاوڵاتیان و حکومەت، ئەوکاتە هاووڵاتیان دەتوانن تێگەیشتن و تێروانینێکی دیاری کراویان لە ئاست حکومەتدا بۆ دروست بێت کە کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵوێست و هەڵس و کەوتیان لەگەڵیدا. بەهەمان شێوە لەم رووەوە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەش گرنگی خۆی هەیە و لەم رووەوە یارمەتیدەرە و دەبێت کار بۆ بەرزکردنەوە و پەرەپێدانی بکرێت. خاڵێکی دیکە کە گرنگی هەیە و پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت بوونی راگەیاندنی ئازادە، بۆ نموونە راگەیاندن دەتوانێت رۆڵ ببینێت لە گەیاندنی زانیاریەکانی پەیوەست بە چۆنیەتی هەڵسوراندنی کاروبارەکانی حکومەتدا و دەکرێت ببێتە کەناڵی پەیوەندی نێوانیان، لەم کاتەدا هاوڵاتیان دەتوانن لەوە بکۆڵنەوە تا چ رادەیەك حکومەت و سیاسەت و بریاری راست و دروست جێبەجێ دەکات، بۆ نموونە ئەگەر گەیشتنە ئەوە قەناعەتەی کە بریارەکانی حکومەت خزمەت بە بەرژەوەندیەکانیان ناکات، دەتوان نارازیبوونی خۆیان لە رێی دەزگاکانی راگەیاندن، یاخود نوێنەرەکانیانەوە بگەیەنن.

*** چۆن دەکرێت یاساکان بەو شێوەیە دەربکرێن کە ببنە بەشێك لە ئەخلاقییەتی تاکەکەس و کۆمەڵگەکە؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، رەنگە زۆرجار بەیەکداچوونێك هەبێت لەنێوان یاساکان و ستانداردە ئەخلاقیەکاندا، بەڵام پێوەرە ئەخلاقییەکان لە هزری گشتی گروپێکی ئاینی، یاخود کۆمەڵایەتی یان کولتووریدا هەن، مەبەستم ئەوەیە مەرج نییە ئەم پێوەرە ئەخلاقیانە لە یاساکاندا بچەسپێنرێن، لەبەر ئەوەی رەنگە لای تێکرای گروپەکان جێی پەسەندکردن نەبن. واتە دەبێت یاسایەکی گشتی هەبێت و بەسەر هەمواندا جێبەجێ بێت، بێ ئەوەی پێوەری ئەخلاقی گروپێکی دیاریکراو بەسەر تێکرای گروپەکانی دیکەدا بسەپێنرێت. چونکە رەنگە گروپەکان پێوەری ئەخلاقی جیاواز و ناکۆکیان هەبێت.

رەنگە زۆرجار بەیەکداچوونێک هەبێت لەنێوان یاساکان و ستانداردە ئەخلاقیەکاندا، بەڵام پێوەرە ئەخلاقییەکان لە هزری گشتی گروپێکی ئاینی، یاخود کۆمەڵایەتی یان کولتووریدا هەن



کرایگ جۆنس بۆ گوڵان:

# کۆمەڵگەی کراوە هەمیشە خۆی ڕووبەڕووی ڕەخنە دەکاتەوە، دوژمنەکانیشی ئەو ئایدۆلۆژیایانەن کە ڕەخنەگرتن ڕەتدەکەنەوە



**پرۆفیسۆر کرایگ جۆنس بەڕێوەبەری ئامۆژگای جۆن هاوارد سۆسایەتیە لە کەنەدا، ئوستادی زانستی سیاسەتیشە لە زانکۆی کیون لە کەندا، پرۆفیسۆر جۆنس پێشتریش تۆژەر بووە لەسەنتەری دیراساتی دیموکراسی لەزانکۆی ناوبراو. بۆ بەدواداچوونی جیاوازیەکانی نێوان کۆمەڵگەی کراوە و کۆمەڵگەی داخراو، پرۆفیسۆر جۆنس بەمجۆرە باری سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** تاچەنـــد کۆمەڵگە لەڕێگــەی ڕەخنەی ئەقڵانییـــەوە هەنـــگاو بـــەرەو کرانـــەوە هەڵدەگرێت؟**

- بەتێڕوانینـــی من چەمکـــی کۆمەڵگەی کراوە، پەیوەســـتە بە ئامادەگی کۆمەڵگاکە بـــۆ ئـــەوەی بەهـــا و گریمانەکانی خۆی ڕووبـــەڕووی پێداچونەوەیەکـــی ڕەخنەگرانە بکاتەوە، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی داخراو ڕێگە بـــەم پێداچونەوە ڕەخنەگرانەیـــە نادات. واتە جیاوازیەکـــە ئەوەیە لـــە کۆمەڵگەی کراوەدا هەمیشـــە خۆیان ڕوبەڕوی ڕەخنە دەکەنەوە، دەکرێت دوژمنەکانیشی ئەو خەڵك و گروپ و بزوتنەوە و ئایدۆلۆژیانە بن کە ڕەخنەگرتن ڕەتدەکەنەوە.

چەمکی کۆمەڵگەی کراوە، پەیوەستە بە ئامادەگی کۆمەڵگاکە بۆ ئەوەی بەها و گریمانەکانی خۆی ڕووبەڕووی پێداچونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بکاتەوە، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی داخراو ڕێگە بەم پێداچونەوە ڕەخنەگرانەیە نادات

*** ئایاچ جۆرە ململانێیەك سەردەکێشێت بۆ بەرەوپێشچوون؟**

- ئـــازادی ڕۆژنامەگـــەری، لێبوردەیـــی، جموجـــوڵ و چالاکی بازرگانـــی و بوونی چینێکی ناوەڕاســـت کە خاوەنی ئاســـتێکی بەرزی پەروەردەبن. گرنگترین مەسەلە ئەوەیە خەڵك ترسیان نەبێت لە گومانکردن و پرسیار و ڕەخنەگرتن لە مەسەلەکان.

*** تا چ ڕاددەیەك سەروەری یاسا هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکە و کرانەوەی کۆمەڵگاکە؟**

- سەروەری یاسا میکانیزمی چارسەرکردنی ناکۆکییەکان دابین دەکات بێ ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی ببردرێـــت، ئەگەر کۆمەڵگەیەك خوازیـــاری ئەوەبێـــت لـــە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاســـیەوە گەشـــەبکات و بەرەوپێش بچێت، ئـــەوا دەبێت ئەو میکانیزم و دامەزراوانـــەی هەبێت کە بە شـــێوەیەکی ئاشـــتیانە ناکۆکیەکان یەکلابکەنەوە، ئەمەش ئـــەوە دەخاتەڕوو کە هەنـــدێ کۆمەڵگە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان پەنا بۆ توندوتیژی نابات، لە کاتێکدا هەندێ کۆمەڵگەی دیکە زۆر بە ئاســـانی پەنای بـــۆ دەبات. ئێمە لە وڵاتێکداین ئەو بیرۆکەیەمان لە ئیمبراتۆریەتی بەریتانیەوە بۆ ماوەتەوە کە ســـەروەری یاسا باڵاترە لە سەروەری توندوتیژی.

*** لەهەمـــوو کۆمەڵگەیەکـــدا چەنـــد پێشکەوتووش بێت، کێشەو کەموکوڕی هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا میکانیزمی گەڕان بـــە دوای هۆکاری کێشـــەکە و دۆزینەوەی چارەسەردا چیین؟**

- لە ڕاســـتیدا ڕەنگە وەڵامی ئەم پرســـیارە لە کۆمەڵگەیەوە بـــۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە بگۆڕێت، بـــۆ نموونە وەڵامی من ئەوەیە کە دەبێت تێڕوانین و پێداچونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە دامـــەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە و شـــێوەی حکومڕانێتیەکەیدا بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا ڕەنگە کەســـێکی دیکە وەڵامەکەی ئەوەبێت کە پێویســـتە کۆمەڵگە لە ڕێکخراوە تاوانکاریەکان بپارێزین.

*** لـــە کۆمەڵگـــە دیموکراتەکانـــدا، کەموکوڕییـــەکان لەکاتـــی هەڵبژاردنەکاندا دەخرێنەڕوو، ئایا ئەمە تەنها بۆ بەدەستهێنانی دەنگە، یاخود بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و کەموکوڕیانەیە؟**

- من پێموانیە مەســـەلەکە تەنها پەیوەســـت بێت بە سیستمی هەڵبژاردن، یاخود هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە، بەڵکو مەسەلەکان لەوە قوڵترن، پەیوەســـتن بـــە دابینکردنی تەندروســـتی گشـــتیەوە، بە پەروەردەی گشتیەوە، چونکە هەڵمەتـــی هەڵبـــژادن چەند ســـاڵ جارێك ڕوودەدەن، لە کاتێکدا پەروەردی و تەندورستی کاری ڕۆژانـــەن، بۆ نموونە ئەوەی ئێمە پێی دەڵێیـــن کـــەم و کورتی دیموکراتـــی، تەنها پەیوەســـت نین بـــە هەڵمەتـــی هەڵبژاردن و بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتە سیاســـیەکانەوە، بەڵکـــو پەیوەندیان بە پەروەردەی گشـــتیەوە هەیە، بە جم و جوڵ و ڕێکخستنی سیاسیەوە هەیـــە، بۆ نموونە ئەگەر سیاســـەت بە پێی بەرژەوەندیـــە بازرگانیـــەکان دابڕێژرێن، ئەوا سیاسەتگەلێکی دیموکراتی نابن.

***ئایـــا چ بەرنامەیـــەك بگیرێتەبـــەر بـــۆ بەرزرکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان؟**

- دەبێـــت لە قۆناغی ســـەرەتاییەوە دەســـت پێبکەین، بە چەشنێك ئەو باوەڕەیان لادروست بێت کە بەشـــداری کردنیان جیاوازی دروست دەکات، بایەخـــی هەیە. بـــۆ نموونە دەبێت ئافرەتان بەشداری لە دەنگداندا بکەن، منداڵان باشـــترین پەروەردە و تەندروســـتیان بۆ دابین بکرێت. واتە سەرەتا ئەولەویەت بە دابینکردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکان بدرێت.

*** چۆن دەکرێت یاساکان بەو شێوەیە دەربکرێن کە ببنە بەشـــێك لە ئەخلاقیەتی تاکەکەس و کۆمەڵگەکە؟**

- ئەوە پرســـیارێکی زۆر قورسە. لە ڕاستیدا یاســـاکان لە وڵاتی ئێمەدا وەك بۆیاخی سەر دیوارەکان وایە، هەمیشـــە لە ئارادایە، بەڵام تاوەکو بـــۆی نەڕوانین ناکەوێتە بەرچاومان. ئێمـــە وەك ماســـی واین و ئاوەکە یاســـایە، بەڵام ئەمە ٥٠٠ ســـاڵی خایانـــد بۆ ئەوەی گەشـــەبکات، واتە هەمـــو کۆمەڵگەیەکی شێوەی تایبەتی یاسای خۆی هەیە، بۆ نمونە هەمو کۆمەڵگەیەکە یاسای سروشتی خۆی، یاســـی مەدەنی خۆیی هەیە و هتد، هەروەها لە هەندێ کۆمەڵگەدا یاســـای شەریعەت لە ئارادایـــە و لە هەنـــدێ کۆمەڵگەی دیکەدا بوونی نیە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- تەنها پەیامی من ئەوەیە پاراستنی ڕژێمە دیموکراتیەکە پێویســـتی بە پابەندبوون هەیە بەو ڕاســـتیەوە کە ناتوانین هەمو داخوازی و داواکاریەکانمان بهێنێنەدی، واتە لە پرۆسەی بەرەوپێشـــبردنی دیموکراسیدا پێویستە سازش بکەیـــن، بە هەمان شـــێوە دەبێـــت ڕکابەر و بەرامبەرکانیـــش ســـازش بکەیـــن و دەبێت لەم پرۆســـەیەدا هەوڵی دۆزینـــەوەی خاڵە هاوبەشەکان بدەین.



# ئەوانەی دژی دەوڵەت و حکومەتی خۆیان رادەوەستن ئەنارشیزمن یان ئاژاوەگێڕ؟

**ئەنارشیزم یان (ئەنارکی) لە ئەدەبیاتی چەپدا وەک مورادیفی ئاژاوەگێڕ یان دژی دەوڵەت یان دژی حکومەت وەسفکراوە، لەبەرئەوە بەدژی ئازادی و رێکخستنی کۆمەڵگەش لە قەڵەمدراون. بەڵام ئایا ئەم پێناسەیە بنەمایەکی هەیە، یان ئەم چەمکەش وەک چەندین چەمکی دیکە بەپێی ئایدۆلۆژیەت وشەی بۆ رێکخراوە؟!**

ئەنارشـــیزم یان (ئەنارکی) لە ئەدەبیاتی چەپدا وەك مورادیفی ئاژاوەگێڕ یان دژی دەوڵەت یان دژی حکومەت وەســـفکراوە، لەبەرئەوە بەدژی ئازادی و رێکخســـتنی کۆمەڵگەش لە قەڵەمـــدراون. بەڵام ئایا ئەم پێناســـەیە بنەمایەکی هەیە، یان ئەم چەمکـــەش وەك چەندین چەمکی دیکە بەپێی ئایدۆلۆژیەت وشەی بۆ رێکخراوە؟! لەوەڵامـــدا دەڵێین، بێگومان ئەگەر بڵێین ئەو پێناســـەیەی ئایدۆلۆژیەتی چەپی مارکسی لە کۆمەڵگەی ئێمە تەفسیری بۆ کـــردووە، یان بە شـــێوەیەکی دیکە، ئەم چەمکە بە تەفســـیری ئایدۆلۆژیای مارکســـی لـــە ئەدەبیاتی سیاســـیی و شۆرشـــگێڕی ئێمەدا پێناســـەکراوە بۆیە بە مورادیفی ئاژاوەگێڕ دانراوە، پرســـیار لێـــرەدا ئەوەیـــە: ئایا ئەم تەفســـیرەی ئایدۆلۆژیەتی مارکسی بۆ ئەنارشیزم یان (ئەنارکی) جیـــاوازی لەگەڵ ئاژاوەگێڕ هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێیـــن ئەگەر مانای ئەنارشـــیزم وەك چەمکێکی فەلسەفی راڤە بکەیـــن ئەوا ماناکەی جیاوازی لەو تەفســـیرە هەیە کە ئایدۆلۆژیای چەپ بـــۆی کردووە، ئـــەم جیاوازیە بەو مانایە نییە ئاکامـــی رەفتارەکانی ئەنارشـــیزم نابێتە ئاژاوە لـــە کۆمەڵگەدا، بەڵکو بەو مانایەی ئەنارشـــیزم بیر لە شـــێوازێکی دیکەی رێکخستنی دەوڵەت و حکومەت دەکاتەوە لەدەرەوەی ئەو شـــێوازانەی کە هەتا ئێســـتا مرۆڤایەتی پیادەی کردووە، وەك (کۆماریی، پادشایەتی، دەستووریی، خانەوادان یان ئەرستۆکراتی، دیموکراتی، تێکـــەڵاو و...تد) هەموو ئەم شـــێوازانە

بۆ ڕێكخستنی كۆمەڵگە دەسەڵاتێك بە سوڵتانی دەوڵەت دەدات، بۆ ئەوەی ڕێكخستنی كۆمەڵگە ڕابگرێت، بۆیە ئەنارشیزمەكان دژی ئەو سوڵتانەی دەوڵەت و حكومەتن و داوادەكەن، نابێت ئازادی تەنانەت سانسۆری دەوڵەت و حكومەتیشی بەسەرەوە بێت، لێرەدا و لە چوارچێوەی ئەم مانا فەلسەفیەدا، دەبینین تەفسیرەكەی چەپی ماركسی لەو خاڵەدا لەگەڵ مانای فەلسەفیەكەی ئەنارشیزم هاودژی دروستدەكات، كە ئەنارشیزم ئامانجی ئاژاوەگێڕی نییە، واتە لەپێناوی بەرز ڕاگرتنی ماناكانی ئازادی دژی سوڵتانی دەوڵەت و حكومەت رادەوەستێت، نەك ئامانجی رووخانی دەوڵەت و حكومەت بێت بۆئەوەی ئاژاوە دروست بێت، بەڵام ئەم هەوڵەی ئەنارشیزمەكان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ڕووبەڕووی هەڵە دەبێتەوە، ئەو ڕێكخستنە كۆمەڵایەتییە خۆبەخشەی كە داوای دەكات بێ سوڵتانی حكومەت و دەوڵەت بێتە ئاراوە، دەبینین لە تیۆرەوە نابێتە پراكتیك و لەبری گەیشتن بە مانایەكی بەرزتری ئازادی لەوەی حكومەتی دەستووری و مەدەنی پێیگەیشتووە، پاشاگەردانی لە كۆمەڵگەدا دروستدەبێت، كەواتە چەپی ماركسی ئەو وەڵامەمان دەداتەوە كە فایەق بێ كەسی شاعیر بە یەك وشە وەڵامی حەمە ساڵح دیلانی شاعیر دەداتەوە كاتێك لێی دەپرسێت چی دەخۆیت، یەكسەر وەڵامی دەداتەوە دەڵێت ( بۆیە) پاشان لێی دووبارە دەكاتەوە ( بۆیە) مانای چییە؟! بێ كەس یش پێی دەڵێت: (من یاپراخ دەخۆم، تۆش دەڵێیت بەشمبە، منیش دەڵێم بەشت نادەم، تۆش لێم دەپرسی بۆ؟ منیش دەڵێم بۆیە). بەڵام ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا پەیڕەوی ئەم شێوازەی فایەق بێ كەس ناكەین، ئەمە نەك لەبەرئەوەی وەڵامە كورتەكەی بێكەس نامانگەیەنێتەوە (بۆیە)، نەخێر ئێمە دەمانەوێت لەو بارودۆخە بكۆڵینەوە كە ئەو (بۆیە)ی تێدا دەربڕاوە، واتە دەمانەوێت بگەینە ئەو بارودۆخەی كە ئەنارشیزم هەوڵدەدات شتێكی باشتر دروست بكات، بەڵام تێكیدەدات، ئەمە دروست وەك ئەوە وایە پزیشكێك لەكاتی نەشتەرگەریدا هەمان ئەو خوێنبەرە دەبڕێت، كە دوو شەڕكەر لە ئاكامی وەشاندنی چەقۆیەكەوە ئەوی دیكە بریندار دەكات، بەڵام ئامانجی وەشاندنی چەقۆی شەڕكەرەكە، هەمان ئامانجی كەتەری پزیشكەكە نییە، لەگەڵ ئەوەی كەتەری پزیشكەكە و چەقۆی شەڕكەرەكە سەرەنجام كەسەكە ڕووبەڕووی مەترسی یان مردن دەكاتەوە. حاڵەتێكی دیكە كە لەمێژووی فەلسەفەدا جێگەی مشتومڕە، كۆمارەكەی ئەفلاتونە، كە باشترین شێوازی كۆمارە بەڵام لە واری پراكتیكدا دەبێتە پرۆسەیەكی تۆباوی و جێبەجێ ناكرێت، ئەم حاڵەتە تۆباویە لەكوێوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەرئەوەیە، ئەفلاتون فەیلەسوف بە شایستەی فەرمانڕەوایی ئەو كۆمارە دەزانێت، فەیلەسوفیش كە بووە فەرمانڕەوا سیفەتی فەیلەسوفی لێ دادەماڵرێت و بە فەیلەسوف نامێنێتەوە و دەبێتە حاكم، واتە پێشتر ڕەخنەی لە حوكم دەگرت و بە دوای حوكمڕانی باشتر دەگەڕا، ئێستا خۆی جۆرێك لە حوكمڕانی دەسەپێنێت. كەواتە گەڕانەوەمان بۆ مانای ئەنارشیزم و بەكارهێنانی لە چوارچێوەی بیركردنەوەیان لە دەوڵەت و حكومەت، لەگەڵ ئەوەی هەر دەمانگەیەنێتەوە ئەوەی تەفسیری ئایدۆلۆژیای چەپ پێی دەڵێت ئاژاوەگێر ( فوچویە) بەڵام لەسەرەتاوە بڵێین ئاژاوەگێڕ، لە مەبەستی سەرەكی دوورماندەخاتەوە.

مانای ئەنارشیزم.

## بۆچی سڵدەكەینەوە پێی بڵێین ئاژاوەگێڕ؟

دانیاڵ گۆرین سەبارەت بە مانای وشەی ئەناركی لەوتارێكیدا بە ناونیشانی (الاناركیه) دەڵێت: (ئەناركی وشەیەكی كۆنە و لە دوو وشەی ئەغریقی كۆن پێكهاتووە كە بریتین لە ( ئەن)(ئاركی ) ئەمەش مانایەكی لەو جۆرە دەگەیەنێت، وەك نەبوونی (دەسەڵات یان حكومەت) كەواتە ئەوانەی ئەم بیرەیان هەیە خۆیان بە دژی حكومەت و دەوڵەت و حكومەت دەزانن، بەڵام بەخۆشیان دەڵێن (ئەناركی ) یان ئەنارشیزم، واتە چۆن یەكێك بە شانازییەوە بە خۆی دەڵێت، ئەقڵانی، یان وجودی، یان ماركسی، ئەم بۆچوونانە هەریەكەیان بەدیدی ئەوی دیكەیان ڕەتدەكرێتەوە، بەڵام خودی هەڵگری بیروباوەڕەكە بەرگری لە بیروباوەری خۆی دەكات، هەر بۆ نموونە پەیڕەوانی ئەقلانیەت تا سەرئێسقان ماركسیەت ڕەتدەكەنەوە، لەبەرامبەردا ماركسیەتیش ئەوان ڕەتدەكاتەوە، ئەنارشیزمیش هەموو ئەوانە ڕەتدەكاتەوە، هەموو ئەوانی دیكەش ئەنارشیزم ڕەتدەكەنەوە. سەبارەت بەم چەمكە دانیاڵ گۆرین مێژووی بەكارهێنانی ئەناركیمان دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٤٠ و كە بییر جۆزیف بردون بەكاری هێناوە و بەشێوەی دیالۆگ لەنێوان بییر جوزیف و موحافزكارێكەوە، بەمجۆرە بۆمان باس دەكات:

- ئایا تۆ كۆماریت؟
- كۆماری (بەڵی)، بەڵام ئەمەشیان هیچ مانایەكی نییە، ئەویش دەوڵەتە.
- باشە تۆ دیموكراتیت؟
- نەخێر
- چیتر؟ لەوانەیە پادشایی بیت؟
- نەخێر
- تۆ دەستووریت؟
- هەر نە
- كەواتە ئەرستۆكراتیت؟
- بەهیچ جۆرێك.
- ئایا تۆ حكومەتێكی تیكەڵاوت دەوێ؟
- نەخێر ئەوەشم ناوێت.
- باشە تۆ چیت؟




گەڕانەوەمان بۆ مانای ئەنارشیزم و بەكارهێنانی لە چوارچێوەی بیركردنەوەیان لە دەوڵەت و حكومەت، لەگەڵ ئەوەی هەر دەمانگەیەنێتەوە ئەوەی تەفسیری ئایدۆلۆژیای چەپ پێی دەڵێت ئاژاوەگێر (فوضویه) بەڵام لەسەرەتاوە بڵێین ئاژاوەگێڕ، لە مەبەستی سەرەكی دوورماندەخاتەوە

ـــ من ئەنارکیم.

ئەم دیالۆگە چیمان پێدەڵێت؟! پێمان دەڵێت ئەنارکی بەهیچ حکومەت و دەوڵەتێك رازی نییە، بەڵام ئەم رازینەبوونەی بەو مانایە نییە، کە کۆمەڵگە بگەرێتەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرەتایی و هەموو ببنە دوژمنی هەموان بەڵکو ئەنارکی یان ئەنارشیزم دەیەوێت ئەو سوڵتانەی دەوڵەت و حکومەت بۆ رێکخستنی ئازادی هەیانە، ئەوەش نەمێنیت و هاووڵاتیان خۆبەخشانە بەبێ بوونی دەسەڵات خۆیان رێکبخەن، بەڵام ئەمە بێجگە لە خەیاڵ شتێکی دیکە نابێت و، بێجگە لە گۆڕینی سەقامگیری بۆ ئاژاوە شتێکی دیکە بەرهەمناهێنێت، بەڵام ئەوەی جیاوازە لەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم چەمکە، جیاوازی نێوان ئەو کۆمەڵگایانەیە کە تێیدا بەکاردەهێنرێت، هەروەها چواندنی هەموو ئاژاوەگێڕێکە بە ئەنارشیزم، ئەمەش واتە هەموو ئەنارشیزمێك راستە ئامانجی نەمانی حکومەت و دەوڵەتە و ئەمەش بەرەو ئاژاوە هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام هەموو ئاژاوەگێرێك ناتوانرێت پێی بگوترێت ئاژاوەگێڕ، هەر بۆ نموونە ئێستا تیرۆرستیك ئامانجی ئەوەیە حکومەتی کوردستان تێکبدات یان ئەم کیانە سیاسیەی هەمانە رووبەڕووی مەترسی بکاتەوە، لێرەدا ئامانجی تیرۆریستەکە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەر لە بنەڕەتەوە بڕوای بەئازادی نییە، بەڵام ئەگەر ئامانجی ئەنارشیزمێك هەمان ئامانجیش بێت، ئەو لەپێناوی ئەوە دەکات بۆ ئەوەی سوڵتانی حکومەت لەسەر ئازادی هەڵبگرێت.

دیاردەی ئەنارشیزم یان ئەنارکی لەو دەوڵەتانەی خاوەنی دەستووری مەدەنی و لیبراڵ دیموکراتن، ئەو ئامانجەیان نایەتەدی دەسەڵاتی حکومەت یان دەوڵەت بڕووخێنن، لەبەرئەوەی بەردەوام کەمینەو شازن و بەهیچ شتێك رازی نین، بۆیە لەسەر هەر شتێك کە پێوەندی بە دەوڵەت و حکومەتی خۆیانەوە هەبێت خۆپیشاندان دەکەن و نارەزایی دەردەبڕن، بەڵام ئەم خۆپیشاندان و نارەزاییە لەگەڵ تیرۆرستێکی وەك بن لادن کۆیان ناکاتەوە.

## دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووی قۆناخی راگوزاری بەرگەی دیاردەی لاساییکردنەوەی ئەنارشیزم و ئاژاوەگێڕی ناگرن

لەوانەیە باشترین دەستپێك بۆ وەڵامی ئەم تایتڵە لاوەکیە وشەی بۆچی؟ بێت، واتە ئایا بۆچی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتووی قۆناخی راگوزاری بەرگەی ئەم دیاردەیە ناگرن؟ لەوەڵامدا دەڵێین لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، هێشتا سانسۆرەکانی ئازادی تەنها سوڵتانی دەوڵەت و حکومەت نین، بەڵکو هەموو هەوڵمان بۆ ئەوەیە بۆ ئەوەی ئەو قۆناخە هەستیارە تێبپەرێنین، واز لە دەسەڵاتی خۆمان دەهێنین و تەسلیمی دەسەڵاتی یاسا و سوڵتانی دەوڵەتی دەکەین بۆ ئەوەی تەنها دەسەڵات کە ئازادیەکان سنووردار بکات سەروەری یاسا بێت. سەیر بکەن، لە دەوڵەتانی هاوشێوەی ئێمە یان دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووی دوای دیکتاتۆری وەکو عێراق، ئامانجی هەموومان (واتە هەموو پێکهاتەکانی عێراق) ئەوەیە، دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێن و دەسەڵات بەدەستی دەستوور و دادگای فیدراڵیەوە بێت، هەموومان پشتگیری ئەو هەوڵانە دەکەین دەسەڵاتەکان لە موتڵەگ و نوجێفی و مالکی و سەدر وەربگیرێتەوەو بدرێتەوە بەدەستوور و دادگای فیدراڵی، واتە هێشتا دەستوورو یاساکان بەو جۆرە جێبەجێ نەکراون، کە بانگەشەی ئەوە بکەین دەستوور و یاسا بوونەتە بەشێك لە مۆڕاڵی هەر تاکێك و ئەو دامەزراوانەی بۆ جێبەجێ کردنی دەستوور دامەزراون پێویستمان پێی نییە و با نەمێنیت، بۆیە هەر هەوڵێك بەو ئاراستەیە لە کۆمەڵگەکانی هاوشێوەی ئێمە یان کۆمەڵگەی عێراقی بێتە ئاراوە، بە هەوڵێك دژی ئیرادەی کورد و عێراقیەکان لە قەڵەمدەدرێت، بە دژی دەستوور ویاسا و حکومەتی مەدەنی لەقەڵەم دەدرێت و ئاڵتەرناتیڤی ئەم بارودۆخەش بێجگە لە گەڕانەوە بۆ ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی رژێمێکی دیکتاتۆری شتێکی دیکە نابێت، ئەم حاڵەتە جیاوازە لەوەی لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا یان فەرەنسا لە ئارادابێت و لەپێناوی داکۆکی زیاتر لە ئازادی دژی دەستوور و دەوڵەت و حکومەت رابوەستنەوە. بۆیە هۆشیاریەکی زۆرمان پێویستە، لەسیاقی شرۆڤەی لەم جۆرە رێگە نەدەین بۆ نموونە دیاردەی دژی جیهانگەرایی، کە ئامانج لێیان وەك دژایەتی هاووڵاتیەکی سویدی وایە کە دژی وڵاتەکەی نارەزایی دەردەبڕێت کە دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورپا، ئایا دەتوانین نارەزایی هاووڵاتیەکی سویدی دژی وڵاتەکەی کە نایەوێت سوید ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، وەك نارەزایی ژەنراڵێکی تورکیایە کە دژی ئەوەیە وڵاتەکەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا پێوانە بکەین، جیاوازیەکە هێندە گەورەیە پێوانە ناکرێت، لەبەرئەوەی هاوڵاتیەکی سویدی کە ناڕازییە وڵاتەکەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا لە روانگەی بەرزی دەستووری وڵاتەکەیەوە کە لەدەستووری یەکێتی ئەورپا بە بەرزتری دەزانێت، بەڵام نارەزایی ژەنراڵێکی تورك لەو روانگەیەوە دەستووری وڵاتەکەی بگاتە دەستووری یەکێتی ئەورووپا و چیدکە بواری ئەوەی بۆ نەمێنێتەوە باری نائاسایی لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا رابگەیەنێت. کەواتە کێشەی ئێمە نابێت لاسایکردنەوە بێت، بەڵکو دەبێت تێگەیشتن بێت لە کێشەکان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.



دیاردەی ئەنارشیزم یان ئەنارکی لەو دەوڵەتانەی خاوەنی دەستووری مەدەنی و لیبراڵ دیموکراتن، ئەو ئامانجەیان نایەتەدی دەسەڵاتی حکومەت یان دەوڵەت بڕووخێنن، لەبەرئەوەی بەردەوام کەمینەو شازن و بەهیچ شتێك رازی نین

سۆڵ نیومان بۆ گوڵان:

# بیرۆکەی بنەڕەتی لەئەنارشیزمدا ئەوەیە دەوڵەت دۆستی ئازادی ئینسانەکان نییە بەڵکو بەسروشتی خۆی سەرکوتکارە

**پرۆفیسۆر سۆڵ نیومان، ئوستادی زانستی تیۆری و زانستی سیاسەت لە زانکۆی گۆڵدسمیس لە لەندەن، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر چەمکە سیاسییەکانی ناو فەلسەفەی سیاسی. بۆ بەدواداچوون و قسەکردن لەسەر چەمکی ئەنارشیزم پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر سۆڵ کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

بەهەڵە ئەنارشیزم پەیوەستکراوە بە پشێوی و ناسەقامگیرییەوە، بەڵکو ئەنارشیزم باوەڕی وایە دەستێوەردان و سەرکوتکاری دەوڵەت سەردەکێشن بۆ پشێوی و ناسەقامگیری

*** ئەنارشیزم بریتیسیە لە بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی، ئایا هۆکارەکانی ڕوودانی چین، یاخود بەشێوەیەکی گشتی چۆن پێناسەی ئەنارشیزم دەکەیت؟**

-لەڕاستیدا بەهەڵە ئەنارشیزم پەیوەستکراوە بە پشێوی و ناسەقامگیرییەوە، بەڵکو ئەنارشیزم باوەڕی وایە دەستێوەردان و سەرکوتکاری دەوڵەت سەردەکێشن بۆ پشێوی و ناسەقامگیری، ئەنارشیزم باوەڕی بە شێوە ڕێکخستنێکە لە سەر بنەمای خۆبەخشی و هاوکاری و ئازادی، بێ ئەوەی پێویست بەوەبکات دەسەڵاتێکی سیاسی مەرکەزی ببێتە وەسیت. جیاوازی ئەنارشیزم لەگەڵ تیورەکانی دیکەدا، ئەوەیە دەکرێت کۆمەڵگە ڕێکبخرێت بێ ئەوەی پێویست بە باڵادەستبوون وکۆنترۆڵی حکومەت بکات.

*** ئێمە دەزانین بە درێژایی مێژوو مرۆڤەکان هەوڵی دروستکردنی دەوڵەت یان حکومەتیان داوە بۆ هێنانەدی سەقامگیری و پاراستنی ماف و ئازادییەکان، بەڵام ئەنارشیستەکان هەوڵی ڕووخاندنی حکومەت و دەوڵەت دەدەن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی پشێوی، ئایا ئەم دیاردەیە چۆن پێناسەدەکرێت لەفەلسەفەی سیاسیدا؟**

- بیرۆکەی بنەڕەتی لە ئەنارشیزمدا ئەوەیە کە دەوڵەت دۆستی ئازادی ئینسانەکان نییە، واتە پێیوایە دەوڵەت بە سروشتی خۆی سەرکوتکارە، ڕێگر و زەوتکاری ئازادییەکانە و هەوڵی دەستێوەردان و خۆسەپاندن دەدات، واتە دەوڵەت دوژمنی ئازادی و مافەکانە و ئەنارشیزم پێیوایە ئەوە پڕوپاگەندەی



دەوڵەتە کە ئەنارشیزم گرێدەداتەوە بە توندوتیژی و پشێویەوە.

ئەنارشیزم پێیوایە ئەوە پروپاگەندەی دەوڵەتە کە ئەنارشیزم گرێدەداتەوە بە توندوتیژی و پشێویەوە

*** ئەگەر بەهۆی ڕوودانی ئەنارشیزمەوە پشێوی و ناسەقامگیری ڕوبدات، ئایا میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخە چین؟**

- هەروەك لە وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکرد، ئەنارشیزم یەکسان نییە بەپشێوی، پرسیارەکەی ئێوە ئەوەیە ئەگەر حکومەت لە ئارادا نەما چۆن کۆنترۆڵی پشێوی بکرێت، لە ڕاستیدا ئەنارشیزمەکان باوەڕیان وایە دەکرێت شێوە ڕێکخستنی دیکە و شێوە بڕیاردانی دیکە بگیرێتەبەر، بۆ نموونە لەسەر ئاستی مەحەلی ئەم ڕێکخستنە پێکبهێنرێت، کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دانیشتوانەکەدا هەبێت و بەرپرسیاربێت لە بەرامبەر ئەو خەڵکەدا، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە باسی فیدراڵیزم کراوە، واتە مەرج نیە دەوڵەتێکی مەرکەزی ئەم کارە ئەدا بکات، پوختەی بیروباوەڕەکانی ئەوان ئەوەیە کە جگە لە حکومەت و دەوڵەت شێوە ڕێکخستنی دیکە هەیە بۆ ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری. کە بە شێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر بە نامەرکەزیکردن و شێوەڕێکخستنی مەحەلی و فیدراڵیزم کراوەتەوە.

*** لەکۆمەڵگە دیموکراسیە لیبراڵەکانی ڕۆژئاوادا، سەرهەڵدانی ئەنارشیزم وەك ڕووداوێکی دوای دروستبوونی دەوڵەت و حکومەت لێکدەدرێتەوە، واتە دوای ئەوەی دامەزاوە و بونیادەکانی حکومەت تەواوبوونە، بەڵام لە وڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا سەرهەڵدانی ئەنارشیزم بە گەڕانەوە بۆ دواوە لێکدەدرێتەوە لەبەرئەوەی هێشتا بونیاد و دامەزراوەکانی دەوڵەت تەواو نەبوونە، پرسیارەکە ئەوەیە لەم حاڵەتەدا چۆن ڕووبەڕووی ئەنارشیزم ببینەوە؟**

- مەرج نییە ئەنارشیزم لە دوای دروستبوونی دەوڵەتەوە دەستپێبکات، بە چەشنی ئەوەی لە مارکسیەتدا باس لەوە دەکرا کە دوای سەرمایەداری لیبراڵی کۆمۆنیزم دێتە ئاراوە، ئەنارشیزم کە باوەڕی بە کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتە، مەرج نیە چاوەڕی گەشەکردنی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بکات و باوەڕی وایە دەکرێت ئێستا بەدیلێك بۆ بونیادی سیاسی و شێوە ڕێکخستنی سیاسی بدۆزرێتەوە کە شێوە ڕێکخستنی سیاسی ئێستا لە دەوڵەتدا خۆیان بەرجەستەکردووە، بەڵام ئەنارشیزم باوەڕی بەوە هەیە دەکرێت لە ئێستا و لەم ڕۆژگارەدا پەنا بۆ شێوەی ڕێکخستنی کۆنترۆڵ و ئۆتۆنۆمی مەحەلی ببردرێت

که پێی وایە ئەمە دەبێتەهۆی هێنانەدی یەکسانی و دۆخێکی باشتر، چونکە باوەڕی وایە بونیادی دەوڵەت سەرکەوتو نەبووە.

*** لە وڵاتانی جیهانی سێدا، زۆرجار ئەنارشیزم لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرکردە پۆپۆلیستیەکاندا دروست دەبێت، کە ئەم سەرکردانە بانگەشەی گۆڕانکاری دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا زۆرجار بە ناوی گۆڕانکاری و چاکسازیەوە ئەنارشیزم و پشێوی دروست نابێت؟**

- من لە بەشێکیدا هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا، کە دەتوانین لەم ڕووەوە بگەڕێینەوە بۆ ئەمەریکای لاتین و ئاماژە بە وڵاتی بولیڤیا، یاخود فەنزویلا بکەین کە شافێز بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە پشت بوو، هەرچەندە من باوەڕم وایە شافێز مەیلێکی تاکڕەوانەی هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگ ئەوەیە ئەنارشیزم باوەڕی وایە دەبێت خەڵك ڕاستەوخۆ بڕیار بدەن نەك لە ڕێی نوێنەرەکانیانەوە.

*** زۆرکەس ئەنارشیزم بە سۆشیالیزم دەچوێنن، کە بریتیە لە یەکسانکردنی بە زۆر کە پێچەوانەی لیبراڵیەتە، ئایا ئەمە نابێتە مەترسی لەسەر کەرامەتی مرۆڤ و لەدەستدانی تواناکانی؟**

- هەڵەیە ئەنارشیزم و سۆشیالیزم یەکسان بکەین بە یەك، ڕاستە هەندێ لایەنی سۆشیالیزم کاریگەریان هەبووە، لەسەر ئەنارشیزم، وەك یەکسانی ئابووری و هتد، بەڵام سۆشیالیزم باوەڕی بە بەکارهێنانی دەوڵەت هەیە ئەگەرچی تاکڕەو و سەرکوتکاریش بێت، لە کاتێکدا ئەنارشیزم جەخت لەسەر ئازادی تاکەکەس دەکاتەوە. دەکرێت ئەنارشیزم لە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیزمیەوە سەرهەڵبدات، بەڵام ئەنارشیزم و سۆشیالیزم دو شتی جیاوان.

*** ئەرکی سەرەکی دەوڵەت ئەوەیە پشێوی بگۆڕێت بۆ سەقامگیری، ترس بگۆڕێت بۆ سەلامەتی، ئایا ئەنارشیزم دژی بنەما سەرەکیەکانی حکومەت و دژی دەوڵەتی مەدەنیە؟**

- لە ڕاستیدا ئەنارشیزمەکان باوەڕیان وایە حکومەتەکان ترس و نیگەرانی بڵاودەکەنەوە لە بارەی بوونی مەترسی و پشێوی بۆ ئەوەی شەرعیەت بە کۆنترۆڵ و باڵادەستی خۆیان بدەن، بۆ نموونە لە شەڕی دژە تیرۆردا هەمیشە دەوڵەتەکان بوونی هەڕەشەیەکی جیددی دەکەنە پاساوی بوونی دەوڵەتێکی ئەمنی. هەروەها ئەنارشیزمەکان پێیان وایە ڕێگەی دیکە هەیە بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم ترسانەدا، لەبەر ئەوەی من پێم وایە نابێت ئەنارشیزم پەیوەست بکەین بە بێنیزامی، توندوتیژی، ناسەقامگیری و پشێوییەوە، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە پەرە بە نیزامێکی کۆمەڵایەتی دەدەن کە پتر ئازاد و یەکسان و عەقڵانیە.

*** پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئەنارشیزم چییە؟**

- ئەوە دەوەستێتەسەر پێناسەی حکومەت و دەوڵەت، ئەگەر حکومەت تەنها شێوە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی بێت و کۆنترۆڵکردن و خۆسەپاندنی لەخۆنەگرتبێت، ئەوا ئەنارشیزمەکان کێشەیان نییە لەگەڵیدا، بەڵام ئەگەر بریتیی بێت لە دەسەڵاتێکی مەرکەزی و هێزی پۆلیسی هەبێت و دەستێوەردان بکات لەوەی دەبێت خەڵك چی بکەن و چۆن ڕەفتار بکەن ئەوا بەرهەڵستی دەکەن و پێیان وایە پێویست نیە بوونی هەبێت.



**مەرج نییە ئەنارشیزم لە دوای دروستبوونی دەوڵەتەوە دەستپێبکات، بە چەشنی ئەوەی لە مارکسیەتدا باس لەوە دەکرا کە دوای سەرمایەداری لیبراڵی کۆمۆنیزم دێتە ئاراوە**

**ئەگەر حکومەت تەنها شێوە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی بێت و کۆنترۆڵکردن و خۆسەپاندنی لەخۆنەگرتبێت، ئەوا ئەنارشیزمەکان کێشەیان نییە لەگەڵیدا**

جۆن راپ بۆ گوڵان:

# پۆپۆلیستەکان جێی مەترسین و زۆرجار بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ فاشیزم، بەڵام هەندێ کەس پێیانوایە ئەنارشیزم دەتوانێت ڕێگربێت لە ڕوودانی ئەم حاڵەتە

**پرۆفیسۆر جۆن ئەی راپ ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی بیلۆت و پسپۆر وتایبەتمەندە لەبوارەکانی دابەشکردنی نەتەوەکان و سیاسیەتی بەراوردکاری و بەرەوپێشەوەچوونی سیاسەتی دیموکراتی، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو هۆکارانەی دەبنە ئاستەنگ لەسەر دەوڵەتی مەدەنی وحکومەتی دیموکراتی و دیاردە ئەناشیزم، پرۆفیسۆر راپ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.**

هۆکاری ئەوەی خەڵک ئەنارشیزم پەیوەست دەکەنەوە بە پشێوی و توندوتیژیەوە، ئەوەیە کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ئەوروپا و ئەمەریکا ڕوویدا، پەنایان بۆ تەقاندنەوە و ئیغتیالات برد

*** ئایا مانای ئەنارشیزم چییە؟ بۆچی ئەم چەمکە بە ئاژاوەگێڕ پێناسە دەکرێت؟**

- ئەنارشیزم بە مانای نەبوونی حکومەت دێت و جۆری جیاوازی ئەنارشیزم لە ئارادایە، هۆکاری ئەوەی خەڵك ئەنارشیزم پەیوەست دەکەنەوە بە پشێوی و توندوتیژیەوە، ئەوەیە کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ئەوروپا و ئەمەریکا ڕوویدا، پەنایان بۆ تەقاندنەوە و ئیغتیالات برد، ئەمەش پێچەوانەی ئەنارشیستە، چونکە ئەنارشیزم لەبەر ئەوە حکومەت ڕەتدەکاتەوە کە سەرکوتکارە، بەڵام ئەگەر تۆ پەنا بۆ تەقاندنەوە و ئیغتیالات ببەیت، ئەوا تۆش سەرکوتکاریت کردووە، ئەنارشیزم باوەڕی وایە بێ بوونی حکومەت دەکرێت کۆمەڵگە کاروبارەکانی خۆی بەڕێوببات و ڕێکیان بخات.

*** واتە ئانارشیزم ئامانجی تێکدانی کۆمەڵگەو بەرپاکردنی توندوتیژییە، ئایا ئێوە مەبەستان ئەوە بوو؟**

- من لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕانیم، جۆری جیاوازی ئەنارشیزم هەیە، لە ڕاستیدا ئەنارشیزم باوەڕی بە هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی یەکسان هەیە لە سەر بنەمای هاوکاری کردنی خۆبەخشانە، بێ ئەوەی پەنا بۆ ڕووخاندنی هیچ شتێك ببردرێت، تۆلستۆی کە «شەڕ و ئاشتی» نوسیووە کەسێکی ئەنارشیست بوو و زۆر کەس ئەم ڕاستیە نازانێت، بەڵام ئەو باوەڕی بە تەقاندنەوە و کوشتنی خەڵك نەبووە، بەڵکو خۆی ووتویەتی



که مەسیحیەکی لیبراڵە و باوەڕی وابوو کە حەزرەتی مەسیح داوای ئەوی کردووە هەمو کەسێکمان خۆش بوێت، بەو پێیە نابێت کەس ناچاربکەین و دەبێت لە بری ناچارکردن پەنا بۆ هاوکاری کردن ببەین. کەواتە بیرۆکەی بنەڕەتی ئەنارشیزم ئەوەیە پێویست بە حکومەت ناکات بۆ ئەوەی خەڵکی ناچاربکات، بەڵکو خەڵکی بەهۆی هاوکاری نێو خۆیانەوە ژیانی خۆیان ڕێکدەخەن. لە ڕاستیدا ئەنارشیزمی تاکەکەسی و ئەنارشیزمی جەماعیش هەیە، بۆ نموونە لە ئەمەریکا کەسانێك هەبون باوەڕیان بە بوونی سەرمایەداری هەبو بێ بوونی دەوڵەت، باوەڕیان بە هێزی پۆلیسی تایبەت و دادگای تایبەت هەبو. هەروەها لە ئەوروپا کەسانێك هەبوون، باوەڕیان بە مارکسیەت هەبو، بەڵام بێ بوونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا.

*** ئەگەر بەهۆی ڕوودانی ئەنارشیزمەوە پشێوی و ناسەقامگیری ڕوویدات، ئایا میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبونەوەی ئەم بارودۆخە چین؟**

- پێویستە هەموولایەك خۆیان لە پەنابردنە بەر توندوتیژی بپارێزن، من کەسێکم کاریگەری ئەنارشیستم لەسەرە، هەرچەندە خۆم بە ئەنارشیست نازانم، بەڵام پەیامی بنەڕەتی ئەنارشیست ئەوەیە کە شێوە ڕێکخستنی دیکە هەبێت، لەسەر ئاستی مەحەلی، یاخود شێوە ڕێکخستنی فیدراڵی، هەرچەندە ئەنارشیزم پەیوەندیەکی ئاسایی و ئاسانی لەگەڵ دیموکراسیدا نییە، بەڵام من کەسێکم لەوانەی پشتگیری هەموو جۆرە دیموکراسیەك دەکەم، بە دیموکراسی ڕاستەوخۆشەوە، هەروەها پێموایە تەنها پشت بەستن بە دیموکراسی نوێنەرایەتی و بنەمای زۆرینە بەس نییە، بەڵکو زۆرجار پێویستمان بە دیموکراسی تەوافوقی دەبێت، ئەمەش زۆرجار بەهۆی دیموکراسی ڕاستەوخۆوە، لە شێوەی ڕاپرسیدا بەرجەستە دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر کار بە بنەمای زۆرینە بکرێت لە عێراقدا ئەوا کوردەکان دەنگ و سەنگێکی کەمیان دەبێت، هەر ئەمەش وای کردووە ئێوە داوای دیموکراسی تەوافوقی بکەن، داوای دەسەڵات بۆ هەرێمەکەتان و داوای فیدراڵیەت بکەن و خۆتان بەشدار بن لە حکومەتی نیشتمانیدا. واتە دەبێت لە هەر شوێنێکدا بین کار بە دیموکراسی

ئەنارشیزم باوەڕی بە هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی یەکسان هەیە لە سەر بنەمای هاوکاری کردنی خۆبەخشانە، بێ ئەوەی پەنا بۆ ڕووخاندنی هیچ شتێک ببردرێت، تۆلستۆی کە «شەڕ و ئاشتی» نوسیووە کەسێکی ئەنارشیست بوو و زۆر کەس ئەم ڕاستیە نازانێت

بکەین، لە شوێنی کاردا، لە سەر ئاستی کۆمەڵگە مەحەلیەکە، لە سەر ئاستی پارێزگاکان، کە من پێم وایە ئەمە پەیامی ڕاستەقینەی ئەنارشیزمە، کە بەهۆی توندوتیژیەوە شوێنراوە.

*** کەواتە چۆن ڕووبەڕووی ئەنارشیزم ببینەوە؟**

- ڕەنگە دووبارەکردنەوەی ئەو بانگەشەیەی دەڵێت بە تەنها دیموکراسی نوێنەرایەتی بەس نیە، لە وڵاتە تازەگەشەکردوودا زۆر سەیر بکەوێتەوە، لە کاتێکدا ئەم وڵاتانە ئەم جۆرە دیموکراسیەشیان نییە، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، دەبێت دیموکراسی لە هەمو شوێنێکدا پیادەبکرێت، لە شوێنی کار، لە سەر ئاستی مەحەلی و هتد، چونکە هەر کاتێك دەسەڵات چەسپا و جێگیربوو، گۆڕینی زەحمەتە، هەرچەندە من پێموایە دەکرێت بەهەردوو شێوازەکە کار بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی بکەین، واتە هەم « لە سەرەوە بۆ خوارەوە» و هەم « لەخوارەوە بۆ سەرەوە» ئەگەرچی ئەنارشیزم لەگەڵ ئەمەدا هاوڕانییە، بەڵام من پێشتر ئاماژەم پێکرد من کاریگەرم بە ئەنارشیزم بەڵام ئەنارشیست نیم.

*** زۆرکەس ئەنارشیزم بە سۆشیالیزم دەچوێنن، کە بریتیە لە یەکسانکردنی بەزۆر کە پێچەوانەی لیبراڵیەتە، ئایا ئەمە نابێتە مەترسی لەسەر کەرامەتی مرۆڤ و لەدەستدانی تواناکانی؟**

- زۆرێك لە ئەنارشیستەکان سۆشیالیستین، بەڵام هەموویان نا، لە ئەوروپادا ئەنارشیستەکان بە خۆیان دەوت ئەنارشیستی کاسۆلیکی، بەڵام من پێموایە ئەنارشیزم پەیوەستە بە بنەمای خۆبەڕێوبردنەوە، دواتر ئەوە بۆ تاکەکەسەکان دەگەڕێتەوە کە بە خۆیان دەڵێن سەرمایەداری یان سۆشیالیستی. لە ڕاستیدا ئەنارشیستەکان بوون لە ڕۆژئاوادا کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، یەکسانی بێ بوونی ئازادی نابێت و بە پێچەوانەشەوە، هەروەها پێیان وابوو هەڵبژاردنێکی یەکێکیان بێ ئەوی دیکەیان ئیختیارێکی هەڵەیە. بۆ نموونە هیوت باوەڕی وابوو کە ئازادی و یەکسانی پێکەوەگرێدراون و لەسەر ئەم بنەمایەش ڕەخنەی لە مارکس دەگرت و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کەسێکی سۆشیالیستە، بەڵام جۆرێکی جیاوازی سۆشیالیست، سۆشیالیستی بێ دەوڵەت. واتە چەندین جۆری ئەنارشیست لە ئارادایە کە هەمویان سۆشیالیستی نین.

*** ئایا زۆرجار بە ناوی گۆڕانکاری و چاکسازیەوە ئەنارشیزم پشێوی دروست ناکات؟**

- دەکرێت پێی بگوترێت چاکسازی، بەڵام چاکسازیەکی ڕادیکاڵی و لە ڕاستیدا زۆرجار ئەنارشیستەکان بەخۆیان دەڵێن شۆڕشگێر، لەبەر ئەوەی هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگەکە و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دیکە دەدەن، ئەگەرچی مەرج نیە لە ڕێی توندوتیژیەوە بێت. ئەگەرچی لە چیندا ئەنارشیستەکان پتر لە لیبراڵەکانەوە نزیکن، نەك لە کۆمۆنیستیەکانەوە، کە بانگەشە بۆ ئازادی ڕادەبڕین و ڕۆژنامەگەری دەکەن. واتە لێکچوون هەیە لە نێوان لیبراڵیزم و ئەنارشیزمدا. ڕاستە پۆپۆلیستەکان جێی مەترسین و زۆرجار بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ فاشیزم، بەڵام هەندێ کەس پێیان وایە ئەنارشیزم دەتوانێت ڕێگربێت لە ڕوودانی ئەم حاڵەتە، لەبەر ئەوەی ئەنارشیزم هیچ سەرکردەیەك قبوڵ ناکات. مەبەستم ئەوەیە دەبێت بزانین ئەم لێکدانەوەیەش لە ئارادایە.

*** ئەرکی سەرەکی دەوڵەتی مەدەنی ئەوەیە پشێوی بگۆڕێت بۆ سەقامگیری، ترس بگۆڕێت بۆ سەلامەتی، ئایا ئەنارشیزم دژی بنەما سەرەکیەکانی حکومەت و دژی دەوڵەتی مەدەنییە؟**



- ئەنارشیستەکان باوەڕیان وایە دەکرێت بێ بوونی دەوڵەت و بە شێوەیەکی مەدەنی بتوانین لەگەڵ یەکدا کاربکەین، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان بە سروشتی خۆیان هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن، بەڵام ئەوە دەوڵەتە کە ڕێگەدەگرێت لەوەی ئێمە لەگەڵ یەکدا مەدەنی بین. هەروەها ئەوە بیروباوەڕێکی باوە کە ئەنارشیست یەکسان دەکات بە پشێوی، بەڵام ئەنارشیستەکان باوەڕیان وایە بێ سەپاندنی هیچ جۆرە نیزامێك، لە کۆمەڵگەدا نیزام هەیە، نیزامێکی سروشتی و ئەوان باوەڕیان وایە کە دەوڵەت تاوانێکی زۆری ئەنجامداوە، بۆ نموونە ئێوە چ سەرکوتکاریەکتان بینی لەسەر دەستی سەددام حوسێن، واتە ئەنارشیستەکان باوەڕیان وایە دەوڵەت تاوانی زیاتر و پشێوی زیاتر دروست دەکات

*** کەواتە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئەنارشیزم چییە؟**

- من پێموایە ئەنارشیست پێچەوانە نیە لەگەڵ دیموکرسیدا، بەڵام زۆرێك لە ئەنارشیستەکان هاوڕانین لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا، پێیان وایە ئەنارشیست هیچ حکومەتێك لەخۆناگرێت، بەڵام من باوەڕم وایە ئەنارشیست پەیوەستە بە خۆبەڕێوبردنەوە، بە دیموکراسی ڕاستەوخۆوە، کە ڕەنگە لەم حاڵەتەدا پێچەوانەی بوونی حکومەت نەبێت. من پێم وایە ئەو کاتە کێشە دەست پێدەکات کە ئەنارشیستەکان باوەڕیان بە پەنابردنەبەر توندوتیژی بێت، ئەگەرچی من لەگەڵ ئەنارشیزمێکی ئاشتیانەدام کە باوەڕیان بە کارکردن هەبێت لە خوارەوە بۆ سەرەوە، نەك بە وێرانکردن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ، لەبەر ئەوەی دەرفەتی باشتان لەپێشە، ئەگەرچی دەزانم وەك گروپێکی کەمینە لە هەمولایەکەوە فشارتان لەسەر. من هیوای ئەوەتان بۆ دەخوازم کە بتوانن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن و ئەو سەربەخۆیەی هەتانە بە شێوەیەکی دیموکراتی بیپارێزن.

**هەرچەندە ئەنارشیزم پەیوەندیەکی ئاسایی و ئاسانی لەگەڵ دیموکراسیدا نییە، بەڵام من کەسێکم لەوانەی پشتگیری هەموو جۆرە دیموکراسیەک دەکەم، بە دیموکراسی ڕاستەوخۆشەوە**

**زۆرێک لە ئەنارشیستەکان سۆشیالیستین، بەڵام هەموویان نا، لە ئەوروپادا ئەنارشیستەکان بە خۆیان دەوت ئەنارشیستی کاسۆلیکی، بەڵام من پێموایە ئەنارشیزم پەیوەستە بە بنەمای خۆبەڕێوبردنەوە**

# ئەنارشیزم هەمیشە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەکارهێنانی گشتیدا بە پشێوی و بێ نیزامی پێناسەدەکرێت

**پرۆفیسۆر ماپلی رازسا ئوستادی ئەنترۆپۆلۆژیە لە زانکۆی کۆلبی و پسپۆر و تایبەتمەند لەبوارەکانی مافەکانی مرۆڤ و بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان و یەکێکە لەو کەسانەی کە فیلمی دیکۆمیناتاری سیاسی ئەنجامدەدات و ئەو فیلمە دیکۆمینتاریانەی دروستی کردوون بریتیە لە فیلمەکانی (سلۆڤینیا، کرواتیا، مۆزەمبیق) ماوەی ١٠ساڵیش لە یوگسلافیای پێشوو بووە و کاری لەسەر دیاردەی ناسیونالیستی نەتەوەکانی یوگسلافیای پێشوو کردووە، بۆ قسەکردن سەبارەت بە سەرهەڵدانەوەی دیاردەی ئەنارشیزم، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر رازسا کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**


**باوترین پێناسەی ئانارشیزم ئەوەیە کە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرەکانی حکومەت و دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە سەر بنامەی خۆبەخشی و هاوکاری کردن، بێ ئەوەی پەنا ببردرێتەبەر هێز و ناچارکردن، واتە کۆمەڵگەکە خۆی خۆی ڕێکبخات بێ ئەوەی حکومەت بەم ئەرکە هەڵبستێت**

*** چۆن ئەنارشیزم پێناسە بکەین، ئایا پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم چەمکە هەیە؟**

- لەڕاستیدا پێناسەگەلێکی زۆر کراوە بۆ ئەم چەمك و دەستەواژەیە و ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد خاڵێکی گرنگە، چونکە هەمیشە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەکارهێنانی گشتیدا ئەنارشیزم بە پشێوی و بێ نیزامی پێناسەدەکرێت، بەڵام ئەنارشیزم وەك ئایدولۆژیاییەکی سیاسی تەواو جیاوازە، بەهێزترین و باوترین پێناسەی ئانارشیزم ئەوەیە کە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرەکانی حکومەت و دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە سەر بنامەی خۆبەخشی و هاوکاری کردن، بێ ئەوەی پەنا ببردرێتەبەر هێز و ناچارکردن، واتە کۆمەڵگەکە خۆی خۆی ڕێکبخات بێ ئەوەی حکومەت بەم ئەرکە هەڵبستێت.

*** بەڵام دژایەتی ئەناریشستەکان بۆ نەمانی دەوڵەت وحکومەت، باشترین مانای ڕووخانی دەوڵەت وحکومەتە، ئایا ئەمە ئەنارشیستەکان ناکاتە تیکدەر؟**

- مەرج نیە من هاوڕابم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کە ئەنارشیستەکان لە ڕووبەڕووبونەوەدان لەگەڵ دەوڵەت و هەوڵی ڕووخاندنیان دەدەن، ڕاستە هەمیشە کە باس لە ئەنارشیستەکان دەکرێت وێنەی ڕووبەڕووبونەوە و نارەزایی دەربڕینمان دێتەبەرچاو، بەڵام لە ڕوانگەی ئەو پێناسەیەی پێشتر خستمەڕوو کە زیاتر پێناسەیەکی یۆتۆپییە ئەوا پتر پەیوەستە بە ڕێکخستنی خۆبەخشانەی کۆمەڵگە، لەسەر بنەمای هاوکاری



کردنی یەکتری، بێ بوونی دەزگاکانی حکومەت، واتە لە غیابی دەزگاکانی حکومەتدا. لە ڕاستیدا لێکدانەوەکەی من بۆ ئەم مەسەلەیە کەمێك جیاوازە لە تێڕوانینەکەی ئێوە، لەبەر ئەوەی لە هەموو ئەو توندوتیژی و پشێوی و ڕووبەڕبوونەوانەدا کە دەزگاکانی دەوڵەت لایەنێك بن تێیدا، ئەنارشیستەکان خۆیان بە بەرپرس نازانن و منیش پێموانیە ئەوەندە هەڕەشەیەکی گەورەبن وەك ئەوەی ئێوە دەیخەنەڕوو، هەروەها من لەوە باوەڕەدام کە جیاوازیەکی زۆر هەیە ئەگەر وەك ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی لە ئەنارشیزم بڕوانین.

*** بەپێی رای تۆ کە ئەنارشیست مەترسییەکی ئەوتۆ نییە، ئایا بۆچی هەتا ئێستاش بایەخ بەم چەمکە دەدرێت؟**

- لە ڕاستیدا باشترە لە چوارچێوەی واقیعی ڕاستەقینەدا لە فەلسەفەی ئەنارشیزم بڕوانین، نەك بە شێوەیەکی موجەرەد، من پێموایە لەدوای ڕووخان و هەرەسهێنانی ئیشتراکیەتەوە بایەخدان بە ئەنارشیزم زیادی کرد، واتە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکاندا. کە هەوڵ و کۆششێکی زیاتر کراوە بۆ دووبارە پێداچونەوە بەم چەمکە و دووبارە بیرلێکردنەوەی، کە من پێموایە هەوڵەکان بەو ئاراستەیەدان کە ئەنارشیزم پتر لەوەی جەخت لەسەر ڕووبەڕبوونەوە و ڕووخاندنی دەوڵەت بکاتەوە، بایەخ بە ڕێکخستنی کۆمەڵگەکە دەدات لەسەر بنەمای هاوکاری یەکتری و هەر لایەك کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و لایەنە لاوازەکان ڕووبەڕووی سەرکوتکردن نەبنەوە، بە چەشنێك پێویست بە دەوڵەت نەکات بەم ئەرکە هەڵبستێت. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتە تازەگەشەکردووەکانەوە هەیە، من تێدەگەم بۆچی حەزەر لەوە دەکرێت کە پەنا بۆ کارێکی ڕادیکاڵ یان پڕ لە سەرکێشی وەك ئەنارشیزم ببردرێت لە بارودۆخێکدا کە هێشتا سەقامگیر نەبووە. هەرچەندە من پێموایە دەوڵەت و دامەزراوەکانی پتر سەرچاوەی توندوتیژین.

*** لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، زۆرجار ئەنارشیزم لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرکردە پۆپۆلیستیەکاندا دروست دەبێت، کە ئەم سەرکردانە بانگەشەی گۆڕانکاری دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا زۆرجار بە ناوی گۆڕانکاری و چاکسازیەوە ئەنارشیزم و پشێوی دروست نابێت؟**

- من پێموایە دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەنارشیزم لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردودا،

بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە، یەكێك لە هۆكارەكان نائومێدبوون بوو لە دەوڵەتە ئیشتراكیەكان بوو، بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، هۆكاری دووەم نائومێدبوون بوو لە مۆدێلی ڕزگاری نیشتمانی، مەبەستم ئەوەیە ئەو باوەڕە لە ئارادابوو كە هەموو كەس پێویستی بە دەوڵەتە و دەوڵەت پارێزگاری لە ماف و ئازادیەكان دەكات. بەڵام دواتر بیر لە ڕێگاچارەی دیكە و شێوە ڕێكخستنی دیكە كرایەوە، وەك ئۆتۆنۆمی ناوچەیی و ڕێكخستنی مەحەلی و هتد. كە ئەمانەش پێویستیان بە ڕاددەیەكی گەورە لە بەرپرسیارێتی و ڕێكخستنە. لە ڕاستیدا زۆربەی ئەنارشیستەكان باوەڕیان بە پەنابردنەبەر توندوتیژی نیە و ئەوە تەنها كەمینەیەكی پەراوێزین كە ئەو تیروانینەیان هەیە، ئەگەرنا زۆربەیان باوەڕیان وایە كە بەشداری كردنی ئەنارشیستەكان لە سیاسەتدا دەبێت بەشداریەكی بەرپرسانە بێت، ڕێكخراوانە بێت و ناكرێت توندوتیژی و پشێوی لە خۆبگرێت. بەڵام ئەوە ڕاستە كە زۆرجار حكومەتەكان وەك هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتەكانیان لێكیان دەدەنەوە، بەو پێیە پەیوەستیان دەكەنەوە بە توندوتیژی و پشێویەوە.

*** ئایا پێوەندییەك لەنێوان ئەنارشیزم و سۆشیالیزم هەیە؟**

- خاڵی هاوبەش لەنێوان سۆشیالیزم و ئەنارشیزمدا هەیە، بەڵام جیاوازیشیان لەنێواندا هەیە، وەك ئەوەی لەنێوان ماركسیەكان و ئەنارشیستەكاندا هەبوو. پێموایە جیاوازی بنەڕەتی ئەوەیە ماركسیەكان باوەڕیان بە پەنابردنە بەر توندوتیژی هەبوو، تەنانەت باوەڕیان بە بەكارهێنانی ئامرازەكانی دەوڵەت بوو تەنانەت ئەگەر سەركوتكاریش لەخۆبگرێت بۆ هێنانەدی ئامانجەكانیان، ئەمە لەكاتێكدا ئەنارشیستەكان باوەڕیان بە بەكارهێنانی دەوڵەت نەبوو. ئەوەی پەیوەندی بە لیبراڵیزمەوە هەبێت، ئەوا ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئایدیەكی جوانە، بەڵام ئەویش نایەكسانی دڵڕەقانە لە خۆدەگرێت و زۆرجار پەیوەست دەكرێتەوە بە كۆلۆنیالیزمەوە، مەبەستم ئەوەیە هەر ڕژێمێك كێشە و سنووری خۆی هەیە.

*** ئەركی سەرەكی دەوڵەت ئەوەیە پشێوی بگۆڕێت بۆ سەقامگیری، ترس بگۆڕێت بۆ سەلامەتی، ئایا ئەنارشیزم دژی بنەما سەرەكیەكانی حكومەت و دژی دەوڵەتی مەدەنییە؟**

- دەكرێت بڵێین ئەنارشیزم دژی حكومەتە، بەڵام لە ڕاستیدا لەماوەی سەدەی ڕابردوودا دەوڵەتەكان سەرچاوەی توندوتیژی و پشێوی و ژینۆساید بوونە، بە چاوپۆشین لەوەی ئەم دەوڵەتانە چ بەڵێنیەكیان پێداوین، بۆ نموونە لە ئەڵمانیای نازی بڕوانە، لە سەركوتكاری و توندوتیژی ستالین بڕوانە، لە ڕۆژگاری كۆلۆنیاڵی بڕوانە.

*** پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئەنارشیزم چیە؟**

- پەیوەندیەكی دوژمنانەیە، لەبەرئەوەی ئەنارشیزم باوەڕی بەوەیە مرۆڤەكان خۆیان توانای بەڕێوەبردن و ڕێكخستنی ژیانیان هەیە، واتە ئەمە تێڕوانینێكی گەشبینیانە بۆ توانای مرۆڤەكان، كە پێچەوانەی تێڕوانینی دەوڵەتە كە باوەڕی وایە تەنها ترس و سزادان مرۆڤەكان ناچاردەكات بە شێوەیەكی گونجاو ڕەفتار بكەن.

**لەدوای ڕووخان و هەرەسهێنانی ئیشتراكیەتەوە بایەخدان بە ئەنارشیزم زیادی كرد، واتە لە كۆتایی هەشتاكان و سەرەتای نەوەتەكاندا. كە هەوڵ و كۆششێكی زیاتر كراوە بۆ دووبارە پێداچوونەوە بەم چەمكە**

**ماركسیەكان باوەڕیان بە پەنابردنە بەر توندوتیژی هەبوو، تەنانەت باوەڕیان بە بەكارهێنانی ئامرازەكانی دەوڵەت بوو تەنانەت ئەگەر سەركوتكاریش لەخۆبگرێت بۆ هێنانەدی ئامانجەكانیان، ئەمە لەكاتێكدا ئەنارشیستەكان باوەڕیان بە بەكارهێنانی دەوڵەت نەبوو**



# نەوت و گاز:
# شانازییەکی گەورەی حکومەتی کوردستان



**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

کوردســـتان بە هەنگاوی گەورە گەورە بـــەرەو دوارۆژێکـــی چارەنووســـازو پرشنگدار دەڕوات، ئەمە تەنیا قسە نییە، بەڵکو واقیعی سەر ئەرزە. ئەوەی تۆزێك ئینساف و گیانی ئیجابی هەبێت، دان بەو گۆڕانە گەورانە دەنێت کە ماوەی چەند ساڵێکی کەمە لە کوردستان هاتونەتە پێش و دۆستانی دڵخۆش کردووەو دوژمنانیش دڵناخۆش.

دیارە دوژمنان هەســـتیان بەو گۆڕانانە کردووەو وەك راســـتییەکی حاشاهەڵنەگر دەیبینـــن، بۆیـــە تا دێـــت زۆرتر ترس دایاندەگرێـــت و تا دێـــت زەقتر هەوڵی سووك کردن و تەفروتونا کردنی دەسکەوتە مەزنەکان دەدەن لە کوردستاندا. یەك لەو دەسکەوتە مەزنانەی خەریکە کوردستان دەخاتە بـــەردەم قۆناغێکی ئێجگار تازەو گرنـــگ و ســـتراتیژی، دامەزراندنی پیشەســـازی نەوت و گازە کە بە هیمەت و دووربینیی ســـەرۆکی هێژا مەســـعود بارزانی و ســـەرۆك وەزیرانی کوردستان رێـــزدار نێچیرەڤان بارزانـــی و تەواوی حکومـــەت و وەزیـــرە بەڕێـــزەکان، لـــە پێشەوەیاندا وەزیری سامانە سروشتیەکان دکتۆر ئاشتی هەورامی، هاتۆتە دی.

بایەخی پیشەســـازی نـــەوت کە زۆر شـــێلگیرانە لە لایەن هەموو دوژمنانەوە بەرپەرچ دەدرێتـــەوەو تەگەرەی لەبەردەم دروســـت دەکرێت، ئەوەیە کە ئیتر کورد دوای سەدان ساڵ کوێرەوەری و نەهامەتی و نـــەداری، نەك هەر ئەوا دەبێتە خاوەنی ســـەروەت و ســـامانی خـــۆی، بەڵکو دەرگایەکی گەورەش لەبەردەم دوارۆژی خۆی دەکاتەوەو لـــەو جیهانە تێکقرژاوو جەنجاڵـــەدا جێ پێیەکـــی کاریگەر بۆ کوردســـتان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا دەکاتەوە.

زۆر دەمێکە کورد بە دەست ئەو راستییە دەتـــلاوە کە مەرگ و مردنی کێشـــەی کورد لەوەدایە کە جیهان بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کوردســـتان نابینێتـــەوە، بەڵام ئەوەتـــا ئەمـــڕۆ کارێکـــی ژیرانەو بێ دەنگ بۆ ئەوە دەکرێت کە ئیتر لەمەودوا کوردستان بە بونیادە ئابووری و سیاسی و ســـەقامگیریە ئەمنیەکـــەی خۆی، کەسایەتییەکی تایبەتمەند لەسەر شانۆی سیاســـەتی ناوچەیـــی و نێودەوڵەتیـــدا بنوێنێت. ئیتر کوردســـتان لە ســـایەی ئەو دەســـکەوتە مەزنە، خاکێکی وێران و پانتاییەکی ساردوســـڕو بێ بەرژەوەندی و بێ دوکەڵی پیشەســـازی و کێڵگەی نـــەوت نییە. بەڵکو یەك لە خاکە بە پیت و دەوڵەمەندەکانـــە. یەك لـــەو پانتاییە زیندوانەیە کە بە دەست گەرمی خەریکی دامەزراندنی ژێرخانێکی پتەوی ئابووری و پیشەســـازیە بۆ خـــۆی، بۆیە جیهان لەمـــەودوا دەبێت ئاوڕی لـــێ بداتەوە. ئەمەش گەورەترین دەسکەوتی کوردە کە لە راپەڕینی ســـاڵی **١٩٩٢**ەوە بە دەست هاتـــووە. ئەمەش بێگومـــان زادەی بیرو هەوڵ و کۆششی بێ وچانی حکومەتی کوردستانە.

تا ئێســـتا، کۆمەڵێك زانیاری لە بارەی نەوت و گاز لە کوردســـتان بڵاوبۆتەوە. رەنگە زۆری دیکە هێشـــتا چاوەڕوانی بڵاوبوونـــەوەن. هەموو ئـــەو زانیاریانە دەریدەخەن کە کات لەم کوردســـتانەدا بە فیرۆ نەدراوە. بەڵکو بە شـــێوەیەکی زۆر داهێنەرانـــە کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەی ئەگەر وا نەبێت، چۆن لە ماوەی ســـێ ســـاڵدا، نزیکەی ٣٠ گرێبەستی نەوت و گاز لەگەڵ چەندین کۆمپانیای جیهانی مۆر دەکرێت؟ چۆن تەنیا لە دوو کێڵگەی نەوتـــدا کار دەگاتە ئەوەی لە حوزەیرانی داهاتووەوە ئیتر رۆژی ١٠٠ هەزار بەرمیلە نـــەوت هەناردەی دەرەوە بکرێت. هەروەها ئـــەم ژمارەیـــە، لە کۆتایی ئەمســـاڵدا بگاتە ٢٥٠ هەزار بەرمیل. ســـەرباری نەوت، لە بواری گازیشـــدا هەنگاوێکی ئێجگار مەزن بنرێت و لە ســـاڵی ٢٠١١ ەوە ئیتر کوردســـتان ملیارێك و نیو پێی موکەعـــەب گاز رەوانەی دەرەوە بکات؟ ئەم ژمارەیەش لە ســـاڵی ٢٠١٤ بگاتە سێ ملیار پێ؟ چۆن نەخشە دادەڕێژرێت بۆ ئەوەی پێنج سەد هەزار پێ لەم گازە بۆ پێداویستییەکانی ناو کوردستان تەرخان بکرێت و ئەوی دیکە هەناردەی ئەوروپا بکرێت. لەم سووچەشەوە، ئیتر ئەوروپا بۆ بەشێکی گرنگی گاز پشت بە کوردستان ببەستێت؟ چۆن کار دەگاتە ئەوەی کورد بەشێکی گرنگی پرۆژەی بۆڕیە گازی (نابۆکـــو) بێت کە یەك لـــە بۆریە هەرە گرنـــگ و گەورەکانی گواســـتنەوەی نەوت و گازە لە جیهاندا؟ شایەنی باسە، بۆریی نابۆکو لە دوو ناوچەوە دەست پێ دەکات: لقێکی لە دەریـــای قەزوینەوەو لقەکەی تری لە کوردســـتانەوە. هەر دوو لقەکە لە ناو تورکیا یەك دەگرنەوەو بەرەو ئەوروپـــا دەڕوات. چەندیـــن کۆمپانیای ئەوروپی و ئیماراتی بەشدارن لەو پرۆژە ستراتیژییە.

زۆر جار، هەن باس لەوە دەکەن کە باشە خـــۆ داهاتی تەنیا لە ١٧٪ ی ئەو نەوت و گازە دەگاتە دەست کوردو باقیاتەکەی

بۆ عێراق دەڕوات؟ ئەمە راستە، بەڵام ئەوەش راستە کە ١٧٪ هەمموو داهاتەکانی دیکەی عیراقیش بۆ کوردستانە. ئینجا لەوانە گرنگتر کەرتی نەوت و گاز کە لەمەودوا بە کەرتێکی گرنگی پیشەسازی لە کوردستان دەژمێردرێت و بوارێکی زۆر گەورە بۆ دەرفەتی کار لە بەردەم خەڵك دەکاتەوە. هەزاران هەزار کەس لەو کەرتەدا دەرفەتی کاریان بۆ پەیدا دەبێت. ئاوەدانی و وەبەرهێنانێکی گەورەی بیانی روو لە کوردستان دەکات. بێگومان پیشەسازی نەوت، وەك تاقی کردنەوەی جیهان دەریدەخات، هەر تەنیا ئیستیسمار نییە لە بواری نەوت و گاز، بەڵکو زنجیریەك ئیستیسماری پابەندیشە بە ئاوەدانکردنەوەو بەرەو پێش بردنی کەرتەکانی دیکەی بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی ئاستی ژیانی خەڵکە. ئەمانە، سەرباری دەیان قازانجی ستراتیژی لە مەیدانی سیاسی و رۆشنیری و کۆمەڵایەتی کە رەنگە لە ماوەیەکی کەمدا کوردستان بباتە ئاستی ناوچە هەرە بوژاوەو دەوڵەمەندو کاراکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کورد میللەتێکی داهێنەرە ئەگەر دەرفەتی بۆ بلوێت. کوردستان وڵاتێکی بە پیتە ئەگەر خەڵکەکەی بە دڵ و بە گیان دەوری سەرۆکایەتییەکەی بدەن و پشتگیری لە کارو بەرنامەکانی حکومەتی خۆیان بکەن.

وەزیری سامانە سروشتیەکان پێش ماوەیەك ئاشکرا کرد کوردستان ٤٠ تا ٤٥ ملیار بەرمیلە نەوتی هەیە وەك یەدەگی سروشتی، ئەمە بێجگە لە ژمارەیەکی نەزانراو لەو شوێنانەی تا ئێستا کاری تەنقیبیان تێدا نەکراوە. هەروەها بێجگە لەو نەوتەی لە ناوچە دابڕاوەکان هەیە و تا ئێستا کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا نەبڕاوەتەوە، هەروەها بێجگە لە یەدەگێکی ئێجگار زۆری گاز. ئەمانە ئەگەر بەشێکیان ئیستیسمار بکرێت، کە ئەوەتا سەرەتاکەی زۆر بە گەرمی دەستی پێکردووە، ئەوا کوردستان دەبێتە پانتاییەکی گەلێك زیندوو، گەلێك پێشکەوتوو، گەلێك ئەکتیڤ لە ناو کۆمەڵگەی ناوچەیی و جیهانیدا.

دوژمنانی کورد زۆر لەو پێشکەوتنە دەترسن، رۆژانە دەیان کێشەو گیروگرفت بۆ خەڵك و حکومەتی کوردستان دروست دەکەن. لە لایەکەوە، هەوڵ دەدەن دەستی تیرۆر رابکێشنە ناو ژیانە سەقامگیرەکەی کۆمەڵگەی کوردەواری. لە لایەکی دیکە، شك وگومان و دڵپیسی لە ناو خەڵکی دروست دەکەن بەرامبەر بە هەوڵ وکۆششەکانی حکومەت. لە لای سێیەمەوە هەوڵ دەدەن یەکریزی میللەت پارچە پارچە بکەن و پێگە سیاسیەکانی لاواز بکەن و کورد وەك میللەتێکی ناشایستە پیشان بدەن. هەوڵ دەدەن دەست ساردی و گیانی نامەسئولیەتی و دەماری گۆشەگیری لە کوردستان دنە پێ بدەن و ئایدیۆلۆژیای تاکرەوێتی و تاریکی و زوڵمات لە ئاسۆکانی بیرو داهێنانی کوردی دا بچێنن. هەوڵ دەدەن کەمتر باوەڕ بە سەرکردەکانمان بکەین. رۆڵی پێشەنگانەیان نەبینین لە بواری بەرگریکردن لە کورد، کوردستان. لە بواری دامەزراندنی دوارۆژێکی رووناك بۆ کورد. لە بواری ئازادی و دیموکراسی و لێبوردەییدا.

هەڵەیە، وای لێك بدەینەوە گوایە ئەمانە تەنیا خەڵکانێکی بەرچاو تاریك و سەرلێ شێواوی ناو کۆمەڵگای کوردەواری خۆمانن. راستییەکەی، دوژمنان لە دەرەوەی کوردستان دەستێکی باڵایان هەیە لە چاندنی تۆوی ناکۆکی و بەدگومانی لە ناو کوردستاندا. مەبەستیش لەم بەدرەفتاریە تەگەرە خستنە بەردەم رەورەوەی بەرەو پێشچوونی کوردستان. ئەم دوژمنە دەرەکیانە دەزانن ئەگەر پرۆسەی بینا کردنی کوردستان لە بوارە جیاجیاکاندا، بە تایبەتی لە بواری نەوت و گاز، بەرەو پێش بچێت، ئەوا کورد دەتوانێت تاقی کردنەوەیەکی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیریی زۆر پێشکەوتوو دابمەزرێنێت. لە ئەنجامیشدا، فەشەل و بێ نموودی و رووی رەشی سیاسەتەکانی ئەوان دەردەکەوێت.

لێرەدا، رەنگە نموونەیەك پێویست بێت: وەزیری نەوتی عیراق حوسێن ئەلشەهرستانی، ماوەی سێ ساڵە پتر لە هەشت ملیار دۆلاری خەرج کردووە بۆ گەشەپێدانی کەرتی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق. گوایە چەندین گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی جیهان مۆر کردووە، بەردەوام پەیمان بە حکومەتی بەغدا دەدات گوایە بە دەستیەوەیەتی هەناردە کردنی نەوت زیاد بکات و داهاتێکی تازە بۆ بودجەی عێراق بهێنێت. لەو بەرامبەرەدا هەرچی قسەی خراپە دەربارەی گرێبەستەکانی کوردستان دەیکات.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووانەش، کوردستان بە سێ ساڵ دەست بە هەناردەکردنی نەوت و گاز دەکات، کەچی وەزارەتە فاشیلەکەی ئەو تا ئێستا نەیتوانیوە یەك بەرمیلە نەوتی تازە بخاتە سەر بەرهەمی نەوت لە کێڵگەکان. بگرە هەنارە کردنی نەوتی عیراقیش دابەزیوەو گەورەترین کێشەی دارایی بۆ بودجەی عێراق دروست بووە. تەنانەت حکومەتی بەغدا لە ئەنجامی سیاسەتە فاشیلەکانی ئەلشەهرستانی ناچار بووە سێ جار بودجەی عێراق دابەزێنێت. پێش چەند رۆژێك وەزیری دارایی عێراق بەیان جەبر ئەلزوبەیدی بە ئاشکرا مەسئولیەتی باری خراپی دارایی خستە ئەستۆی ئەلشەهرستانی و سیاسەتە بێ ئەنجامەکانی، لەولاوە ١٤٠ پەرلەمانتاری عێراقی داوای لە سەر کار لابردنی ئەلشەهرستانیان کردووە. بێگومان وەزیرێکی فاشیلی وەکو ئەم کابرایە هەوڵ دەدات بە هەر شێوەیەك بێت رێگە لە پیشکەوتنەکانی کوردستان لە بواری نەوت و گاز بگرێت تاکو سیاسەتە رەش و فاشیلەکانی خۆی دەرنەکەوێت.

بە هەر حاڵ، ئەوەی لە کوردستان دەکرێت لە بواری نەوت و گاز جێگەی ئەوەیە بە هەموو لایەکمان دەست خۆشی و پەیمانی وەفاداری و ستایش و شکۆداری بۆ سەرۆکی هێژا مەسعود بارزانی و سەرۆك وەزیران رێزدار نێچیرڤان بارزانی دەرببڕین و بێگوێ دانە هاشوهوشی خەڵکانی فاشیل هەنگاو بەرەو پێشەوە بهاوێژین و بە چاوی باوەڕو هیواو دڵخۆشیەوە سەیری دوارۆژی کوردستان بکەین. ئەوەتا پیشەسازی نەوت و گاز لە کوردستان گەورەترین بەڵگەیە.

**دوژمنان لە دەرەوەی کوردستان دەستێکی باڵایان هەیە لە چاندنی تۆوی ناکۆکی و بەدگومانی لە ناو کوردستاندا**

**وەزیری نەوتی عیراق هەرچی قسەی خراپە دەربارەی گرێبەستەکانی کوردستان دەیکات. لەگەڵ ئەو هەمووانەش، کوردستان بە سێ ساڵ دەست بە هەناردەکردنی نەوت و گاز دەکات، کەچی وەزارەتە فاشیلەکەی ئەو تا ئێستا نەیتوانیوە یەک بەرمیلە نەوتی تازە بخاتە سەر بەرهەمی نەوت لە کێڵگەکان**

# دیموکراسی و بازاڕی ئازاد تەواوکەری یەکترن



> هەرێمی کوردستانیش لە قۆناخی هەنگاونانە بەرەو ئابووری بازاڕ و دەیەوێ نرخەکان بدرێنەوە دەست بازاڕ و «خواست و خستنەڕوو» تەحەکوم بە نرخەکان بکات

پێوەندی نێوان ئابووری بازاڕ و دیموکراسی یەکێکە لەو بابەتە گفتوگۆئامێز و گەرمانەی کە ئەمڕۆ بۆتە سەنتێزی قسە و باس و مشتومڕی ناوەندە فیکری و ستراتیژییەکانی جیهان. بەشێوەیەك ئەمڕۆ وا لێکدەدرێتەوە کە هەر وڵاتێك سیستمی ئابووری بازاڕ بکاتە کارنامەی کەرتی ئابووری خۆی ئەوا دەیسەلمێنێ کە دەستبەرداری هەزری تاکڕەویی بووەو وازی لەئاراستەکردنی ئابووری هێناوە، بەو مانایەی دەوڵەت بەهەوەسی خۆی بازاڕ بجوڵێنێت.

لەم گۆشەنیگایەوە، ئەگەر چاوێك بە سیستمی سیاسی و ئابووری وڵاتانی رۆژهەڵاتانی ناوین بخشێنین، دەبینین زۆر لەو سیستمانە دوودڵن لە هەنگاونان بەرەو سیستمی ئابووری بازاڕ، ئەمەش لە ترسی لەدەستدانی ئەو هێز و جەبەرووتەی هەیانە. واتە ئەوان ئازادبوونی بازاڕ بە کەمکردنەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆیان دەزانن. چونکە ئەوان بەو لۆژیکە دەڕوانن، کە هەر لایەنێك کەرتی ئابووری لەدەست خۆیدا پایەماڵ بکات ئەوا دەتوانێ کەرتەکانی دیکەش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. لەبەرئەوە نابێت لەبیرمان بچێت پێوەندی و وابەستەگیەکی بەهێز و زەروری لەنێوان ئابووری بازاڕ و دیموکراسییەت هەیە. هەر بۆیە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە سەرنج دەدەین زۆربەی سیستمە تۆتالیتارییەکان خاوەن بازاڕی ئازاد نین، لەکاتێکدا زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکان پشت بە بە سیستمی ئابووری بازاڕ دەبەخشن. هەرچی سیستمە شمولی و تاکڕەوەکانن پتر پشت بە ئابووری داخراو دەبەستن. ئەمەش پێوەندی بەو جەدەل و پاشخانە ئایدیۆلۆژییەوە هەیە کە دەورانێکی زۆرە لەنێوان دیموکراسیەت و تاکڕەویدا هەیە. لەبەرئەوە هیچ کاتێك ناتوانین باسی ئابووری بازاڕ بکەین لەژێر سایەی سیستمێکی شمولیدا کە باوەڕی بە پرەنسیپە دیموکراسییەکان نەبێ، چونکە ئابووری بازاڕ تەنها لەژێر سایەی دەوڵەتی قانوون و تەشویق کردنی بنەما دیموکراسییەکان گەشە دەکات.

ئەگەر ئەم باسە بەسەر ئێستای کوردستاندا گشتگیر بکەین، دەبینین هەرێمی کوردستانیش لە قۆناخی هەنگاونانە بەرەو ئابووری بازاڕ و دەیەوێ نرخەکان بدرێنەوە دەست بازاڕ و «خواست و خستنەڕوو» تەحەکوم بە بە نرخەکان بکەن، نەك حکومەت بە ئارەزووی خۆی نرخ دابنێت و ئابووری وڵات لەدەستی چەند نوخەبەیەکی سیاسیدا گرمۆڵە ببێت.

دەتوانین بڵێین، ئێستا ئابووری کوردستان لەحاڵەتی تێکەڵی و هاوبەشی دایە، هاوبەشی لە تێکەڵکردنی ئابووری بازاڕ بە ئابووری کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەك ئەگەر سیستمی یەکەم پشت بە ئازادکردنی نرخەکان ببەستێت ئەوا ئابووری کۆمەڵایەتی بەندە بە پاڵپشتیکردنی دەوڵەت لە نرخی ئەو کاڵا و کەلوپەلانەی بە هاووڵاتیانی دەدات. راستە تێکەڵکردنی ئەو دوو سیستمە شتێکی باشە، بەڵام پێویستە دەوڵەت زۆر تیژبین و وردبینانە تێکهەڵکێشی دروست بکات بەجۆرێك رەنگدانەوەی ئیجابی بکاتە سەر سەقامگیرکردنی باری ئابووری هەرێمی کوردستان.



هەروەك دەبێ بزانین، ئابووری بازاڕ بە ئابووری سەرمایەداریش ناودەبرێ، ئەو ئابوورییەی کە پەیوەستە بە خاوەندارێکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دەستپێشخەری فەردی. نرخ لەو بازاڕەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەکارلێکی نێوان «خستنەڕوو و داواکاری» بازاڕ. بەواتایەکی دیکە، ئەو جۆرە ئابوورییە ئابووری داواکاری و خستنەڕوو و ئازادکردنی نرخەکانە لەهەر کۆت و بەندێکی تایبەت یان سیاسەتی قۆرخکردن، بەڵام هاوکات بەهیچ شێوەیەك نەبوونی ئەو بازاڕە واتای غیابی کەرتی گشتی و نەبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ژیانی ئابووری ناگەیەنێت.

ئەو پەیوەندییە دیالێکتییەی لەنێوان دیموکراسی و بازاڕی ئازاددا هەیە. ڕەنگە زۆرجار هاودژ و پێکناکۆکیش بن. واتە ئەو دابەشبوونە نایەکسانەی داهات کە زۆر جار لە سیستمێکی بازاڕی ئازادی ناڕاست دەبینرێتەوە بەرەو شێواندنی پڕۆسە سیاسی و دیموکراسییەکان دەچێت چونکە داهات واتە دەسەڵات. بازاڕی ئازاد سنوور دەخاتە بەردەم کارەکانی دەوڵەتیش و ڕێگە لە باڵادەستی هاووڵاتیان لەپڕۆسە ئابوورییەکان دەگرێت. زۆربەی کرداره ئابوورییەکان بەرهەمی بڕیاری تاکەکانە یان بەرهەمی پڕۆسە ئۆتۆماتیکیەکانە کە خەڵك ناتوانێت کۆنترۆڵی بکەن. لەلایەکی دیکەوە، بڕیارە سیاسییەکانیش مەرج و سنوور بەسەر بازاڕی ئازاددا دەسەپێنن. لەگەڵ ئەوەشدا دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بەگشتی تەواوکەری یەکترن و یارمەتی یەکتردەدەن.

با سەرەتا چاوێك بەو لایەنەدا بخشێنین کە تێیدا بازاڕی ئازاد دەتوانێت پەرە بە دیموکراسی بدات. بازاڕی ئازاد دەسەڵاتی دەوڵەتە دیکتاتۆریەکان بەسەر کۆمەڵگاکانیاندا کەم دەکاتەوە. ئەگەر دەوڵەتان دەستبەرداری کۆنترۆڵی ئابووری ببن، ئەوا ڕەنگە دەستبەرداری کۆنترۆڵی بوارەکانی دیکەش ببن. ئەگەر دەوڵەتێك هەموو ئامرازەکانی ئابووری لەژێردەستدا نەبێت، ئەو کاتە خەڵك بۆ بەرهەڵستیکردنی دەوڵەت ئازادی زیاتریان دەبێت چونکە دەوڵەت ناتوانێت هێندە بە ئاسانی لە کارەکان دووریان بخاتەوە و لە خانووەکانیان دەریان بکات. بۆیە هەمیشە ئابوورییەکی پلان بۆداڕێژراو و ڕێکخراو بە مانای کۆمەڵگایەکی پلان بۆداڕێژراو و ڕێکخراو دێت.

بۆیە بازاڕی ئازاد پەرە بە دیموکراسی دەدات، چونکە پێویستی هەیە بە:

### ١. سەروەری یاسا:

خۆی لەخۆیدا بازاڕی ئازاد گرەنتی سەروەری یاسا نادات، بەڵام بەشێوەیەك لەشێوەکان یارمەتی گەشەپێدانی دەدات. کۆمپانیا ئەهلیەکان حەز بە شتی پێشبینیکراو و زانراو دەکەن. دەیانەوێ وەبەرهێنانەکانیان لە ڕێگەی یاساوە پارێزگاری لێبکرێت، دەوڵەتێکیان دەوێت خۆیان و کەلوپەلەکانیان بپارێزێت، دەشیانەوێت توانای ئەوەیان هەبێت کە دەسەڵاتی یاسا بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکانیان بەکاربهێنن. جگە لەوەش کۆمپانیاکان دەیانەوێت سەروەریەکی نێودەوڵەتی هەبێت. هەروەك دەیانەوێت هەمان یاسا لە هەموو شوێنێك کاری پێبکرێت. بۆ نموونە، ئەگەر یاسا و پەیڕەوەکانی کار لەهەموو شوێنێك وەك یەك نەبن ئەوا کۆمپانیاکان لە چەند وڵاتێکدا سوودێکی ڕکابەری نادادپەروەریان دەبێت، چونکە ناچار دەبن کرێی کەمتر بە کرێکارەکانیان بدەن، هەروەها ناچارن وەبەرهێنانی کەمتر لە بارودۆخێکی سەقامگیردا بکەن. بازرگانێك دەڵێت «سەروەری یاسا کە لەلایەن سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆوە کاری پێبکرێت مەرجی سەرەکییە بۆ پەیوەندییە ئابووریەکانی بازاڕی هاوچەرخ.. لەبەرئەوەی بازاڕەکان پێویستیان بە یاسا هەیە. بۆیە ڕەخنەی لەو ناکارامەییە بڵاوە و گەندەڵییەکانی سیستەمی دادوەری گرت.» چونکە بازاڕی ئازاد پێویستی بە سەروەری یاسا هەیە، هەروەها لەبەرئەوەی سەروەری یاسا بە دیموکراسی دەپارێزرێت (ئەمە ڕاستیەکی کرداریە)، بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بازاڕی ئازاد پەرە بە دیموکراسی دەدات.

### ٢. دەوڵەتێکی پابەند بە دەستوور و کۆمەڵگایەکی ئازاد:

بازاڕی ئازاد و دیموکراسی پێویستیان بە دەوڵەتێکی پابەند بە دەستوور و کۆمەڵگایەکی ئازاد هەیە. تەنها کۆمەڵگایەکی ئازاد دەتوانێت وەك بناخەیەك بۆ دەسەڵاتێکی دیموکراسی و ڕەخنەگرتن لە حکومەت خزمەت بکات، هەروەها دەوڵەتێکی پابەند نەبوو بە دەستوور تایبەتمەندییەکی سەرەکی دیکتاتۆریەتە. بازاڕی ئازاد پەرە بە دەوڵەتێکی پابەند بە دەستوور و کەشێکی ئازاد بۆ کۆمەڵگا دەدات، چونکە سنوور بۆ پەیڕەو و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری دادەنێت. لەبەرئەوە بازاڕی ئازاد بریتیە لە ئازادیی بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتن، ئەمجۆرە ئازادیەش بە گشتی ئازادی پێشدەخات.

### ٣. شەفافیەت و پێدانی زانیاری:

پیاوانی بازرگان پێویستیان بەپێدانی زانیاریە بەشێوەیەکی ئازادانە بۆئەوەی بتوانن باشترین بڕیاری ئابووری بدەن. کەوابوو بازاڕی ئازاد پەرە بەدیموکراسی و شەفافترین حکومەت دەدات و جۆری حکومەتیش زۆرتر لەسەر پێدانی زانیاری بە ئازادانە بەندە.

### ٤. هۆکارەکانی پەیوەندی و گواستنەوە:

ئابووری بازاڕی ئازاد پەرە بە گەشەسەندنی هۆکارەکانی پەیوەندی و گواستنەوە دەدات. زۆر زەحمەتە دیموکراسیەك بێنیتە پێشچاوی خۆت بەبێ هۆکارەکانی پەیوەندی و گواستنەوە. لەمەش زیاتر بەرزبوونەوەی ئاستی پەیوەندی و گواستنەوە هێزی نۆرم و نەریتە باوەکان کەم دەکاتەوە، کە ئەمیش لەلای خۆیەوە پێکهاتە تەقلیدی و

ئەو پەیوەندییە دیالێکتییەی لەنێوان دیموکراسی و بازاڕی ئازاددا هەیە. ڕەنگە زۆرجار هاودژ و پێکناکۆکیش بن

نەوعییەکانی دەسەڵات لاواز دەکات.

**٥. گونجان و جموجۆڵی کۆمەڵایەتی:**

پێکهاتە کۆمەڵایەتی و دیکتاتۆری و نەریتییەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی لە بازاڕی ئازاددا کەمتر جێگیرن، بەندن بە هەڵبژاردنی ئازادانەی تاکەکانەوە. کۆمپانیاکان بەو هیوایەن باشترین کەس بۆ کارەکەیان هەڵبژێرن بەبێ گوێدانە پایەی کۆمەڵایەتی. ئەم جموجۆڵەش پەرە بە یەکسانی دەدات کە دووبارە بۆ دیموکراسی پێویستە.

**٦. بازرگانی نێودەوڵەتی:**

هاوردە و ناردنی ئازادانەی شتومەك (کەلوپەل) لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەتوانێت پەرە بەبڵاوبوونەوەی (هاوردە و ناردەنی) بیروڕاکانیش بدات. پەیوەندی کولتووری دووڵایەنە لەنێوان ئەو هاوولاتیانەی کە دەتوانن بە ئازادی کار و بازرگانی بکەن دەبێتە هۆی پێشکەوتنی دیموکراسی، چونکە ڕێگە بە هاوڵاتیان دەدات و وای لێدەکات پرسیار لە خوو و نەریت و پێکهاتەکانی هێزی کۆنباوی خۆی بکات و گومان پەیدابکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین هەست بکەین کە دەکرێت شتەکان جیاوازبن کاتێك دەبینین بەڕاستی ئەو شتانە لە شوێنەکانی دیکەی جیهان جیاوازن. لەو کولتوورانەی بەئازادانە بازرگانی ناکرێت و بەو هۆیەوەش زۆر لەگەڵ جیهانی دەرەوە پەیوەندی ناکرێت، زۆربەی نەریتەکان وا ڕەچاو دەکرێت کە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە نییە و بەبێ پرس و گومان قەبوڵ دەکرێن. ئەوکاتەش گۆڕینی نەریتە نادیموکراسییەکان زەحمەت دەبێت. ئەگەر بەربەستەکانی بەردەم بازرگانی نێودەوڵەتی نەهێڵین، ئەوکاتە دەتوانین کۆمەڵگا داخراوە و نەریتییەکان بکەینەوە.

دواجار پێویستە بڵێین، ئامانجی دیموکراسی پەسەندکردن و چەسپاندنی سیستەمێکی بازاڕی ئازادیشە. بۆیە دیموکراسی دەوڵەتێکی پابەند بە دەستورە چونکە بە شێوەیەکی پێویست (یان لەڕووی تیۆریەوە) حوکمی یاسا دەچەسپێنێت و لەبەرئەوە کەشێك دروستدەکات بۆ چالاکی ئابووری بازاڕ و گۆڕینەوە و پێشبڕکێ لەنێوان کەس و گروپە جۆراو جۆرەکان. هەروەها دیموکراسی — لە ڕووی تیۆریەوە — ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ دەگرێت و زۆربەی مافەکانی مرۆڤ وەك مافی سامانی تایبەتی دەبنە هۆی برەودان بە بازاڕی ئازاد. لەبەرئەوە زەحمەتە بڕوا بە دەوڵەتێکی ئازاد و دیموکراسیەك بکەین کە هەموو ئازادیە مەدەنییەکان دابین دەکات، بەڵام ڕێگە بە ئازادی بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتنی شتومەك و خزمەتگوزاریەکان نادات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە دیموکراسی بە پێویستی بزانێت کە بازاڕی ئازاد سنووردار بکات، یان هەندێ لە ناعەدالەتییەکانی ڕاست بکاتەوە. لەوانەشە بیەوێت هەندێ لەو داهاتەی لەلایەن بازاڕی ئازادەوە دروستبووە بە سەر ئەو کەسانە دابەش بکات کە ناتوانن ئازادی خۆیان مومارەسە بۆئەوەی لەلایەنی ئابووریەوە سەرکەوتووبن.

وەك دەڵێن نابێت کەس بگاتە ئەو ئەنجامەی کە دیموکراسی بە شێوەیەکی ناچاری پێکهاتووە لە چەند سیاسەتێکی بازاڕی ئازاد. لەبەرئەوە، دیموکراسی هانی پێشبڕکێی ئازادانەی بیروڕاکان و سیاسەتەکان و سەرکردەکان دەدات، بەڵام ناکرێت لەنرخی هەڵبژاردنی سیاسەتەکان و سەرکردەکان کەم بکرێتەوە بۆ پرۆسەیەك کە هاوشێوەی هەڵبژاردنی ئابووریانەی شتومەك و خزمەتگوزاریەکان بێت.

گوڵان بۆ تێروتەسەلکردن و دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکەی بەپێویستیزانی، ڕا و سەرنجی چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا لەبواری ئابووری سیاسیدا بدوێنێت، کە بۆچوون و سەرنجەکانیان بۆ دۆخی ئەمڕۆی کوردستان واقیعیانە و بابەتیانەتر بوو.

## فریدریك ماڵم بۆ گوڵان:
## بازاڕی ئازاد بەبێ لیبرالیزم پرۆسەیەکی ناکامە



هەرێمی کوردستان، وەك هەرێمێکی سەقامگیر و دەروازەیەکی گرنگی عێراق، ڕژدە لەسەر بونیاتنانی سیستەمی ئابووری بازاڕ. لەم سۆنگەیەوە پەرلەمەنتاری سوید و دۆستی کورد فریدریك ماڵم لەپارتی گەل بەمشێوەیە لە پەیوەندی نێوان سیستەمی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بۆ گوڵان دەدوێ:

سیستەمی دیموکراسی و ئابووری بازاڕ دوو شتی تەواوکەری یەکترین. بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی سیستەمی بازاڕی ئازاد سەرکەوتن بەدەستناهێنێ. ئەو کولتوورە سیاسییەی لەهەرێمی کوردستان و عێراق هەیە پێویستی بە زەمینەسازی زیاتر هەیە بۆ بونیاتنانی سیستەمی بازاڕی ئازاد و لیبراڵ- دیموکراسی.

جیاوازی نێوان عێراق و وڵاتانی عەرەبی ئەوەیە، کە دەوڵەت نەوت دەردەهێنێت و دەیفرۆشێت و دەرخواردی میللەتی دەدات. بەڵام لەوڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا کە دامەزراوە مەدەنی و دیموکراسییەکانی زۆر ئەکتیڤن و هاووڵاتیان باج دەبەخشنە دەوڵەت سیستەمەکە زیاتر تەشویقی کردووە. بەو مانایەی لەو وڵاتانە هاووڵاتی حکومەت بەخێو دەکات نەك دەوڵەت بەخێویان بکات.

سەرنج دەدەین کاتێك بەهای نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەرز دەبێتەوە، زەحمەتە بتوانرێ ئاستی بژێوی لەو وڵاتانە بەرزبێتەوە و خۆشگوزەرانی فەراهەم ببێت. ئەگەرچی دەکرێ ئەم ڕەوشە پۆزەتیڤ بێت هەم بۆ کوردستانی عێراق و هەم بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراقیش، لەبەرئەوە لەم دۆخەدا دەکرێ بەهای دراوی عێراقیش بەرز ببێتەوە و بودجەی عێراق زیاتر ببێت و بتوانێ ئەو قەرزانەش بداتەوە کە بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو لەسەری کەڵەکە بووە. هەروەك دەکرێ ئاستی داهاتی تاك و بوژاندنەوەی ئابووریش زیاتر ببێت. لەبەرئەوە ئەو پارەیە دەکرێ ببێتە یارمەتیدەرێك بۆ حکوومەت و، حکوومەتیش کاری باشتر بکات بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت، بۆ کاتێکی درێژ و دوورمەوداش پێویستە سەرکردایەتی کورد لەسەر ئەو مژارە بیر بکەنەوە چونکە ڕەوشەکە تا هەتایە بەمشێوەیە نابێت. هەروەها زیادبوونی پارە دەشێ درز بخاتە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان هێزە سەرەکییەکانی کوردستانیش، ئەگەر هەر لایەنە و ڕۆڵی خۆی بۆ پارە تەرخان بکات ئەوکات کۆمەڵگا قەڵستر

دەبێت. بۆیە لە وەها دۆخێکدا دەکرێ خەڵك و حکوومەت ستراتیژێکی میللی دابڕێژن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و پێشهاتە ترسناکەکان، چونکە گەندەڵی مەترسیدارترین نەخۆشییە بۆ سەر پاشەڕۆژی هەرێمی کوردستان.

### پرۆفیسۆر ئیرینیا زڤایگلاسکایا بۆ گوڵان:

## گرفتی هەرێمەکەی ئێوە بەهەدەردانە نەک داهێنان



بارودۆخی هزری و فەرهەنگی میللەتان بەپێی بارودۆخی شەڕ و ئەو وێستگانەوە دەگۆڕێت کە پێیدا تێپەڕدەبن، واتە ڕووداو و شەڕەکان واقیعی هزری و ڕۆشنبیری تێیدا دەگۆڕێت. ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا ڕوودەدات بارودۆخێکی ناوازەیە، بەرادەیەك وای لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا و گروپ و لایەنەکان کردووە هەنگاو بەرەو سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ بنێن و ڕوو لە بنیاتنانی سیستمی ئابووری بازاڕ و دیموکراسی بکەن.

سەبارەت بەو سیستمە و چۆنیەتی ئیدارەی سامانە سروشتییەکان و پاراستنی چینی ناوەند خاتوو ئیرینیا زڤایگلاسکایا، پرۆفیسۆر لە سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و سیاسی بەم شێوەیە بۆ گوڵان بۆچوونەکانی خستەڕوو:

کاتێك مرۆڤ تەماشای ئابووری کوردستان دەکات دەبینێ لەنێو تەکانێکی باشدایە و ئێستا پارەیەکی زۆر دێتە ناوەوەی کوردستان، بەشێکی ئەو پارەیە لە بەغداوە دێت و ئەوانی دیکە لەڕێی گرێبەستی ئابووری و بازرگانی و سەرمایەگوزارییەوە دێت. ئەمە جگە لەهاوکاری و کۆمەکی ڕێکخراوە ناحکوومی و نێودەوڵەتییەکان. واتە لەهەموو بارێکدا پارە لە دەرەوە دێتە کوردستان، نەك لەڕێی کارکردن و داهێنانی خەڵك. بەداخەوە ئەم ڕەوشە ساڵانێکە لە عیراق و هەرێمی کوردستان بەردەوامە، ئەگەرچی ئەو ڕەوشە لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەدی دەکرێت. بەڵام لەم نێوانەدا جیاوازی وڵات و هەرێمەکەی ئێوە لەگەڵ ئەو وڵاتانە بەهەدەردانە نەك خولقاندن. واتە لەبری کۆمەڵگایەکی ئەکتیڤ و داهێنەر، کۆمەڵگایەکی بێ بەرهەم و خنکاو سەرهەڵدەدات کە ڕۆحی داهێنانی تێدا مردووە. لەبەرئەوە وڵاتانی ناوچەکە نایانەوێ کورد ببێتە خاوەن کار و داهێنان، بەڵکو پلان و تاکتیکی ئەو وڵاتانە بۆ ئەوەیە ڕۆحی کارکردن و داهێنان لەنێو تاکی کورددا بکوژن. پێموایە مەسەلەی نەوت یەکێکە لەگەورەترین ئەو ئاستەنگانەی بۆ ئەوەی کورد نەبێتە خاوەنی ستاتۆی سەربەخۆیی خۆی. هەروەك دەزانین پێشتر زۆربەی خەڵك لە عێراق لە گوندەکان دەژیان و بەکاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵەوە خەریکبوون، بەڵام دواتر سەرنج دەدەین سیستمێکی وا هاتەکایەوە خەڵکی ناچار کرد لە گوندەکانەوە ڕووبکەنە شارەکان. دواتریش بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك-ی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە کایەوە. لەبەرئەوە ئێستا کشتوکاڵ لە لەناوچەکەی ئێوە زۆر قەڵس بووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر مەسەلەی ئینتیمای نیشتمانی و پاشەڕۆژی کوردستان هەیە. بۆیە پێویستە حکوومەت پلانڕێژی بکات بۆئەوەی خەڵك لە شارەکان بگەڕێنەوە گوندەکانیان و لەم ڕووە هانی جوتیاران بدات بۆئەوەی بەرهەمی خۆماڵی زیاتر بێت. دەبێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاگای لە مەسەلەی ئاسایشی خۆراك بێت و گرنگییەکی تایبەتی بە بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی بدات. حکوومەتی هەرێم دەتوانێ لە ڕێی سەرمایەگوزاری و پرۆژەی پێدانی قەرز بە هاووڵاتیان بە هۆی دانانی سیستمی بانکی بەهێز مانەوەی چینی ناوەڕاست بخاتە بن گرەنتییەوە. لەهەموو ئەگەرەکانیش ترسناکتر ئەوەیە، نەمانی چینی ناوەڕاست مەترسی سەرهەڵدانی رادیکالیزمی ئیسلامی بەهێزتر دەکات.

### نیکۆڵ فریتز بۆ گوڵان:

## سیستمی ئابووری بازاڕ و دیموکراسی کولتوورێکە هێشتا لەکوردستان نەشونمای نەکردووە



پەیوەست بەو پرسیارەی کە، ئایا چۆن بتوانین سیستمی ئابووری بازاڕ و دیموکراسی بونیادبنێین لە هەرێمی کوردستاندا، لەمبارەیەوە خاتوو نیکۆڵ فریتز، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سەنتەری دادگەری ئەفریقیای باشوور بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

گواستنەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە کولتووری دیکتاتۆریی و شمولییەوە بەرەو کولتووری لیبراڵ دیموکراسی پەیوەندی بە ئیرادەی لایەنە پەیوەندارەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە، هەر پارت و گروپ و لایەنێك ئیدعای لیبرالیزم و دیموکراسی و پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵگای هەڵگرتبێت پێویستە پابەندی بەڵێن و بەرنامەکانی بێت و دروشمەکان هەر قسە نەبێت، دواتر بەشداربووانی سەرجەم ئەم پرۆسەیە بیرۆکە و کولتوورەکە بەسەر دانیشتووان و کۆمەڵگادا بڵاودەکەنەوە، لەم سۆنگەیەشەوە هاووڵاتیان گرنگترین توخمن لە پرۆسەکەدا. بەدیدی من بونیاتنانی سیستمی ئابووری بازاڕ و دیموکراسی کولتوورێکە هێشتا لەکوردستان و عێراق نەشونمای نەکردووە. بۆیە سەرەتا دەبێ هەوڵبدرێ پایگەکانی ئەو سیستمە بەهێزبکرێت.

**نابێت کەس بگاتە ئەو ئەنجامەی کە دیموکراسی بە شێوەیەکی ناچاری پێکهاتووە لە چەند سیاسەتێکی بازاڕی ئازاد. لەبەرئەوە، دیموکراسی هانی پێشبڕکێی ئازادانەی بیروڕاکان و سیاسەتەکان و سەرکردەکان دەدات**